


# خوێندنەوەی شیکارانەی باندە مافیاییەکەی ئیتلاعاتی سپای مەریوان

**N.H_٢٠١٠**

## بۆ هونەرمەندێک  عەبدوڵا پەشێو

هەرچیت بیستووە دەربارەی «شێرپەنجە»و «گولی»و «ئایدز»
هەرچیت بیستووە دەربارەی مشکە پەردەدڕەکانی «بێریا»و «گێبلز»
هەرچیت بیستووە دەربارەی گورگەکانی «مۆسۆلینی»و سیسارەکانی «هۆنیکەر»
هەرچیت بیستووە دەربارەی شاڵاوی جرجی «تاعون»چێن، لێشاوی «مەغول»و «تەتەر»
بۆ پۆرترێتی دوژمنم؛ هەمووی لێکدەو هەزار هێندەی باوێژە سەر

لە کۆمەڵگەی ئادەمزادا نەکەی چاوی لێبگێڕی
بڕۆ لە ناو بێشکەیەکی پڕ دەرەختی «کرم»لێداو
لە هەوینگو جەنگەڵێکی هەتا کەمەر نوقمی «زەلکاو»
لەو «بوودڕ»و «زەندۆڵ»ـانەی وەتی هەن دوورن لە هەتاو
ورد ورد بگەڕێ سەرانسەر
چاو بگێڕە لە پیسترین «دڕندە»و «جرو جانەوەر»
بۆ پۆرترێتی دوژمنم؛ هەمووی لێکدەو هەزار هێندەی باوێژە سەر

**پێشکەشە بە:**

ـ رێکخستنی نهێنی حیزبەکان؛ چاوە بێدارو ئێشکگرەکانی گـەل لەم شەوەزەنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

ـ بنەماڵەو کەسوکاری قوربانیەکانی جاش هیـوا تابو سەرجەم ئەو کەسانەی ئەو خۆفرۆشە زیانی پێگەیاندوون

# ناوەرۆک

**نووسین لە سەر هیوای تاب؛ بۆ؟** ........................................ ٥
**جاش: بەسەرکردنەوەیەکی خێرا** ........................................ ٨
**مافیای سپای پاسداران:**
- دەستپێک ........................................ ١٥
- سەرهەڵدانی سپای پاسداران ........................................ ١٦
- جیهاد لە کوردستاندا ........................................ ١٧
- شەڕی عیراق ........................................ ١٩
- گەشەسەندنی سپا ........................................ ٢٠
- بەسیج ........................................ ٢٣
- سپای قودس ........................................ ٢٥

**سیاسەتەکانی سپا لە کوردستاندا** ........................................ ٢٧
**لۆمپەنیزمو کۆماری ئیسلامی:**
- پێناسەی لۆمپەن ........................................ ٣٤
- تایبەتمەندییەکانی لۆمپەن ........................................ ٣٥
- لۆمپەنو دەسەلات ........................................ ٣٦
- دەسەلاتی ئێرانیو لۆمپەنیزم ........................................ ٣٧
- کۆدێتای لۆمپەنی ........................................ ٤٠
- رژیمی ئاخوندیو لۆمپەنەکانی ئیمامزەمان ........................................ ٤٠
- کوردستانو بەکارهێنانی لۆمپەنەکان ........................................ ٤٣

**مەریوان ناوچەیەکی هەستیار** ........................................ ٤٥
**باندەکەی هیوا تاب**
- هیوا کێیە؟ ........................................ ٥٠
- باندی بەدڕەوشتیو موخەدەرات ........................................ ٥٢
- قاچاخ، تالان، کوشتوبڕ ........................................ ٥٧
- کلکی پێنجوێنو باشوور ........................................ ٥٩
- کارکردن لەگەڵ میتی تورکی ........................................ ٦١
- قوربانییە ناسراوەکان ........................................ ٦٢
- دوای گیرانی ........................................ ٧٤
- دەستگیر کراوەکان ........................................ ٧٧

**وێنەو بەلگەنامە** ........................................ ٨٠

## نووسین لە سەر هیوای تاب؛ بۆ؟

لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا تاکوو ئیستە لە سەر دیاردەی جاشایەتی بە گشتیو تاوانەکانی جاش یان جاشگەلێکی تایبەت، کاری جیددی نووسینو لێکۆڵینەوە ئەنجام نەدراوەو ئەوەی تا ئیستە کرابێت رەنگە هەر وتار یان دەقگەلێکی ناوخۆیی حیزبەکان بووبێو بەس. بەڵام لە باشووری کوردستاندا پێش لە راپەڕینو ئیستەیش (ئەگەرچی هەلومەرجێکی تا رادەیەک جیاوازمان بووەو هەیە) کتێبخانەی کوردی سەبارەت بە «جاش» ئەوەندەی ئەم دیو لاواز نیەو لەوێ نووسەری وامان هەیە کە قەڵەمەکەی تەرخان کردووە بۆ نووسین لە سەر جاشو بابەتی پەیوەندیدار بە جاشیزمەوە. جێی خۆیە کە لێرەیش ئەو رچەیە بشکێندرێو هیواداریین ئەم پەرتووکە رێگە بۆ کەسانێکیتر خۆشبکا بۆ ئەوەی کە تاوانەکانی کورد لە دژی کورد تۆمار بکەن.

بێگومان لە مێژووی کوردستان بە گشتیو بگرە شاری مەریوانیش؛ جاشی لە چەشنی هیوا تاب ملهوڕمان بووەو هیچیشیان لە سەر نەنووسراوە یاخۆ بەم شێوەیە [نووسینی کتێب لە سەر تاوانەکانیان] ناونیشانیان هەڵنەگیراوە. ئەمەیش بەو مانا نیە کە ناوو جینایەتەکانیان لە بیری خەڵکو مێژوودا نەمابێتەوە.

زۆمکردنمان لە سەر هیوا تاب بە هۆی ئەوەیە کە چەند تایبەتمەندییەک ئەم جاشە لە داشەهارەکانی دیکەی رژیم لە مەریواندا جیا ئەکاتەوە:

١ـسیستماتیک کارکردنی هیوا تاب لە ڕێگەی کۆکردنەوەو ڕێکخستنی کۆمەڵێک گانگستەر لە تۆڕێکی مافیایی سەر بە سپادا کە پێکهاتبوو لەو لۆمپەنانەی کە بە نەترسو لێهاتوو ناوبانگیان دەرکردبوو لە نێوان ئەم تاقمانەدا: موخەدەراتچییەکان، بادیگاردی دەوڵەمەنەکان، خوێڕیو چەقۆکێشو قاوەخانەییەکان، مەشروب فرۆشەکان، شۆفیرەکانی مەرز، بازاڕییە موخبیرەکانو..

٢ـهیوا تاب بە هۆی باندە لۆمپەنەکەیەوە وێڕای ئەوەی کە بە کردەوە نامرۆڤانەکانیان ڕواڵەتی دەرەکی مەریوانیان ناشیرین کردبوو؛ لە ناوخۆیشدا بۆ ماوەیەکی زۆر کەشو هەوایەکی ترسو تۆقانیان تێیدا دروست کردبوو.

٣ـئەگەر جاشەکانی دیکە تاوانەکانیان دانەو دوانو سیان بووبێ یان لە یەک یان چەند بوارێکدا زیانیان بۆ گەلو شۆڕشەکەمان بووبێ؛ پیاو بە زەحمەت بتوانێ ئاستو جۆری تاوانەکانی هیوا تاب دەستنیشان بکات.

٤ـوەک باوی هەر شۆڕشێکو سوننەتی حیزبەکانیشمان لە بەسزاگەیاندنی تاوانباران بە دەستی ڕۆڵەکانی گەل؛ بە داخەوە هیوا تاب ڕژیم خۆی گرتیو وا نیشان ئەدات کە تەمێی ئەکات.

بە نیسبەت مەریوانەوە هیوای تاب جاشێکی تایبەت بوو، ئەنفالچییەکی بە تەواو مانا کە بۆ سێ چوارساڵێک لە مێژووی ئەم شارەدا جێپەنجەی نەگریسی لە زۆر بواردا حاشاهەڵنەگر بووە، لەوانە: کەسابەتی مەرز، شەڕوشۆڕی سەر شەقام، کوشتوبڕی خەڵک لە لایەن هێزە نیزامیەکانەوە، بێسەروشوێن بوونی کەسانێک، باجگیریو بارمتە(گرەوگان)گیری لە دەوڵەمەنەکان، گیرانی چالاکانی مەدەنیو خەڵکی سڤیل، سەپاندنی حوکمی توند بە سەر زیندانیە سیاسیەکانو هتد. بەربڵاوی تاوانەکانی ئەو جەللادەو کەڵەکە بوونیان لەم سێچوار

ساڵەی دواییدا، لەوانەیە هەندێکیان لە بیرو زەینی جەماوەردا کاڵ بکاتەوە؛ هەر بۆیە پێویست بوو جینایەتەکانی تۆمار بکرێن، ئەگەرچی ئەم کتێبەیش بە زەحمەت توانیبێتی سەرجەم ئەو تاوانانەی بە دروستی پێکابێتو کۆی کردبێتەوە.

ئەم کتێبە بریتیە لە پێنج باسی: جاش، سپا، لۆمپەن، مەریوانو تاوانەکانی هیوا تاب. ئەگەرچی هەرکامێکیان پێویستی بە راڤەی وردو بابەتیانەی خۆی هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا: جاش وەک چینو کەسێتی تا رادەیەک شیئەکەینەوەو لەبەر ئەوەی کە لە کوردستانی ئێران (لەم سەردەمەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا) زەقترین دەرکەوتەی جاشیزمەکانی چەکدارو سیخورِ «بسیج»ـە کە ئۆرگانێکی گرنگە لە سپا، پێویستە وەک رێکخراوو سیاسەتەکانیشی لە کوردستاندا سپای پاسداران شرۆڤە بکەین. پاشان ئاورِێک لە لۆمپەنیزم ئەدەینەوە کە لەگەڵ جاشیزمدا ئاوەڵدوانەی یەکترینو زەمینەی بنەرِەتی گەشە سەندنی سپای پاسدارانیشە، دواتر تیشک ئەخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی مەریوانو ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی ئەوەی ئەم شارە لە لایەن رژیمەوە حسابێکی جیاوازی لە سەر بکرێو هیوا تابی تێدا قوت بکرێتەوە؛ لە ئاکامدا کارنامەی ئەو خۆفرۆشە ئەخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە بە هەندێک وێنەو بەڵگەوە.

N.H
٢٠١٠

## جاش: بەسەرکردنەوەیەکی خێرا

هەرچەندە لە نـاو هـەموو نەتەوەیەکـدا کەسـانێک هـەن کـە دەبنـە کۆسـپو لەمپـەر لـە پرۆسـەی خـەباتی رزگـاریخوازی یـان هەرچەشـنە بزاڤـێکی پێشکەوتنخوازانەی گەلەکەیاندا؛ بەڵام ئەم جۆرە کەسانە بە درێژایـی مێـژوو ئەگەریش بەرەورووی تۆڵـەو سـزا نەبووبنـەوە، ئـەوا لانیکـەم بـە چـاوێکی سووکو ریسواوە سەیر ئەکرێن.

خیانـەت بـە گـەلو نیشـتمان دیاردەیـەکی ناشـیرینی هـەموو کۆمەڵـگایەکی مرۆڤایەتیە. زۆربەی گەلانو شۆڕشە ئازادیخوازەکان لـە رەوتی خەباتیانـدا یان ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەو لە هەر دەرفـەتێکی لـەباردا بـە تونـدی بەرهەڵستی خیانـەتکاران بوونەتـەوەو بـە چەشـنێکی هێنـدە بـێبەزەییانـەو تۆقێنەرانە سزای خاینانیان داوە کە ببێتە عیبرەت بـۆ کەسـانی نـەفسنزمـی دیکەو بەم چەشـنە «هێڵـی سـوور» بـوونی خیانـەت لـە نـاو کۆمەڵـگاکەیاندا بپارێزن.

کوردەوارییەکەی خۆیشمان ئەم چەمکە دزێوەی ناو لێناوە «جاشایەتی» ئەم وشەیە لە بەرانبـەر «کوردایـەتی»دا بەکارئـەهێنرێت. کوردایـەتی رێبـازێکی پیرۆزەو بریتییە لە خەباتو چالاکی بۆ ئازادی نیشتمانی کوردستان یان هەر چەشنە تێکۆشانێک کـە بـە مەبەسـتی باشـتربوونی رەهەنـدەکانی ژیـان لـە کۆمەڵگای کوردیدا ئەنجام بدرێت. بە پێچەوانەیشەوە جاشیزم یان دیـاردەی

جاشایەتی ناشیرینو زەبوونەو هەموو کارو کردەوەیەک لە پێناو خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستانو رووشاندنی سیمای کوردایەتی، لەخۆئەگرێت.

لەمیانا پێناسەو نازناوەکان بریتین لە: رۆڵەکورد، نیشتمانپەروەر، شۆڕشگێڕ، ئازادیخواز، خەباتکار، پێشمەرگەو لە دواقۆناغو لووتکەدا: شەهیدبوون.

بەڵام لەویانا ئەم دەستەواژانە بە زەینا دێن: زۆڵەکورد، وەتەنفرۆش، بەکرێگیراو، خۆفرۆش، چڵکاوخۆر، ئەڵقەلەگوێ، جاشو لە ئاکامیشدا: تۆپینو کەوتنە بەر لەعنەتی مێژوو.

جاش* گرنگترین ئامرازە بە دەستی داگیرکەرانی کوردستانەوە بۆ دواخستنی شۆڕشو ئەنفالکردنی کورد بە هەر دوو شێوەکەی: ئەنفالی سوور(ژینوساید، کوشتوبڕ، کاولکاری)و ئەنفالی سپی(ئیلیناسیون، شەڕی دەرونی، تێکدانی شوناسو کەلتورو کەسێتی، ئەفیون) سەدان ساڵەحکومەتە دژە کوردەکان سیاسەتی دامرکاندنی شۆڕشەکانی کوردستانیان بە دەستی کورد گرتوەتەبەرو تێئەکۆشن رەخنە بکەنە ناو ریزەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئەم نیشتمانەو درزو دووبەرەکی بخەنە ناویانەوەو ئەمەیش دیسان هەر لە رێگەی جاشەوە مسۆگەر ئەبێت.

جیا لەمانەیش جاش گورزی دەستی دوژمنە بۆ شێواندنی شوناسو کەسێتی تاکی کورد، چەواشە کردنەوەی بەها رەسەنەکانی نیشتمانپەروەریو خۆشویستنی نەتەوە، بە فیڕۆدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی(فیکریو مرۆیی) وێرانکردنی نیشتمانو رەواجدانی بەدڕەوشتیو موخەدەرات لە کۆمەڵگای کوردیدا.

هەموو مرۆڤێکو تەنانەت ئاژەڵیش گەلو نیشتمانو هاولاتیو زێدی خۆی خۆشدەویو پارێزگاری لێوەدەکاتو گیانبازیشی لە سەر ئەکات؛ بەڵام جاش بە پێچەوانەی ئەو نەریتو یاسا سروشتیە، وە پێش بێگانە ئەکەوێتو دوژمن دێنێت بۆ وێرانکردنی نیشتمانو زیان گەیاندن بە هاوڕەگەزەکانی خۆی، هەر بۆیە غەدرێکی یەکجار گەورە لە جاشولکەو جاشەکەر کراوە ئەگەر بێتو

---

* ئینگلیزییەکەی: Mercenaryو بە فارسیش: مزدور.

ناوی خاینان بە نەتەوە لە بەچکەی کەرەوە وەرگیرابێت*. لەم سۆنگەیەوە ئەوان لەگەڵ حەیوانیشدا ناشوبهێن هەر بۆیە چاوەڕوانی هەر کردەوەیەکی دزێووو ناپەسەندیان لێئەکرێت. لە بەر ئەوەی کە بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان پێ گرنگترە لە بەرژەوەندیە گشتیو کۆمەڵایەتیو نەتەوەییەکان. لە پێناو پارەو پلەو هەر مەرامێکی تاکە کەسیدا (کە لە دوتوێیی پڕکردنی سکو ئارەزوو شکاندنی ژێرسکدا کورت ئەکرێتەوە) رەوشت، بەهاکانو کەرامەتی ئینسانیان دەخەنە ژێر پێ. گێرەشێوێنیو زیانەخرۆیی جاش بە چەشنێکە کە دەقاودەق لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا دێتەوە کە ئەڵێ: «کەری دێز حەز بە تۆپینی خۆیو زەرەری خاوەنەکەی ئەکات» واتە بە نرخی تەنانەت لەدەستدانی گیانی خۆیشیان قۆڵیان لێهەڵماڵیوە بۆ زیان گەیاندن بە کوردو بە نیشتمانی کوردستان.

لە فەرهەنگی عامەدا ئەم وشەیە هەر دەم لەگەڵ دەرکەوتەو هێمایەکی داگیرکەردا بەکار ئەهێنرێت، وەکوو: جاشایەتیو پاشایەتی، جاشو جەیش، جاشو پاسدار؛ ئەمەیش لەخۆیدا هەڵگری دوو مانایە:

- **داگیرکەر**: لە لایەکەوە وەکوو چاوساخو رێنماییکەر، لە لایەکیترەوە وەک پێشەنگو سپەری بەڵا لە هێرشکردنو داپڵۆسیندا کەڵک لە جاش وەرئەگرێو ئەیخاتە پێش هێزەکانی خۆیەوە. گومانیش لەوەدا نیە کە لە هەر لایەک بکوژرێ یان زیان ببینێ، هەر کوردەو جێی خۆشحاڵییانە.
- **جاش**: لە سەرێکەوە خۆکردن بە قوربانی داگیرکەرو گوێلەمستییان لە هەموو بابەتێک، جێگەو پێگەیان لە ناو سیستمی دەسەڵاتا بەرزتر ئەکاتەوە، تەنانەت جاری وا هەبووە کە لە پێشبڕکێی چڵکاوخۆریو

* هەروەها کە پێناچێت لە «جاشی تەڵاق خۆشکەرەوە»یشەوە گیرابێت چونکوو سەرەڕای ناشیرینی ئەو حیلە شەرعیە ئەم جۆرە جاشە ئەبنە هۆی ئەوەی کە شێرازەی بنەماڵەیەک لێکنەترازێو ژنو مێردو منداڵەکانیان سەریان لێنەشێوێ لە کاتێکدا جاش (بە مانای خیانەتکار) بەس کاری تێکدەرانە ئەنجام ئەدات. هەروەها ئەمانە(جاشی تەڵاق خۆشکەرەوە) نەبوون بە چینو توێژ، هەروەها لە ناو کۆمەڵگادا بە چاوی سووکەوە سەیر نەکراون.

ماسـتاوچێتیاندا بـۆ زیـاتر خۆشـیرینکردن لـه بـەرچاو ئەربابەکانیانـدا جاشـــێک جاشـــێکیتـــری کوشـــتووە. لـــە ســـەرێکیتـــرەوە بـــەو خڵتەوخوسوسیانە چەترێکی ئەمنیـەتی بـۆ خۆیـان دروسـت ئەکـەن بـە مەبەستی: ئازاردانی ناحەزو رقەبەرەکانیان، داوێن پیسی، باجسەندن لـە خەڵکو هتد.

ئەگـەر جاشـە کـورد وەپـێش خەڵخاڵـیەکان، چەمرانـەکانو بروجردیـەکان نەکەوتبا: تـۆ بڵـێیی لەشکرکێشـیەکانی داگیرکـردنی کوردسـتان(پاکسـازی) کۆتـایی١٣٥٨، حەملـەکانی والفجـر٤ بـەهاری١٣٦٢ و والفجـر٢ کۆتـایی زستانی١٣٦٦ کـە بوونـە هـۆی کـاولبـوونی نیشـتمانەکەمان، ئەوەنـدە بـە ئاسانی ئەنجام بدرایە؟ تۆ بڵێی پاسدارەکانی ئیمامزەمان ئەوەندە بە خێرایی ئەو شاخو داخانەیان بگرتبا؟ ئایا راوە پێشمەرگەو گیرانو ئیعدامی رۆڵەکانی ئەم گەلە بێ هاوکاری جاش مسۆگەر ئـەبوو؟ یـاخۆ رژیم ئەوەنـدە بـێخـەم پایەگاکانی لە گوندەکانی کوردستاندا چـیدەکـرد؟ ئـەو پایەگایانـەی کـە لـە هەندێ شوێندا لەوەڕەکەیشـیان بـە زۆرەملـی لـە خەڵـکی هـەژاری لادێکـان ئەسەندو زەختیان لێئەکردن کە شەوانە نگابانیان بدەن. کتومت وەک نـۆرە گایەلو نۆرە ڕان دەبوو خەڵکی ئاوایی تا رۆژ ئەبووەوە شوانیی ئەو جاشو جاشولکانەیان بکردایە، کاتێکیش رۆژ ئەبوەوە ئەو سـەربازانەی ئیسـلام لـە کۆلانـەکانی ناودێـدا دەسـتیانئـەکرد بـە قوتـەقوتکردنو چاوبڕینـە مـاڵو ناموسی خانەخوێ. زۆربەی هەرە زۆری رەئیس پایـەگاکانیش ژن یـا ژنـی دووهـــەمی خۆیـــان لـــە کچـــە جوانکیلـــەکانی ئـــەو دێهاتانـــە ئەســـتاند کـــە خزمەتـ(!؟)ـیان تێیدا ئەکرد. ئیستەیش کە زۆربەیان چۆڵ کراون هێشـتا هـەر مینەکانی چێندراوی دەوروبەریان رۆژانـە لـە خەڵـکی کوردسـتان قوربـانی ئەگرن.

جیا لەمانەیش زۆر جاران جاشەکان سوورتر بوون لە پاسدارە ناکوردەکـان بـۆ: سـووکایەتی بـە پێشـمەرگە شـەهیدەکان، شـێواندنی جـەنازەکانیان، راکێشانی تەرمیان بە دوای ماشـینداو گەڕانـدیان بـە نـاو شـارو دێهاتـەکانا،

ئـازاردانی بنەماڵـەو کـەس‌وکـاری پێشـمەرگەو تێکۆشـەرانی نێوخـۆی حیزبەکان‌و هتد.

جـا سـەیر لەوەدایـە کـە سـەرەڕای هـەموو خیانـەت‌و گەنەکارییـەکانیان، جاشـەکان فـەخر بـە خەڵـک ئەفرۆشـن‌و فیـزو شـانازی ئەکـەن بـە جاشایەتییانەوەو لەوپەڕی بێشەرمیدا پێیان وایە جاشـایەتی‌کردنیـان زامـن‌و گەرەنتی ئەمنیـەت‌و ئاسـوودەیی ژیـانی خەڵـکەو پـارێزەرانی راسـتەقینەی نیشـتمان(!؟) ئـەوانن. هـەردەم بـەپێکـەنین‌و خۆشحاڵـییەوە ئـەو حیکایەتـە ئەگێڕنەوە کە تاقمی پێشمەرگە بەناو موسوڵمانەکان لای خومەینیـدا گلـەییان لەوە کردبوو کە: پێیان ئەوترێ: «جاش» ئەویش لە جوابـا وتبـووی: «خـوب من هم جاشم، پسرم احمد هم جاشه، اصلاً همەمون جاشیم..»

داگیرکەرەکانی کوردستان چەندین دەستەو تیمـی جۆراوجـۆری تایبـەت بـە جاشیان لە ناو هـەموو چـین‌و توێژەکـانی کۆمەڵـگای کوردیـدا، تەنانـەت لـە مەدرەسەکان‌و لـە نـاو قوتابیانیشـدا دروسـت کـردوە. بـۆ ئـەوەی خەڵـک‌و شۆڕشەکەی لە یـەکتر دابـڕێ‌و هاوکێشـەو پەیوەندییـەکانی نـاو کۆمەڵـگای کوردی بشێوێنێ‌و درز بکەوێتە ناویانەوە؛ لەو جـاش‌و خۆفرۆشـانە هێزێکـی بەرینی جاسوسـی‌و نیزامیـان پێکهێنـاوە کـە لـە رووی پێگـەی کۆمەڵایـەتی، ئەرک‌و بەرنامەی کارییـەوە کـراون بـە چەنـدین بەشـی جیـاوازەوە لەوانـە: جاشیزمی چەکدار، جاشیزمی سیخوڕ(یـان جاسـوس‌و مـوخبیر)، جاشـیزمی ئاینی، جاشیزمی روناکبیر(یان جاش قەڵەم)، جاشیزمی ئەفیون‌و هتد.

لە ژێر کاریگەری زەبروزەنگ‌و پڕوپاگەندەی ئەو رژیمە کۆنەپەرستانەداو بە تایبەت سیاسەتی لاواز هێشتنەوەی ئابووری کوردستان خەڵکانێکی کاڵـفام‌و خراپەکار روویان لە ناوەندەکانی جاشگیری کردوەو بوون بە جـاش، بـەڵام هەرکام بۆ مەبەستێک‌و هەرکام بە بیانوویەکەوە:

- هەیە دوژمندار بووەو لە بەر ئەوە چووەتە ریزی جاشەوە.
- هەیە بێ‌عورزەو نەکەرکار بووەو گوایە بۆ نان بـووە بـە جـاش کـە بەشی هەرە زۆری جاشەکان لەم جۆرەن.

- هەیە فێڵی لێکراوەو نەخوازراو تووشی جاشایەتی بووە. واتە جاشایەتی بە جۆرێکیتر بۆ تاریف کراوە یان لە ترسی ئازاردانیەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە یان بۆ خۆدزینەوە لە سەربازیو شتی لەو چەشنە چووەتە ناویان.
- هەیە خوێڕی یان شەواڵپیس بووەو بۆ قەرەچناخیو چاوترسێنکردنی ئەموئەو چەکی جاشایەتی هەڵگرتووە.
- بەڵام هەیشە بە باوەڕەوە خیانەتکاری هەڵبژاردووەو خۆی لە جاشیزمدا دۆزیوەتەوە.

بەم پێیەش تەعامولو هەڵسوکەوتی جاشەکان لەگەڵ هەرکام لە: سیستمی جاشێتیو دەسەڵات، خەڵکی سڤیل، مەیدانەکانی شەڕو پێکدادان، پێشمەرگە شەهیدو دیلەکانو... یەکسان نین. ئەوانەی کە جەبرێکی عاتیقی، کۆمەڵایەتیو ماڵی کردونی بەجاش؛ لەگەڵ ئەوانەی هەر لە بیدەنی قوڕەکەیان بە خراپە شێلیاوە جیاوازن لە یەکتر. زۆربەی هەرە زۆری جاشەکان نە باش بوونو نە خراپ واتە حیزو بێمزەڕەت* لێی وەستاون. جاشی باشی وەهامان بووە کە ئەوپەڕی یارمەتی خەڵکو پێشمەرگەی داوە لە: کۆمەکی پێکردنی دیلەکان بۆ ئەوەی رژیم کەمترین ئازار یان حوکمیان پێدا بدات، رزگارکردن، پەنادانو بەهاناوەچوونەوە بگرە تا دەگاتە پشتیوانی لوجستیکیو گەیاندنی دەواودەرمان، چەکوچۆڵو خواردەمەنی بە حیزبەکان. تەنانەت لێیشیان گەڕاوەتەوە ناو سەنگەری پێشمەرگەو بە

---

* لە فەوجە خەفیفەکانی کوردستانی عیراقی سەردەمی بەعسدا جۆرە جاشێک هەبوو پێیان ئەوت «جاشی مێچکە» کە بریتیبوون لە کەسانێک کە کارتێکی جاشبوونیان هەڵئەگرتو هیچ خزمەتێکیشیان بە رژیم نەئەکرد، موچەکەیشیان موستەشارەکان ئەیانگرت بۆ خۆیان. ئەمانە بە هۆی ئەو کارتەوە ئەیانتوانی بە ئازادانە بگەڕێنو سەربازیش نەکەن. رێکخستنی نهێنی حیزبەکانی باشوور کەڵکێکی باشیان لەم دەرفەتە وەرئەگرت بۆ کاروباری حیزبی لە ناوخۆدا. بەڵام لە کوردستانی ئێراندا تەشکیلاتی جاشیزمی کوردی لە شێوەی عەشایریی چەکدار نیەو وشەی «حیزو بێمزەڕەت» باو نیەو لێرەدا تەنیا وەک ئاوەڵناوێک بە مانای بێخێرو بێزەرەر هاتوەو بە واتای«جاشی مێچکە» یان ئاوا چەمکێک نیە.

بەشداری لە خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا شـەرەفو ئابـڕوی تکـاوی خۆی سەندۆتەوە. کەوابوو نابـێ بـە یـەک چـاو سـەیری هـەموویان بکـرێ. ئەوانەی تووشی کەمترین خراپەکاری بوونە، بە داوای لێبـوردنو داننـان بـە هەڵەیاندا بێ هیچ ئەملاولایـەک ئـەتوانن بگەڕێنـەوە باوەشـی نەتەوەکـەیان. ئـەوە تـەنیا دەرسـەدێکی کـەمیانن کـە ئەشـێ وەک تاوانبـارو خـاینو جینایەتکاری جەنگی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێو بە سزای خۆیان بگەیەنەوە. نەمانی فیزیکی حیزبەکان لە نـاوخۆداو قـەتیس‌مانـەوەیان لـە ئوردوگاکـانی کوردستانی عیراقدا زەمینەیەکی لـەبار بـوو بـۆ رژیم کـە جاشـایەتی پـەرە پێبداتو لە هـەموو رەهەندێکـەوە رەواج بـە جـاش بـدات. دوورکەوتنـەوەی ئوپوزوسـیۆن لــە ناوجەرگــەی کۆمەڵــگادا بــووە هــۆی ئــەوەی ســزاو لێپرسـینەوەی پێشـمەرگە لــە جــاش کــاڵو کاڵــتر ببێتــەوەو تــا ئاسـتی هەڕەشەکردنو ناوهێنانیان لە رادیـۆو راگەیەنـدراوە حیزبیەکانـدا دابـەزێت، هاوکات لەگەڵ ئەمەیشـدا رژیم بـە هـەموو هێـزو توانایەکیـەوە تێکۆشـا بـۆ ئەوەی جاشێتی بکا بە نەریتو لە بەرچاوی خەڵکدا ئاسایی بکاتەوە.

# مافیای سپای پاسداران

**دەستپێک**

لەوێوە کە ئایینی ئیسلام دوومەزهەبی سەرەکی شیعەو سوونن هەیە، ئیسلامی سیاسیش بە دووبەشی (شیعی شۆڕشگێڕو بزووتنەوەی ئیسلامی) بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لێکچووو جیاوازەوە دابەش ئەکرێت.

لەبەرئەوەی شیعەکان لە دیندا ڕادیکاڵترن، ئیسلامە سیاسییەکەیشیان لە هی سوننیەکان مافیاییترە. بە پێچەوانەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان ـجگە لە سەلەفیی جیهادی ـکە پێیان وایە ئامانجە سەرەکییەکەیان؛ واتە پێکهێنانی حکوومەتی جیهانی ئەڵڵا لە سێ قۆناغی ١.چاکسازی تاکەکان ٢.چاکسازی کۆمەڵگا ٣.چاکسازی حکوومیدا جێبەجێ ئەبێت؛ خومەینی وەک گەورەترین تیئۆریسیەنی شیعی شۆڕشگێڕ هەر لە سەرەتاوە دروشمی «چاکسازی حکوومەت؛ پاشان چاکسازی کۆمەڵگا»ی بەرزکردەوەو لە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی پەهلەویدا هەلومەرجی لەبار بۆ بەکردەکردنی ئەم دروشمەو باقی ئامانجەکانی تری خومەینیو ئیسلامە شۆڕشگێڕەکەی ڕەخسا.

ڕەوایی ئەو کوشتوبڕو جینایەتانەی کە لە ساڵی١٣٥٧ەوە لە ئێراندا کراو حکوومەتی ئێران لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانیدا کردی، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم بیرۆکەیەی شیعی شۆڕشگێڕ؛ واتە قۆرخکردنی دەسەڵات وەک یەکەم هەنگاوی ئەنجامدانی ریسالەتە دینییەکەیان.

## سەرهەڵدانی سپای پاسداران

پاش ئەوەی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران دژی رژیمی پاشایەتی بەلاڕێدا بــرا، بــە ماوەیــەکی کــەم دوای هاتنەســەرکاری زیرەکانــەی داروودەستەی خومەینی؛ لە ئیئتیلافێکی نێوان هەر سێ رێکخراوی چەکدارو توندڕەوی نزیک بە رەوتی خومەینی ١: پاسا بە سەرکردایەتی محمد منتظری ٢: گارد انقلاب بە سەرکردایەتی عباس آقازمانی(أبوشریف) کە رێکخستنێکی نهێنی ناو نیزامیەکان بوو ٣: لقی نیزامی سازمان مجاهدین انقلاب بە سەرکردایەتی محمد بروجردی رۆژی ٥٧/١٢/١٩ لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەشداری: لە هەر رێکخراوێک ٣ کەس‌و سیانی‌تریش راسپێردراوی تایبەتی خومەینی بۆ ئەو مەبەستە، سپای پاسداران دامەزراو تا بەهاری ١٣٥٨ کە لە دەوڵەتی کاتی جیابووەوەو چووە ژێر رکێفی رێبەرەوە، ئیدارەیەکی سەر بە شۆرای ئینقلاب‌و دەوڵەتی کاتی بوو.

٥٨/١/١٢ لە هەڵبژاردنێکی نادیموکراتیکدا «کۆماری ئیسلامی»یەک کە تەنیا خومەینی‌و هەندێک لە نزیکانی ئەیانزانی چییەو خەڵکی چاوبەسکراوی ئێرانیش پێیان وابوو هەرچی بێت لە رژیمی پاشایەتی باشترە، بە گوایە لە سەدا ٩٨ی دەنگەکان هەڵبژێردرا.

خومەینیسم کە رەوایی یاسایی خۆی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا ئەدی، بۆ خۆسەپاندنی لە ئێرانداو بۆ (صدور انقلاب) هەستا بە گۆڕینی هاوکێشەکان‌و دەستێوەردانی هەمەلایەنەی ئێران. لە یەکەم هەنگاوداو چەند رۆژێک دوای هەڵبژاردن، ٥٨/٢/٢ «سپاه پاسداران انقلاب اسلامی» کە پێشتر دامەزرابوو،

راگەیەندرا. بە ئیمکاناتی دەوڵەتەوە خێرا پەرەی سەندو لە هەموو شارەکانی ئێراندا بنکەی داناو بە لێشاو ئەندامی وەرگرت. ئەم رێکخراوە هەر وەک بە ناوو دروشم [واعدوا لهم مااستطعتم من قوە]ەکەیەوە دیارە ئامانجی پاراستنی ئەو شۆڕشە گوایە ئیسلامییەیە کە ئەگەرچی لە ئێراندا سەریهەڵدا بەڵام سنوور بێمانایە لایو ئەرکی سەرەکیشی کۆکردنەوەی هێزو پێداویستیو بەگشتی ئامادەکارییە بۆ بنیاتنانی «حکومت جهانی الله» بەم پێیەش ئەو تواناو دەسەڵاتە وەرئەگرێت کە نەتەنیا لە ئێراندا هەموو کاروباری سیاسی، نیزامی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو... بگرێتە دەست؛ بەڵکوو هاوکات لە ئاستی نێونەتەوەییدا باڵی دەستوەشێنی خومەینیسم بێت.

## جیهاد لە کوردستاندا

لە پاش رووخانی رژیمی پاشایەتیو دامەزراندنی حکومەتی کاتی چەند جارێک بەرپرسانی ئەو حکومەتەو سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستان(٥٧/١١/٣٠ مهابادو ٥٨/١/١ سنە)و هەروەها تارانو قومیشدا هەندێک دانیشتنیان هەبوو بەڵام بێئاکام مایەوەو رژیم حازر نەبوو هیچ مافێک بە گەلی کورد بداتو ٥٨/٥/٢٨ خومەینی فتوای جیهادی دژی کورد راگەیاندو دەستووری بە هەموو هێزە نیزامیەکان تەنانەت بە هێزی دەریاییشەوە دا کە هێرش بکەنە سەر کوردستان* بەڵام کوردستان بوو بە گۆڕستانیانو هێزی پێشمەرگە شکستێکی شەرمەزارانەی پێهێنان. هەر بۆیە ٥٨/٨/٢٦ خومەینی ناچار بوو بە فەرمی شەڕ رابگریو «غائلە کردستان» بە جۆرێکی دیکە(!؟) چارەسەر بکات. دیسانەوە دانیشتنەکانی «هیئت حسن نیت»ی دەوڵەتی کاتیو نوێنەری تامالاختیاری خومەینی

---

* خومەینی بە درێژایی تەمەنی نە بۆ شاو رژیمی پەهلەوی، نە دواتریش بۆ رژیمەکانی: بەعسی عیراق، عەرەبستانی سعودی، ئیسرائیل، ئەمریکاو هتد دەستووری «جیهاد»ی نەداو تەنیا دژی کوردی موسوڵمان ئاوا فتوایەکی دەرکرد.

«آیـەالله کرمــانی» لەگــەڵ ســەرکردایەتی شــۆڕش دەســتی پێکــردەوەو داخوازییــەکانی نەتــەوەی کــوردیش لــە قاڵــبی بەیاننامەکــەکانی: «لیژنــەی نوێنەرایــەتی گــەلی کــورد»و «حیــزبی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران» رەوانەی پایتەخت کران. لە شەڕی هـاوین_پـاییزی ١٣٥٨دا کـە لـە مێـژووی کوردستاندا بە «**شەڕی سێ مانگە**» ناسراوە، سپای پاسداران بە فەرماندەیی مستەفا چەمرانەوە هاوکات لە چەندین جەبهەوە یەکەمین ئەزموونی نیزامـی خـۆی تـاقیکردەوەو ئەڵـبەت شکستیشــی تێـداخوارد. ئەگــەرچی خۆیــان هۆکارەکـانی ئـەم شکسـتە ئەگێڕنـەوە بـۆ: نائامـادەیی نیزامـی بـرادەرانی پاسدار، ناشارەزاییان بەشاخو داخەکانی کوردستان، پشتیوانی ئیسـتیکباری جیهانی(!؟) لە هێزی پێشمەرگەو هتـد؛ تـاکوو دۆڕانەکـەیان ئاسـایی بنوێنـێ، بەڵام بەپێی ریسالەتە پیرۆزە دینییەکەی سپاو بەتایبـەت جێبـەجێ نـەبوونی فەرمانەکــەی «حــەزرەتی ئیمــام» کــە کۆتــایی هێنــان بــوو بــە (غائیلــەی کوردستان) چەندە دۆڕانێکی تاڵو سەرشۆڕانە بوو بۆ سپا ئەوەندەیش بـوو بە هۆی ئەوەی بۆ هەمیشە رقو قینێکی زۆر لە گەلی کورد بچێتە دڵی سـپاو رژیمی خومەینیەوە. بۆیە تا نەورۆزی ١٣٥٩و دەست پێکردنەوەی شەڕ، بـە پڕوپاگەندەو ناشیرینکردنی رواڵەتی گەلی کورد بە شێوەگەلی جۆراوجـۆر وەک: شێواندنی تەرمی کوژراوەکانی ئەم شەڕە لە کـاتی تـەحویلدانـەوەی بە کەسوکاریاندا بـۆ چانـدنی تـوی رقو نـەفرەت لـە کـورد، بـە: پیـاوکوژ، سەربڕ، جوداییخـوازو دژەشـۆڕش ناسـاندنی لای گـەلانی دیکـەی ئێرانـدا، تێکۆشا بۆ ئەوەی لە زەینیەتی خەڵکی ئێراندا شەرعیەتو رەوایـی ببەخشـێ بـە داگیرکـردنی کوردسـتان. هـەر بۆیـە لـە مـاوەی ئـەو چەنـد مانگـەدا تـا دەسـتپێکردەوەی شــەڕ نەتــەنیا دەرفــەتی خۆســازدانی بـۆ پــەلاماردانێکی بــەرینتر پەیـداکرد، بەڵـکوو فێڵـبازانەو بـۆ باشـتر بەگژاچوونــەوەی هێـزی پێشمەرگە، لە لایەکەوە: لە قاڵبی «سـازمان پیشـمرگان مسـلمان کـرد»دا بـە

شێنەیی دەستیکرد بە وەرگرتنو چەکدار کردنی جاش لە کوردستاناو لە لایەکی تریشەوە سپاو ئەرتەش* ڕێکەوتن بەوەی ئەمجارە دووقۆڵی بدەن لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانو ئەوە بوو لە شەڕێکی نابەرابەری پێنج ساڵەدا (١٣٦٤-١٣٥٩) بە بڕوای خۆیان، کوردستانیان لە کوفر پاکسازی کرد.

سەرەڕای تێپەڕبوونی ٣١ ساڵ لە فتوای جیهادی خومەینی هێشتا حوکمی ئەو فتوایە لای سپادا بەتاڵ نەبوەتەوەو وێڕای میلیتاریزە کردنی کوردستان، وێرانکردنی ئەم نیشتمانە، بەگرتدان، شکنجەو شەهید کردنی دەیانو سەدان تاکی کورد؛ ئەمڕۆ لە قاڵبی ئاگردانی ژینگەو سوتاندنی دارستانەکانی وڵاتمان هەر لە ماکۆوە تا دەگاتە مووسیان، بڵاوکردنەوەی موخەدەراتو بەدڕەوشتیوهتد، جیهادی «لەشکری موخلیسی خوداو سەربازەکانی ئیمام زەمان» لەگەڵ گەلی کورددا بەردەوامە.

## شەڕی عیراق

لە گەرمەی شەڕی کوردستاندا بوو کە شەڕی عیراقیش دەستی پێکرد، سپا لەو شەڕەدا شانبەشانی ئەرتەرش جەنگاو زۆر جاریش بە تەنیایی ڕووبەڕووی دوژمن ئەبووەوە. ئەم هێزە میلیشیا بێتەجرەبە_بێدیسپلینە ئەگەرچی لە ئەم دوو شەڕەدا ئەندامی زۆری بە (درجە رفیع شهادت) گەیاند، بەڵام بە دانانی بنکەکانی (پایگاە مقاومت بسیج) لە هەموو شار و دێکانی ئێراندا بەسیجی تازەی وەرئەگرتو دوای سووکەڵە ئاموزشێکو زۆر جاران بێ ئەو بارهێنانە ساکارەیش ڕەوانەی (جبهەهای نبرد حق علیە باطل)ی ئەکردنو بەم شێوەیە قەرەبووی ئەو هەزاران کواژراوەی ئەکردەوە.

---

* فەرماندەی ئەرتەش بۆ داگیرکردنی کوردستان سەرهەنگ سەیادی شیرازی بوو کە چەند ساڵێک لەمەوبەر موجاهدین خەلق لە تاراندا کوشتی.

سپا له ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا له رووی چالاکیی نیزامییەوه جێگەی بە ئەرتەش تەنگ کردو به شێوه گەلی جۆراوجۆر هەوڵیدا بۆ لاوازکردنی تا ببێتە گەورەترین هێزی چەکداری ئێران. بۆ نموونە دوو رۆژ دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران_عیراق دەیان فەرماندەی پلەبەرزی ئەرتەش لە فەرماندەیی ناوچەی رۆژئاوادا کە بە فڕۆکە لە کرماشانەوه بۆ تاران ئەچوون هەر له ئاسماندا سپا لێیدانو هەموویان کوژران.

هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە: ١_ ریسالەته دینییەکەی ٢_سەرکەوتنه گەورەو بچووکەکانی لە شەڕەکانی کوردستانو عێراقدا، بە ئاشکرا دروشمی رزگارکردنی قودسی لەرێی کەربەلاوه بۆ دانانی حکوومەتی ئەللای له جیهاندا بەرز کردبۆوه که له راستیشدا فەلسەفەی دامەزرانی سپا هەر ئەم مەبەستەیەو هەموو هەوڵو تێکۆشانه ئاشکراو نهێنییەکانیشی بۆ ئەو شتەیە. بەڵام هاوکێشه سیاسییەکانی ناوچە نەتەنیا ئەو خەونەی بۆ بەدینەهێنان بەڵکوو لە دوای تەواوبوونی شەڕی ئێران_عیراقەوه نەیانتوانیوه بە ئاشکرا باسی ئەو «ئامانجه موقەددەس»ەیشیان بکەن.

## گەشەسەندنی سپای پاسداران

سپا که له سەرەتای دامەزرانیەوه بۆ ماوەیەک به رەسمی وەزارەتێکی ناو کابینەی دەوڵەت بوو، له زەمانی شەڕدا به کردەوه رۆڵی وەزارەتی شەڕی له ئەستۆ بوو، پاش تەواوبوونی شەڕ وەکوو هێزێکی میلیشیا لە چارتی هێزه چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو بە یەکێک لە سێ کوچکە بنەڕەتییەکان. ساڵی١٣٧٢یش کرا به پێنج هێزی جیاجیاوه که بریتی بوون له:

١-نیروی هوایی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی (نهسا)
٢- نیروی دریایی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی (ندسا)
٣- نیروی زمینی سپاه پاسداران انقلاب اسلامی (نزسا)
٤-نیروی مقاومت بسیج سپاه پاسداران(نمسا)
٥- نیروی قدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی (نقسا)

ساڵـی ١٣٨٧ فەرمانـدەی گشـتیی سـپا محمـدعلی جعفـری هەنـدێک گۆڕانکاری لە پەیکەرەی ئەم ڕێکخـراوەدا ئـەنجام داو سـپای ئوسـتانیی پێکهێنا کە تیایدا نمساو نزسا بە ڕواڵەت تێکەڵ کراون بەڵام بـە کـردەوە هەرکامیان وەک پێشوو دوو ئیدارەی جیاواز لـە یـەکترن‌و هـەر بەشـەو کاری خۆی ئەکات.

ئـەم هێزانـە فەرماندەییـەکی هاوبـەش بـە نـاوی(سـتاد مشـترک سـپاه پاسـداران انقـلاب اسـلامی) کۆیـان ئەکاتـەوەو لەگـەڵ ئەرتـەش‌و پۆلیس(ژاندارمێری ئەوسا کە ئیستە نیروی ئینتیزامیە) ستادی هاوبەشـی هێـزە چەکـدارەکانی وەزارتی شـەڕ(بـەرگری) پێکـدێنن‌و لـە ژێـر چاوەدێری‌و فەرمانی خامنەیی(فرمانده کل قوا)دان.

لەبەر ئەوەی مۆرکی ئایینی‌و شوناسی دینی_ئێرانی بە هـەموو شـتێکی سپاوە دیار بێت، سەرجەم ئارم‌و دەرەجەکانی هێمایـەکی ئیسسـلامییان پێوەیە: دوو لا بە نیشانەی(لاشرقی لاغربی جمهوری اسلامی)، یەک لا بە نیشانەی (لااله‌الا الله)، ئـارمی (الله)ی نـاو ئاڵاکـەی کۆمـاری ئیسـلامی، هیلالی مانگ، ئەستێرەی ٦و٨گۆشە. هەروەها نازناوی ئـەمیرو سـەردار بۆ پلە ژەنڕاڵییەکان، ناوی فارسی بۆ سـەربازو ئەفسـەرەکان، پاشـگری (پاسدار) لە سەرجەم دەرەجەکاندا. دواتر هەموو ئەم ناونیتکانـە (بێجگـە لە پاشگری پاسدار) لە جل‌وبەرگ‌و پلەکانی ئینتیزامیشـدا بـەکارهێنران‌و بۆ سپاییزە کردنیشی فەرماندەکانی سپا ئاخنرانە ناو نیرو ئینتیزامییەوە، بە تایبـەت پۆسـتە گرنگـەکانی‌و تەنانـەت بەرپرسـی گشـتی ئـەم هێـزە کابرایـەکی کۆنـە سـپاییە. لقـی (عقیـدتی سیاسـی)یـش هـەر بـۆ ئـاوا مەبەستێک لە ناو ئەرتەشدا دانرا.

پاش تەواوبوونی شەڕو بۆ گەشەیەکی هەمەلایەنەو ڕەنگە دروستتر بێت کە بڵێین بۆ خۆسـەپاندنێکی رەهـا، سـپای پاسـداران دەیـان کۆمپـانی‌و ئۆرگانی زانستی، فەرهەنگی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بنیاتنا یان هـەموو یاخود زۆربەی سەهمەکانیانی کڕی‌و رەخنەی تێداکرد. سپا بە هۆی ئەم

ناوەندانەوە وەک شێرپەنجە گەشەی سەندو هەموو پەیکەرەی ئێرانی گرتەبەر. لەوانە: زانکۆی ئازادی ئیسلامی-زانکۆکانی کوڕانی ئیمام حسەینو کچانی ئەلزەهرا-مرکزتحقیقات و مطالعات فضانوردی لە کەرەج-مۆبایلی ئێرانسڵ-شرکت مخابرات ایران-فرۆشگای زنجیرەیی مصرف بسیجیان (یاس)و فرۆشگای گەورەی (اتکا)-بنیاد١٥خرداد کە ئەمیش فرۆشگایەکی گەورەیەو بڕیاریشە خەڵاتی کوشتنی سەلمان روشدی نووسەری کتێبی ئایەتە شەیتانیەکان بدات-باشگاە ورزشی پیروزی کە تیمی بەناوبانگی فوتباڵی پرسپولیس هی ئەوە-آستان قدس رضوی کە بریتییە لە رۆژنامەی قدس، چەندین کارخانەی گەورەو بچووکی خۆراکی، چەند هوتێلی ٤و٥ئەستێرە لە مەشهەدو... -زۆربەی کۆمپانیاکانی تواندنەوەی ئاسن و پۆڵا-سەرجەم کارخانە پیشەسازییەکانی پترۆشیمیو ئەتۆمی-دەیان گۆڤار و رۆژنامەو ماڵپەڕی ئەنتەرنێتی- موسسە مالی و اعتباری بنیاد کە بانکەو کاروباری بازرگانیش ئەکات- بانکەکانی: نصر، انصارالمجاهدین، مهر(قرض الحسنە بسیجیان) - بنیاد مستضعفان و جانبازان کە نۆشابەی زمزمو دەیان کۆمپانیتر بەتایبەت لە بوارەکانی رێگاوبان، پیشەسازیو بیناسازیدا لە خۆ ئەگرێت-فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی خومەینی لە تاران-شرکت راهسازی نصر-شرکت مهندسی نفت و گاز سپانیر-شرکت راە ساحل-قرارگاە سازندگی خاتم‌الانبیا-موسسە عمرانی ثامن‌الامە-گروە خودروسازی بهمن کە چەند جۆر وانێتو کامیۆنێت دروست ئەکات-گروە خودروسازی فتح کە هەموو جۆرە ماشینی قورسو سووک بۆ سەرجەم هێزە نیزامییەکانی ئێران دروست ئەکاتو چەندینوچەند کومپانیو رێکخراوی دیکە.

**بەسیج**

هێزەکانی ئاسمانیو دەریاییو زەوینی سپا گوایە بەرپرسن لە پارێزگاری خاکو بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی، وەک چۆن ئەو سێ هێزە لە ئەرتەشدا ئەرکی بەرگری لەو سێ سنوورەی ئێرانیان لە ئەستۆدایە؛ بۆ ناوخۆو لە راستای چاکسازی کۆمەڵگادا (وەک پێشتر باسی کرا) نیروی مقاومت بسیج سپاه پاسداران انقلاب اسلامی(نمسا)ی جاران کە ئیستە لە هەر ئوستانێکدا ناوێکی هەیە؛ وەک وەلامێک بە ئەو قسەیەی خومەینی دامەزراوە کە ئەڵێت: ئەگەر ئەرتەشێکی ٢٠ ملوێن کەسیمان ببێت هیچ هێزێکی جیهان توانای رکابەریمانی نابێت (جەنابی ئیمام ئەم فەرمایشتەی لەگەڵ هاتنە سەر دەوری رژیمی کۆماری ئیسلامیدا فەرموو کە ئەو کاتە رێژەی سەرجەم دانیشتووانی ئێران تەنیا ٣٦ملوێن کەس بوون!)

ئەرکو ئامانجەکانی هێزی بەسیج بەم شێوەیە پولێن کراوە: ١-گەیاندنی رێژەی بەسیجەکان بە٢٠ ملوێن کەس (کە هێشتا زۆری ماوە بۆ نیو ئەوەندەیش) ٢-لە کاتی شەڕدا ناردنیان بۆ جەبهەو لە باقی کاتەکاندا رێکخستنیان لە گوردانەکانی پیاوانەی عاشووراو ژنانەی ئەلزەهراو زیرەکو لێهاتووەکانی ئەم گوردانانەیش[بێگومان بۆ ئامانجی تایبەت] رێکخستنیان لە گروهانە ئیحتیاتەکانی پیاوانەی سارولڵاو ژنانەی کەوسەرو بۆ ئامانجی تایبەتتری وەک تیرۆری ناحەزان، هەستەکانی (حزب الله)و (انصار حزب الله) ٣-کاروباری ئاسایش: دانانی پرسگەو بازدید لە رێگاکان یا ناوشاردا_سەرکوتکردنی (آشوبهای شهری) بە ناو (بسیج مردمیو لباس شخصیو گروه فشار)ەوە_جاسوسیو راپۆرتلێدان لە ژێر ناوی(اطلاعات مردمی)دا_ستادەکانی (امر به معروف و نهی از منکر) کە گوایە بۆ بەرگری لە گەندەڵیە کۆمەڵایەتیەکانو بەتایبەت داوێنپیسییە ٤-پاراستنی یەکرێزیو بردنە سەرەوەی ورەو برەوپێپدانی فەرهەنگی بەسیج بوون لە رێگەی راگەیاندنە گشتییەکانو ناوەندەکانی بەسیج(وەک کانونی فەرهەنگی مزگەوتو حسەینیەکان، دانانی خولی فێرکارییە هونەریو وەرزشییەکان، هەیئەتەکانی

عــەزاداری لــە بۆنــە مەزهەبیەکانـدا، (دارالقـران)ەکـان بـۆ وتنــەوەو کێبــەرکێی قورئانی) ٥-فریاگوزاریو ئاوەدانکردنەوە (بیناسازیو ڕێگاوبانو بوومەلەرزەو بەرەوڕوو بوونەوەی نەخۆشیینی لە چەشنی فلـج اطفـال، سـورێنجە، کەوتـەیی) ٦-پارێزگاری لە کەسایەتییە حکوومییەکانو شوێنە گرنگەکان.

نمسا(کە ئیستـە بریتیـە لـە سـتادی سپای ئوسـتانەکان) بەسـیج وەر ئـەگریو پەروەردەی ئایدۆلۆژیو نیزامی ئەکاتو لە رێکخستنە جۆراوجۆرەکـانی خۆیـدا رێکیان ئەخات. خودی بەسیج بوونیش ئەگەرچی کـاتی شــەڕ بـەو چەکدارانــەی سپا ئەوترا کە خۆبەخش نەک بـەزۆرەملی ئـەچوون بۆشــەڕ، بـەڵام دوای شــەڕ مانایەکی تری هەیەو بریتییە لەو کەسەی بـۆ پاراسـتنی ئامانجـەکانی شۆڕشـی ئیسلامی ئامادەی هەر چەشـنە چـالاکیو گیانبازییەکـە. رێکخسـتنەکانی بەسـیج هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا ئەگرێتەخۆی وەک: کرێکاری، بازاڕی، ئیداری، قوتابی، خوێندکاریو هتد. لەم تەشکیلاتانەدا ئەگەر ئەندام لە ئەندامێتی سـادەوە بەپێی هەندێک دیسیپلینی ناوخۆیی سپا ببێتە ئەندامی چالاک(فعال)، جا ئـەو کاتـە بۆی هەیە چەکیش هەڵبگرێتو بەرەبەرە پلەکانی(رزمندە)و (رزمجو)و (دریادل)، (مجاهـد)و سـەرەنجام (ویـژە) تێپـەڕێنێ. ئامـانجی سـەرەکی لـە دانـانی ئـەم دەرەجانــە بەکارهێنانیانــە بــۆ کاروبــاری جاسوســیو ســەرکوتی راپەڕینــە جەماوەرییەکانو بڵاوکردنەوەی موخەدەراتو... بە بێ پاداشێکی ئەوتۆی ماڵی، مەگەر (بسـیج ویـژە)کـان کـە موچـەو مانگانەیـەکی زۆریـان هەیـەو سـاپۆرتی هەمەلایەنەیان لێوەئەکرێت بەس ئەوەی هەیە تایبەت ئەکرێن بۆ تیرۆر لە نـاوخۆ یا دەرەوەو بۆ جاسوسیو پـیلان گێـڕی لـە نـاو ریزەکـانی ئوپۆزۆسـیۆندا. لــە بەرانبەر خزمەتگوزارییەکانی بەسیج (ئەو تاقمەی کە خومەینی بەخێڵی بـە پلـەو پایەیان ئەباتو خامنەیی بە شـانازییەوە چەفیەکـەیان لـە مـل ئـەکات) سـەرجەم دامو دەزگـا حکومییــەکان بەرپرسـن لــەوەی بـە باشـترین شـێوە کاروباریـان راپەڕێنو کابینەی دەوڵەتو پاشان پارلمـانیش ساڵـی ١٣٧٣لـە (قـانون حمایـت قضایی از بسیجیان)دا مەسوونییەتی قەزاییانی پەسەند کرد واتە بە فەرمی دانی بەوەدا نا کە تاقمی بەسیجیو سپایی لە سەرووی لێپرسینەوەو قانوونەوەن.

## سپای قودس

نیروی قدس سپاه پاسداران انقلاب اسلامی(نقسا) له پێناو رزگارکردنی قودس‌و دانانی حکومەتی جیهانی ئیسلامدا دامەزراوەو بۆ ئەو مەبەستەیش چالاکی ئەنوێنێت. سەرجەم ئەو کاروبارە جاسوسی‌و دەستێوەردانانەی کۆماری ئیسلامی له دەرەوەی سنوورەکانییەوە ئەیکات واتە تیرۆری نێودەوڵەتی ئێران، له رێگەی ئەم بەشەی سپاوە ئەبێت. بنکەی ئەم هێزە له هەردوو دیوی کوردستاندا ناوی قەرارگا رەمەزانە. ئەندامە ئائێرانییەکانیشیان کارتی سپایان هەیە (بۆ نموونە پایگاه بلال سپاه بدر، ئەبێتە لقی کوردستانی مەجلیس ئەعلای عیراق) هەروەها ماف(مانگانە، خانوبەرە، ئیمتیازی وامو...)ی زیاتر له پاسداری هێزەکانی‌تری سپایان پێئەدرێت.

دابینکردنی سەرجەم یارمەتی‌و ساپۆرتی ماڵی، نیزامی‌و تەبلیغی(مجلس اعلاء انقلاب اسلامی‌و باقی رەوتە شیعەکانی عراق)و حزب الله لبنان[رەنگە لێکچوونی ئارمیشیان* و ئەمەی کە هی هەرسێکیان ئایەتێکی جیهادی‌و گۆی زەوی‌و چەکێک بە دەستەوەو گوڵە گەنمێکی تیایە، فرەیش رێکەوت نەبێت!]و پشتیوانی لە حەماس‌و ریکخراوی جیهادی ئیسلامی فەلەستین‌و ئیسلامە سیاسییە کوردییەکان‌و حیزبە ئیسلامییە تازەو کۆنەکانی ئەفغان‌و شیعەکانی پاکستان، یەمەن‌و عەرەبستان‌و هەروەها ئیسلامییەکانی تورکیاو بۆسناو چیچان‌و... لە ئەرکەکانی نقسایە.

تیرۆرەکانی دەرەوەی سنوور (وەک لە پەروەندەی شەهیدکردنی قاسملووو شەرەفکەندیدا، ئاشکرا بوو) کاری ئەم بەشەی سپایە.

رادیۆی عەرەبی-کوردی صوت المجاهدین کە بۆ دوو سێ ساڵێکو لە تارانەوە بەرنامەی بڵاوئەکردەوەو گوایە هی موجاهیدە عیراقیە دژە داگیرکەرە

---

* مجلس اعلا دوای لێدانی ئەمریکا لە عیراق‌و گەیشتنی بە دەسەڵات لەو وڵاتەدا ئارمەکەی گۆڕی.

ئەمریکییــەکان بــوو، زۆربــەی بەشــەکانی ڕاگەیانــدن‌و میــدیاو TVیــەکانی ئێران(بەتایبەت ئەوانەی بۆ دەرەوەی ئێـران ئـەبن) یـا هێـزی قـودس بـەڕێوەی ئەبات یا لە ژێرچاوەدێری ڕاستەوخۆی هێـزی قودسـدایە. ئـەم هێـزە لـە کـاتی پێویسـتدا (بـۆ نموونـە شـەڕەکانی یەکیـەتی‌و ئیسـلامییەکان لـە کوردسـتانا) بەشێوەی ڕاستەوخۆو هەندێجار لەگەڵ هێزەکانی‌تری سـپادا چـالاکی نیـزامیش ئەنوێنێت. بە بەرچاوی خەڵکی تارانـەوە لـە جولانـەوەکانی ئـەم چەنـد ساڵـەی دوایـی خوێنـدکاران‌و مامۆسـتایان دا ئەنـدامانی (مجلـس اعـلاء و حـزب اللـه) شانبەشانی هێزە سەرکوتکەرەکانی‌تری ڕژیم هاتنە سەر شەقام‌و بە تونـدی لـە خەڵکیان دا.

بە تازەییش نمسا(بسیج) بە هاوکاری‌و سەرپەرشتی نقسا، گوایە بـۆ پارێزگـاری لە (عتبات عالیات)و بنکەکانی بەرهـەمهێنی چـەکی نـاوەکی‌و شـتی لـەو چەشـنە «قرارگــاە عاشــقان شــهادت»ی دامەزرانــدووە تــا کەســانێک بۆکاروبــاری خۆتەقاندنەوە(عملیات إنتحـاری) ئامادەبکـەن‌و وا بـڕیارە لـە هـەموو ئێرانـدا ٣٣ لەشکری عاشقی شـەهادەت‌و خۆتەقێنـەر پـەروەردەو ئامـادەی عەمـەلیات بکـا. شانتاژو پڕوپاگەندەکانی سپا لە کاتی ئاشکراکردنی ئەم مەسـەلەیەدا هێنـد زەق بوو کە تەنانەت جورج بووشـیش لـە کـاتی سـەرۆک کۆمـاری ئـەمریکادا خـۆی پێنــەگیراو دوو جــار نــاوی لێهێنــاو باســی لێکــردن. ئەمــەو دەرکــەوتنی ئەحمەدی‌نژادی کۆنە سپایی وەک سـەرەک کۆمـاری ئێـران بـۆ دوو دەورە کـە تاوانباریشــە بــەوەی لــە تیرۆرەکــانی دەرەوەدا دەســتی بــالای هــەبووەو لــە پەروەنـدەی شـەهید قـاسملووداو بـە ئیعـتیرافی شـایەتی D کـە بـۆ دادگـایش بڕواپێکراو بوو، ئەم ڕاستییە سەلمێندرا؛ چەندە پرسیار لە مەڕ داهاتووی ئێـرانی ئیسـلامی(!)و شـەڕی ئێـران-بـەرەی جیهـانی دژەتـیرۆر ئـەوروژێنن، هـەمان هێندەیش ڕۆڵی گرنگی هێزی قودس‌و سپا لە دەسەڵات‌و سیاسەتە گشـتییەکانی ڕژیمدا دەرئەخەن.




# سیاسەتەکانی سپای پاسداران لە کوردستاندا

وەک چۆن عوسمانییەکان مەلا ئیدریسی بەدلیسیو مەلای خەتێیان بەکارهێنا بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای جەماوەری کوردستان یەکەمیان پاش شەڕی چاڵدێرانو دووهەمیان لە بەرانبەر شۆڕشەکەی میر محەمەدی ڕەواندزدا؛ بە پێی فتوایان خەسارێکی هەتاهەتاییان بە ئەو دوو هەڵە مێژووییە گەیاندو خەڵکێکی زۆریان لە پشتگیری شۆڕش هەڵگەڕانەوە؛ بەعسیش لە بەرانبەر شۆڕشی ئەیلولدا هێزێکی چەکداری کوردی بە ناو «فرسان صلاح‌الدین» واتە سوارچاکانی سپای سەلاحەدینی ئەیوبی لە ساڵی ١٩٦٣دا لە کوردستانی عیراق پێکهێنا* کۆماری ئیسلامیش لە درێژەی هەمان سیاسەتداو بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینپەروەری لە ناو کورددا ساڵی ١٣٥٨«سازمان پیشمرگان مسلمان کرد»ی دامەزراند؛

* ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ هەرەسی ١٩٧٥دا لەناو جیش شعبی عراقیدا توایەوەو بوو بە مەفرەزە خاص(تایبەت)ەکان کە بریتی بوون لە سێ یەکەی: تەواری، ئەمنو فەوجە خفیف(سووک)ەکان لە هەشتاکاندا ئەم فەوجە سووکانە یان افواج الدفاع الوطنی کە زیاتر لە ٤٠٠ فەوج جاشی کورد بوون زەبرێکی کاریگەریان بە کوردستانو شۆڕشەکەی گەیاند.

ئاوا ناوێکیش دەقاودەق بەو مانایە دێت کە پێشمەرگەکانی‌تر کافرن‌و ئەشێ لە ناو بچن.

محمد درەگردی بروجردی (١٣٦٢_١٣٣٣) فرماندەی سپای منطقه٧ (واته پارێزگاکانی سنه، کرماشان، ئیلام‌و همدان) کە یەکێک لە دامەزێنەرانی سپا بوو رۆڵێکی یەکجار گرنگیشی هەبوو لە سەرتاپا بوارە نیزامی_ئایدۆلۆژی_فەرهەنگیەکانی سپادا* بە وتەی خۆی: پێشنیاری رێکخراوێک کە ١- تازە بێت ٢- بومی بێت ٣- بە ناوی سپاوە نەبێت بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ «عناصر ضد انقلاب» لە کوردستان لە ناو شۆرای ئینقلابدا دێنێتە ئاراوە کە بە پشتگیری رفسنجانی‌و بهشتی پێشنیارەکەی وەرئەگیرێ‌و خۆیشی ئەکەن بە بەرپرسی بنیاتنانی. سەرەنجام لە گەرماوگەرمی شەڕی سێ‌مانگەداو لە کۆتایی هاوینی ١٣٥٨ سەرەتا لە پاوەوە** سازمان پیشمرگان مسلمان کرد راگەیەندرا. سازمان لە مێژووی رۆژهەلاتی کوردستانا یەکەمین رێکخراوی جاشیزمی چەکداری کوردە کە بەزۆری ئاخورێک بوو بۆ جاش-فیودال‌و

---

* بۆ نمونە: پێشتر کمیتەهای انقلاب اسلامی دامەزراندبوو، هەروەها ئەم ئۆرگانانەی دیکەیشی بە پەیکەرەی سپا زیاد کرد: گردانهای جندالله (کە دواتر ثارالله‌و گروه فشارەکانی حزب‌الله‌و انصار حزب‌الله‌و گردانهای عاشوراو الزهرای لێکەوتەوە) تیپ ویژه شهدا (کە بە مەبەستی بەرەنگاری عوامل استکبار دامەزراو قرارگاه عاشقان شهادتی ئیسته میراتگری هەمان فیکرو ئەزمونە لە قاڵبێکی بەرفراوانترا) قرارگاه حمزه سیدالشهدا کە هێزێکی تایبەت بە سنوورەکانی رۆژاوای ئێرانەو فەرماندەیی ئەوکات‌و ئیستەیشی لە ورمێدایە. ناوبراو ٦٢/٣/١ لە رێگەی مەهاباد-نەغەدەدا چوو بە سەر مینی چێندراوی حدکاداو کوژرا.

** هاوکات لە مەریوانیشدا ئەم چوار کەسە بۆ یەکەمین جار دەستیان‌کرد بە ناونووسین‌و وەرگرتنی جاش بۆ سازمان پیشمرگان کە ئەو کاتە پێیان ئەوتن «جەوانمەرد»: ١)جاش سەرمایەدار حەمەچاوە کە کوڕێکی لە رووداوەکەی ٢٣ی تیردا کوژراو خۆیشی لە هێرشی رژیمدا بۆ داگیرکردنی کوردستان فەرماندەی عەمەلیاتی پاکسازی کامیاران بوو ٢)جاش فیوداڵ ئەحمەوبەگی گوێزەکوێرە ٣)جاش لۆمپەن تۆفەی ئەلەنیزام کە دوای خانەنشین بوونی لە سپادا، لە کوردستانی عێراق بە حوکمی دادگای شۆڕش لە زیندانی ناوەندیی حدکا(کۆیە) ئیعدام کرا ٤) جاش لۆمپەن حەمە لۆقە کە لە زەمانی شادا یەکێک بووە لە پیاوەکانی چەتەی ناوداری ناوچەکە سەی‌عەتاو پاشان بووە بە ساواکی.

لۆمپەن-جاشەکان. جیا لەم دوو تاقمە رژیم بە رێکخستنی کەسانێکی ساویلکەو خلّەتاندنیان بە هەندێ قسەی بێناوەرۆکی وەک: لە کوردستاندا ئێمە لە گەڵ کوفر شەڕ ئەکەین نەک کورد؛ لەم سازمانەدا بۆ ماوەیەک توانی کارە جاسووسیو بەتایبەت نیزامییەکانی خۆی لە کوردستانا جێبەجێ بکات*.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا سازمان ناوی گۆڕدرا بە (گردان ضربت محمد رسول‌الله) [کە خەڵک بە گرۆی زەربەت ئەیناسین]و بە رەسمی بوو بە بەشێکی سپا ساڵی ١٣٧٣ گوردانیش هەڵوەشایەوە. رەنگە هەڵوەشاندنەوەی گوردان لەبەر ئەوە بووبێت کە لە لایەکەوە ناوەندو بنکە سیخوڕیو پیاوکوژەکانی رژیم بە تەواوی سەقامگیر ببوونو لە لایەکی ترەوە ئەو مەترسییەی جارانی هێزی پێشمەرگە بە هۆی ئەوەی کە ئۆپۆزسیونی کوردی بە تەواوی چووبوونە ئەودیوی سنوورەکانەوە کەمتر ببوەوە. جاشەکانیش لە نارەزاییەکی بەربلاودا (دەرکردنی بەیاننامەو مانگرتنو خۆپیشاندان) دژی ئەم کارەی سپا هەستانو نەتەنیا دەستکەوتێکیان نەبوو بەڵکوو بە توندی سەرکوت کران (هەندێکیانو یەک لەوان فەرماندەی سازمان بۆ شەش مانگ زیندان کران) ئیتر جاشەکان مەجبوور کران وەکوو ئەندامێکی سادە بچنە ناو هێزەکانی سپاوە(کە لەبەر هەلومەرجی ژێۆپۆلۆتیکی کوردستان هەر نمساو نزساو بەنهێنیش نقسای لێیە). نزیکەی هەزار کەسێکیان نەچوونە

* شایانی باسە: رەوتی موفتی‌زادە(کە لەو سەردەمانەدا بە ناوەکانی: مدرسە قرآن، حزب مساوات اسلامی، شورای مرکزی اهل سنت(شمس)ەوە چالاکیان ئەکردو دواتر ناوی «مکتب قرآن»یان لە سەر خۆیان دانا) لە سەرەتاوە بۆ چەند مانگێک تێکەڵ بە سازمان پیشمرگان بوو ئیتر سەرجەم ناوەندە ئایینیەکانی کوردستان نەتەنیا بەو دروشمە زرقوبرقدارانە نەخلّەتانو شوێنی نەکەوتن بەڵکوو دروست بە پێچەوانەیشەوە لە دژکردەوەیەکدا بوون بە ئۆپوزوسیونی رژێمو لە ناو «**سازمانی خەبات**»و «**سپای رزگاری**»دا خۆیان رێکخست.

ناو سپاو دوای زۆرێک هاتوچۆی خامنەیی‌و باقی بەرپرسان ساڵی١٣٧٩ بە مانگانەی نەوەد هەزار تمەنەوە خانەنشین کران.
سپا لەکوردستانی ئێراندا سێ لەشکری هەیە؛ لشگر٣حمزە لە پارێزگای ورمێ-لشگر ٢٢ بیت‌المقدس لە پارێزگای سنە-لشگر٨ نجف لە پارێزگاکانی کرماشان‌و ئیلام. پایگاو پادگانەکانی ئەم سێ لەشکەرەو (حوزەو پایگاە مقاومت)ەکانی بەسیج ئەگەرچی کوردستانیان کردووە بە پادگانێکی نیزامی، بەڵام لەوێوە کە سپا وتەنی: ئەگەر خوێن (لە قەرار هەر نەفەرێک پێنج لیتر)ی ئەو بەسیج‌و پاسدارانەی کە لە پاکسازی کوردستانا کوژراون بڕژێنرێت بە سەر خاکی کوردستانی ئێراندا لە هەموو جێیەک ٣mm خوێن ئەوەستێ، ئەم دوو هێزەیان بە کەم زانیوەو بۆ زۆرتر میلیتاریزە کردنی کوردستان(قرارگاە عملیاتی حمزە سیدالشهدا)یش لەپاڵ ئەوانی ترا بوونێکی چالاکی لە کوردستاندا هەیە.
قرارگاە حمزە لە (سلسلە مراتب نیزامی)دا جیاوازە لە باقی هێزەکانی سپاو لە ژێر چاوەدێری‌و فەرمانی راستەوخۆی(دفتر فرماندهی کل قوا)دایە.
قرارگاە حمزە لە هەموو شارەکانی کوردستانا بنکەی هەیەو بنکە ئەسڵییەکەیشی وا لە ورمێ. گوایە ئەرکی ئەمان پاسەوانیکردنە لە سنوور (سپای سنوورەکانی بازرگان تا دەگاتە خوسرەوی لەمانن) هەرکام لە لقە ئوستانییەکانیشی (ردە ارشد نیزامی)ن لە ئەو ئوستانەی تیایدان واتە هێزەکانی تری سپا، ئەرتەش‌و نیرو ئینتیزامی لە ژێر فەرمانی ئەمدان. بۆ نموونە لە سێی رەشەمەی١٣٧٧ی سنەدا تا (قرارگاە استانی شهرامفر) فەرمانی تەقە کردنی نەدابوو خۆپیشاندانەکەی ئۆجەلان رەوتێکی هێمنانەی بوو بەڵام شهرامفر بە هەموو هێزە چەکدارەکانی سنە (تەنانەت کۆپتەرەکانی ئەرتەشیش) دەستووری تەقەکردنی داو ئەوەبوو دەیان کەسیان شەهیدو بریندار کرد.

تیرۆرکردنی کادرو پێشمەرگەکانی ئوپۆزۆسیونی کوردیش بە زۆری لە لایەن قرارگاە حمزەوە بووە بۆ نمونە: بەرپرسی تیمی تیرۆری پێشمەرگە وەرزشکارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە هەولێر کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی سەرگوردی پاسدار جەمیل شاسواری (فرماندە[ادارە]عملیات قرارگاە حمزە) بوو کە لە گەڕانەوەدا بە دەستی پێشمەرگەکانی حدکا لە دەوروبەری سلێمانی کوژرا.

سپا لە کوردستاندا بێجگە لە بواری نیزامیو سیخوڕی لە کاروباری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیشدا بێبەرنامە نیە. زۆربەی هەرەزۆری کارە عیمرانییەکان لە کوردستاندا سپا بەڕێوەی ئەبات. کۆمپانیەکانی چالاکی سپا لەم بوارەدا بریتین لە: جهاد نصر، خاتم الانبیاو ثامن الامه کە تیایاندا بۆ هەر چەشنە فرمانێک لە کرێکاری سادەوە بگرە تا بەشەکانی سەرتر، تەئیدیەی سپاو کارتی بەسیجی پێویستە لەگەڵ ئەمەیشدا وەک پادگانو سەربازخانەکان کوردەکان پۆستی گرنگیان پێنادرێتو نابێ ریش بتاشنو ئەشێ نوێژ بکەنو..

لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتی پاوانخوازی کوماری ئیسلامی «خودموختاری»و مافی چارەی خۆنووسینی بە «پێکهێنانی ئیسرائیلێکی دیکە» تەعبیر ئەکردەوە، سپای پاسداران لە بەرەبەیانی داگیرکردنی کوردستانەوە تاکوو ئەمڕۆ لە پڕۆژەی «عملیات ضد شورشگری» لە کوردستاندا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر تێکۆشاوە بۆ تواندنەوەی زوانو کەلتووری کوردی، دەستێوەردانی رەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کوردەوارییو ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان. بۆ نموونە ناونانی مەیدانی شارەکان بە ناوی پاسدار، سپا یان بەسیجەوە؛ شەقام، قوتابخانەو شوێنە گشتییەکان بە ناوی کادرە کوژراوەکانی سپاوە؛ تەنانەت گۆڕینی ناوی هیندێک لە دێهاتەکانیش وەک: گورگەیی بە ناوی

جـاش ئیـبراهیم مورادییـەوە بـە إبـراهیمآبـاد، بیەکـەڕە بـە حـزبالله، جانەوەرە بە إسلامدشتو...

راگەیاندنە گشتییەکانی ئەوسـا: رادیۆکـانی کرماشـان، سـنە، مـەریوان، مـــەهابادو ورمـــێ لەگـــەڵ دوو کـــاتژمێرە کوردییەکـــەی تەلـــەفزوێنی سەراســـەری کـــە حەوتوویـــەک جارێـــک بـــوو، هـــەروەها تەلەفزوێنـــە ئوستانییەکانی ئیستە* و بەشی کوردی سەتەلایتی سـەحەر کـە لـە پێنـاو شـێواندنی زوانی کـوردیو ئیلیناسـیونی فەرهـەنگی کوردسـتاندا هـیچ درێخییـەکیان نـەکردووە؛ هـەموویان لەلایـەن سـپاوە بـەڕێوە ئـەبرا [و بەڕێوە ئەچن]

سـپا وێـڕای دانـانی کـانون اسـلامی کردسـتان(کـاک)و ناوەنـدی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی[إنتشارات صلاحالدين أيـوبی] چەندین کتێبو گۆڤاری کوردی_فاریسیشی دەرکرد لەوانە گۆڤارەکانی: فریاد آزادی (ئۆرگانی سازمان پیشمرگان کە دروشمەکەی: یـا مـرگ یـا رستگاری کردهای مسلمان بوو) اصحاب انقلاب (نشریە سـپاە پاسـداران ویژە مناطق کردنشـین ایـران کـە سـەروبەر نزیـک بـە ٥٠ ژمـارەی لـێ چاپکرا) یاوران کرد، بیان، سروە، ئامانج، ئاوێنە(ئەم دوو گۆڤـارە ئـاخرە سـپا لەگـەڵ سـازمان تبلیغـات اسـلامیدا دەریـدەکردن کـە لـە رووی فیکرییەوە ئۆرگانێکی هاوتەریبی سپایە)**

---

* بەتایبەت تەلەفزوێنی سنە بە رادەیەک لەم بوارەدا چالاکە کە خەڵک بە «جاش تیڤی» ناوی ئەبەن.

** جێگەی خۆیە ئاماژە بەوەیش بکەین لە ناو ئەم گۆڤارانەدا سروەو دووسێ ساڵـی ئـاخری ئاوێنـە کە تەنیا سەروتارەکەیان لە ئیختیاری دەستەی نووسەراندا نـەبوو، رۆڵـێکی بـەرچاویان بینیـوە لـە خزمەت بە فەرهەنگی کوردیداو پێگەیانـدنی چینێکـی خوێنـەرو نووسـەر. رۆشـنبیران بـە گۆڤـاری کاروانی سـەردەمی بەعسـەوە ئـەیانچوێنن کـە لـە مێـژووی رۆژنامەگـەریو لـە نـاو بزوتنـەوەی روناکبیری کوردیدا جێگەی دیارە.

هەروەها دامەزراوەی ئەلبەلاغ کە کتێبو نامیلکەی شیعانە بە بەلاش بۆ خوێندەوارانی کورد ئەنێرێتو لێی ئەنووسێ: «پێشکەش ئەکرێتو نافرۆشرێت لە رێگەی خودادا بڵاوئەکرێتەوە» وادیارە ئامانجی ئەم کارە پاکتاوکردنی دینو مەزهەبەکانی دیکە بێت لە کوردستانداو چەسپاندنی تێزی ئیمپراتۆری شیعە لە ناوچەکەدا.

سپا بۆ بەکردەکردنی ئامانجە فەرهەنگیە دژە کوردەوارییەکانی پێویستی بە رووناکبیری ساختەو قەڵەم فرۆش بوو کە یان پێیگەیاندن یان بە هۆی پلەو پارەوە کڕینی لە ناو ئەو تاقمەدا ئەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین: مەلا شێرزاد نەسەناری(دانیشتووی قوم چالاکی مەزهەبی بۆ بەشیعەکردنی کورد، ناوبراو بە هەر تازە شیعەیەک نیو ملوێن تمەن پارە ئەداتو بە خۆیشی لەبری هەر کەسێک دوو سێ ئەوەندە ئەدرێت) سدیقو فاروق سەفیزادە بۆرەکەیی(وەرگێری دامەزراوەی ئەلبەلاغو مامۆستای زوانی کوردی لە زانکۆی ئیمام حسەین بۆ سپاییو ئیتلاعاتییەکان) بارام وەڵەدبەیگی(نووسەری کتێبی «تاریخ مصور اورامانات» کە تیایدا سپای بە هێزێکی رزگاریکەر ناساندووە، دامەزرێنەری ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردستان لە تاران) عەتا قادری(یەکەمینو بۆ دوازدە ساڵ بەرپرسی سەحەر تیڤی) بورهان ئیبراهیمی(سەرتیپی سپا، مودەڕیس لە حەوزەی عیلمیەی قومو راوێژکاری سەحەر تیڤی) کەریم کەلاشیفەرد ناسراو بە رێبوار ژوان(دەستەی نووسەرانی ئاوێنەو بێژەری سەحەر تیڤی) عیرفان قانعیفەرد(وەرگێڕ، راوێژکاری موحسین رەزایی فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارانی رژیم)

## لۆمپەنیزمو کۆماری ئیسلامی

### پێناسەی لۆمپەن

زۆر جاران وەک ئاوەڵناوێکی نێگەتیڤ یان وشەیەکی سیلبی «لۆمپەن» ئەبیستین کە لەبری ناسنامە یان هاوواتایەک بۆ ئەم تاقمە کەسانە بەکار دەهێنرێت:

بەکرێگیراو، خوێڕی، شەڕاشۆ، چەقۆکێش، پیاوکوژ، دز، چەتە، ڕێگر، باجسێن، شەواڵپیس، لەشفرۆش، بازرگانانی: چەک، سێکس، موخەدەراتو ئاسەوارە دێرینەکانو.. بەگشتی ئەو تاک یان گروپانەی ناو کۆمەڵ کە هەڕەشەن لە سەر ئاسایشی دەروونی،ماڵی، بنەماڵەیی، کاریو جەستەیی کۆمەڵانی خەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان کێشە لە ناو کۆمەڵگادا ساز ئەکەن.

مارکسیستەکان لۆمپەن بە ئەو پرۆلترانە ئەزانن کە هەندێک هێمای بۆرژوازییان وەرگرتووەو پێگەی چینایەتی ڕاستەقینەی خۆیان لەبیرکردۆتەوە.

بە پێی پێناسەیەک: لۆمپەنەکان کەسانێکی ناو کۆمەڵن کە لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنانو بەزۆری بە شێوەی سەربارو ئەنگەل ژیان بەسەرئەبەن. ئەگەرچی بەردەوامو بۆ هەمیشە سەربار نینو لەوانەیە ناوبەناو بە شێوەی کاتی خەریکی فرمان بن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە

پســـپۆڕیو دەسمایـــەیان نیـــە، ڕوو ئەکـــەن لـــە فرمانـــە کـــەم مایـــەو وردەبۆرژوازییەکان کە بە پێی وەرزەکانی ساڵ ئەگۆڕدرێن.

لە پێناسەیەکی دیکەدا: لۆمپەن بریتیە لە ئەندامی ناچالاکو چەواشەکاری هەر کـام لـە چـینو توێژەکـانی کۆمـەڵ بـە مـەرجێک کـە ناچـالاکیو چەواشـەکارییەکەی ببێتـە کۆسـپ لـە ڕەوتی ئاسـایی کـارو تێکۆشـانی کۆمەڵایەتی ئەو چینو توێژانە یان خەڵکانی دیکە.

لەوێوە کە لۆمپەنیزم وەک پەتایەک هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگای گرتوەتەوەو هەر لە چینەکانی هەرە سەرەوە تا چینەکانی هەرە خوارەوە بەدیئەکرێن، لێکۆڵەران لۆمپەنیزمیان دابەشکردووە بە چەندین بەشەوە، لەوانـە: لۆمپـەنیزمی فەرهـەنگی، لۆمپـەنیزمی سیاسـی، لۆمپـەنیزمی کۆمەڵایەتیو...

لەبەر ئـەوەی کـە زۆربـەی لۆمپەنـەکان وەکـوو ئـیشو فرمـان لـە نێـوان کرێکاریو فرمانە وردەبۆرژوازییەکانو ڕوخساری ساختەی بۆرژوازیدا لـە گۆڕاندان؛ خاوەنی بەرژەوەندی سینفیو چینایەتییەکی بەرجەستەو دیـاری هاوبەش نینو بەم پێیەش فیکرو بڕوایەکی سیاسی یـان چینایـەتی تایبـەتیان نیەو ئەمەش لە خۆیدا تووشی سەرلێشێواویو بێمەیلی کردوون لە هەمبـەر بزوتنەوە فیکری، جەماوەریو سیاسـیەکان. لەگـەڵ ئـەوەی کـە ڕێکخـراوی سیاسی تایبەت بە خۆیانیان نیە، لە تێکەڵبوون بـە ڕێکخراوەکـانی دیکـەیش تەرێزن.

### تایبەتمەندییەکانی لۆمپەن

١. تایبەتمەندییە کرداریو وتارییـەکانی لۆمپـەن بـە ڕادەیـەک جیـاواز ئەنوێنێ کە زۆر بـە ئاسـانی جیایـان ئەکاتـەوە لـە خەڵـکانی دیکـە. لەوێوە کـە لـە ڕووی ژیـانو داهـاتو بیروبـاوەڕەوە تایبەتمەنـدی خۆیانیان هەیە، فەرهەنگێکی تایبەتیش لە وتارو چۆنیەتی پەیوەندیو

کۆبوونەوەکانیانــدا رەنگــی داوەتــەوە. نازنــاوو دەســتەواژەو قسەکردنێکی تایبەت بە خۆیانیان هەیەو تەنانەت هەندێجار چۆنیەتی جـلوبــەرگو روخســارو هەڵــسوکــەوتو.. تــا ئەگاتــە رێگــە رۆیشتنیشیان ناتەبایە لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٢. لـە بـواری کـارو چـالاکی ئابووریـدا شـپرزیو سەرلێشـێواوییەکی زۆریان پێوە دیارە. یان کار ناکەن: کە لەم حاڵەتەدا روو دەکـەن لـە پـارکو قاوەخانـەو بـەرگاراجو کابـارەو هتـد کـە وەک جـیَژوانو شوێنی یەکگرتنەوەو کۆبوونەوەیان بە ئەژمار دێن؛ یان روو ئەکـەن لە فرمانە کەم بایەخـەکان: واتـە ئـەو ئـیشو کارانـەی کـە کـەمترین دەسمایــەیان پێویســتە. وەک بادیگــاردیی ســەرمایەدارەکان، دەستفرۆشیو بازرگـانی موخـەدەراتو سـێکس. لـەم حاڵەتەیشـدا قازانجو بەهرەی کارەکەیان ئەچێتـە گیرفـانی وردەبـۆرژوازی یـان ئەو کـەسو ناوەندانـەی کـە بـەرتیلو باجیـان لێوەرئـەگرن وەکـوو شارەداری، پۆلیسو بەسیج یان ئەو لۆمپەنانەی کە بـە زەبروزەنـگ یان بە بیانووی پارێزگاریو چاودێریکردنیانەوە تالانیان ئەکەن.

٣. بە هۆی ئەوەی کە لۆمپەن لە هـەر چـینو تـوێژێکی نـاو کۆمـەڵ بـە وردەبۆرژوازی نزیکترە، لـە هاوکێشـە سیاسـی_کۆمەلایەتییەکانـدا وەک وردەبۆرژوازی هەڵسوکەوت ئەکات. جاری وا هەیە لە بەرەی شۆڕشـدایەو جـاری وایـش هەیـە لـە بـەرەی دژەشۆڕشـدا خـۆی ئەبینێتەوە. واتە هەلپەرست بوونیانو قازانجی کـورتخایـەنیـان لـە هەر لایەکدا ببـیَ بـەرەو ئـەویَ ئـەچن. یـەک لـە تایبەتمەندیـەکانی لۆمپەن ئەوەیـە کـە کۆیلـەی زۆرو ستەمنو خـۆ بـە نۆکـەری ئـەو کەسانە ئەزانن کـە هێـزو توانـاو دەسـەلاتیان لـەمان زۆرتـرە. بـەم پێیــەش حکومەتــە ســەرەرۆو نادیموکراتــەکان هــەردەم کەڵــکیان لـیَوەرئـەگرنو ئەیانکـەن بـە داردەس بـۆ سـەرکوتی خەڵـک. لـە هەلومەرجی خەباتیشدا کە هێزەکانی خەڵک لە مەیداندانو شکستی

دەسەڵات نزیکە، لۆمپەن بە خێرایی جێگۆڕکێ ئەکاتو سەری ڕێز بۆ ورەی جەماوەر دائەنەوێنێو ئەمجارە لە بەرەی دژەدەسەڵاتدا چالاکی ئەنوێنێ.

٤. لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە «خود»ی سەرکوتکراوو چەوسێندراوی لۆمپەن کە بچووکترین هەلی بۆ بڕەخسێ، بە توندوتیژی نواندن خۆی دەرئەخات. عوقدەو گرێ دەروونیەکانی بە ئاژاوەنانەوە، تالانو کوشتوبڕ ساڕێژ ئەکاتو بە ئەوپەڕی دڕندەخووییەوە هەموو هێڵە مرۆییو ئەخلاقیەکان ئەبەزێنێ. ئەم تایبەتمەندییەش وایکردووە کە مافیای موخەدەرات، حیزبە فاشیستەکانو چینی سەرمایەدار بۆ چاوترسێنکردنی بەرانبەر، ئیرهابو ئامانجی دیکە لۆمپەنەکان بکەن بە قوربانی. لۆمپەن بۆ ئەوان هێزێکی شەڕاشۆو یاخییە کە لە پێناو ئیمتیازو پارەیەکی کەمدا زۆرترین ریسک ئەکاتو تەنانەت گیانیشی ئەخاتە مەترسیەوەو بەرنامەکانیان بە بێ ئەوەی دەردیسەرو زەحمەتێکیان تووش ببێ یان ئاسەواری داڕێژەرانی پلانەکانیان پێوە دیار بێت، لە لایەن لۆمپەنەکانەوە جێبەجێ ئەکرێن.

## لۆمپەنو دەسەڵات

لۆمپەنیزم هەڵقوڵیوی قەیرانی ئابوورییەو نەبوونی ئازادیو دیموکراسی دوو هۆکاری سەرەکین لە گەشەسەندنیدا. ئەگەرچی ژیانی دژواری لۆمپەنەکان بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ڕژیمە گەندەڵەکانە، بەڵام بە هۆی ناوشیاری سیاسیو بێئاگاییان، زەمینەیەکی بەربڵاوی هاوکارییان لەگەڵ دەوڵەتە پاشڤەڕوو دەسەڵاتە پاوانخوازەکاندا هەیە. لۆمپەن وەک هەر مرۆڤێکیتر لەبەر گوزەراندنی ژیانی ئەبێ فرمان بکات، بەڵام بەم جیاوزییەوە کە لە پێناو پاروویەکی کەمبەهادا کاری وەهای لێئەوەشێتەوە کە لەگەڵ هیچ شێوازێکی ئەخلاقیدا ناگونجێ، بۆیە زۆر بە ئاسانی لە لایەن

دەسەڵاتەوە بۆ ئامانجە دزێوەکان بەکارئەهێنرێت. ئەوەتا هەردەم لە پاڵ ناوەندەکانی دەسەڵاتدا لۆمپەنەکانیش بوونیان هەیە. دەسەڵاتی کۆنەپارێزیش بە دوو هۆ تێئەکۆشێت بۆ بڕەوپێدانی لۆمپەنیزم:

- لە کاتی قەیرانو بە پێی پێداویستی رۆژ بۆ نەجاتی دەسەڵات لە کێشە سیاسیەکاندا ئەهێنرێنە مەیدانو بۆ کوشتارو سەرکوتی نارازییان کەڵکیان لێوەرئەگیردرێت.
- لەو کردارانەدا کە بە «گەندەڵی کۆمەڵایەتی» ئەژمێردرێن وەکوو دزی، شەواڵپیسی، موخەدەراتو هتد لە پێناو ئابڕووسەندنەوە یاخۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵات لۆمپەنەکانی تێدا ئەکرێن بە قوربانی.

## دەسەڵاتی ئێرانیو لۆمپەنیزم

لەوێوە کە راگەیاندنی سەربەخۆ لە ئێراندا زۆر کەمەو بەتایبەت لە بواری سینەماو تەلەفزوێندا؛ ئەم بەشەی هونەر بە زۆری لە ژێر رکێفی رژیمدایەو لە راستیدا پردی سەرەکی پەیوەندی دەسەڵات_خەڵکەو بە بڵیندگۆی حکومەت دێتە ئەژمار. ئەگەرچی سینەمای ئێرانی لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەری سینەمای هیندستاندا بووە بەڵام شوێنپێی لۆمپەنیزم تیایدا ئاشکراتر لەو کۆپییە ناسەرکەوتووەی سینەما ئەویندارانەکەی هیند بەدیئەکرێت. بە چاوخشاندنێک بە فیلمەکانی زەمانی شادا دەرئەکەوێت سینەماو تەلەفزوێنی ئەو سەردەمەی ئێران لە پێناو گەشەپێدانی فەرهەنگی لۆمپەنیدا هیچ درێخییەکیان نەکردووەو هەر لە کابارە، قاوەخانە، شەڕەچەقۆ، جنێودانو هتدەوە بگرە کە لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەدا بوونێکی یەکجار زەقو بەرچاویان هەیە تا دەگاتە کەسایەتی پاڵەوانەکانی ئەو فیلمانە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە لۆمپەنیزمەوە هەیە. سەرەکیترین وتەو پەیامی سینەمای ئەوکاتو ئیستەی ئێران بریتییە لە: بڕەوپێدانی فەرهەنگی لۆمپەنیو بەتایبەت شێوەی ئاخافتنو جلوبەرگیان، بە ناشیرین سەیرکردنی

سەروەتو ماڵ، ئاسوودە ژیانو رابواردن، رێزلێنان لە ژیانی پڕ لە رەنجو ئازاری چینە خوارووەکانی کۆمەڵگاو بە بەرزو سەرترو مەعنەویتر دانانی ئەو چەشنە ژیانە، پێناسەی چەواشە لە کامەرانیو خۆشبەختی، چۆکدادان بۆ چارەنووسو رازیبوون بە وەزعی ئیستە، تێنەکۆشین بۆ ژیانێکی باشتر، سەروەری دەسەڵاتو یاسای حاکم.

فیلمی «إخراجیها» کە بە خەرجی وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیمەوە سازکراو لە ریزی پێشەوەی شانازییەکانی کۆماری ئیسلامیدایە، لووتکەی لۆمپەنیزمی سینەمای ئێرانییە. لەو فیلمەدا بە رواڵەت واگەیەندراوە کە دەسەڵات کارئاسانی بۆ چاکسازی لۆمپەن ئەنجام ئەداتو تا ئاستی بوون بە سپەری پاراستنی گەل ئەتوانێ بەرز بێتەوە. ئەم فیلمە بەسەرهاتی تاقمێک خوێڕی سەرشەقامە کە ئەچن بۆ شەڕی ئێران_عیراقو لە ئاکامدا ئەبن بە قارەمانی نەتەوەیی. فیلمی ئیخراجییەکان لە وەڵامی فیلمی ٣٠٠ دا دروستکراوە کە چیرۆکی هێرشی ئیمپراتۆری رۆم بۆ سەر ئێران باس ئەکاتو خاوەن رایان بە دڵەڕاوکێیی رۆژاوای دائەنێن لە ئەگەری لێدانی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە لایەن بەرەی جیهانی دژەتیرۆرەوە.

دەسەڵات لە ئێرانی هاوچەرخدا دەسەڵاتێکی لۆمپەنتەوەرو لۆمپەنپەروەر بووە. بوونی رەزای پەهلەوی لۆمپەن بە پاشای ئێرانو کۆدێتاکەی گەلاوێژی ٣٢ دژ بە حکومەتە میللیەکەی دوکتۆر موسەدیق بەڵگەی سەلماندنی ئەم راستییەن، سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش بە وتە بە ناوبانگەکەی خومەینی لە ٥٧/١١/١٢ دا دەست پێدەکات کە ئەڵێ: «من توی دهن این دولت میزنم» یان دواتر: «آمریکا هیچ غلطی نمیتواند بکند» و دەیان رستەو کرداری دیکەی لۆمپەنی کە دەسەڵاتدارنی سەرەوەی ئێران رۆژانە بەکاریان هێناوەو ئەهێنن.

## کۆدێتای لۆمپەنی

یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کە لۆمپەن وەک خۆی‌و بە ئاشکرا لە لایەن دەسەلاتەوە کەلکی لێوەرگیرا ١٣٣٢/٥/٢٨ بوو. لەو رۆژەدا خوێڕی، چەقۆکێش‌و تەنانەت ئافرەتە لەشفرۆشەکان رژانە سەر شەقامەکان‌و ماشینەکانی ئەرتەشیش وەک ئیسکۆرت دوایان کەوتن. پاشان بە دروشمی «بژی شا» بوون بە دەستەگەلی ٣٠ تا ٤٠ کەسیەوەو هەر دەستەیەک بەرەو وەزارەتخانە، بانک‌و ئیدارە دەوڵەتییە جیاجیاکان چوون‌و وێنەی لەپێشدا ئامادەکراوی شایان بەو ئۆرگانانەدا هەڵواسی، دواتر بنکەی حیزبەکانی ئێران‌و تودەو هتد، رۆژنامەکان‌و سەرەنجام خانووی دوکتۆر موسەدیقیان تالان کردو بەم شێوەیە شایان گەڕاندەوە سەر حوکم.

سەردەستەی ئەم تاقمە لۆمپەنە شەعبان بێموخ(١٣٨٥ـ١٣٠٠) بوو* کە دوای کۆدێتا لەگەڵ شادا دیداری کرد. لە حکومەتی تازەدا وێڕای وەرگرتنی نازناوەکانی تاجبەخش‌و پاڵەوانی پەهلەوی، نەتەنیا بە نان‌و ئاوێک گەیشت بەڵکوو خۆی‌و داروەدەستەکەی هەردەم وەک گروپێکی فشارو لە راستیدا گورزی ساواک بۆ سەرکوتی جوڵانەوەکانی خەڵک‌و تیرۆری ئازادیخوازان بەکارئەهێنران.

## رژیمی ئاخوندی‌و لۆمپەنەکانی ئیمامزەمان

لە سەروبەندی تێکچوونی رژیمی پەهلەویدا لۆمپەنەکان کە دیتیان ورەو هێزی کۆمەلانی خەڵک سەرترە لە داموەدەزگای حاکم، چوونە ناو هەندێک لە بزوتنەوە جەماوەری، خۆپیشاندان‌و نارەزایەتییەکانی دژی دەسەلات. ئەوان

---

* ناوبراو لەگەڵ دەرچوونی شادا لە ئێران هەڵهات‌و سەرەنجام لە ئەمریکادا گیرسایەوە. بۆ نەگبەتیش لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٨٥ واتە دروست لە ٥٣هەمین ساڵوەگەڕی کودێتا دزێوەکەدا لە شاری لوسانجلێس کۆتایی بە تەمەنی نەگریسی هات.

ئــەیانزانی کــە بــە بەشــداری لــەو خــەباتــەدا وێــڕای نانــەوەی نائــارامیو ڕاوڕووتکردن، لە لای خەڵکیش لەبەر ئەوەی کە دژ بە دەســەڵات ئەوەسـتن خۆشەویستو بەڕێز ئەبن. بێگومان هۆکارەکەیش ئەگەڕێتەوە بۆ نەزانکاری کۆمــەڵانی خەڵــک ســەبارەت بــە چۆنایــەتی بەشــداریی تاکــەکان لــە نــاو بزوتنەوەکاندا. لەو دەمودەستەدا خەڵک تەنیا ئەیانزانی کە لە شەقامەکاندا دژ بە دوژمنێکی هاوبەش دروشم ئەدەن لە کاتێدا کە ئەم بوونە فیزیکییە ئەکرێت بۆ داخوازیو قازانجی جیاوازو ناتەبا بێت. بە داخەوە هەر ئەمــە وایکـرد کـە ئاخوندەکان ئەو شۆڕشە مەزنە بە قازانجی خۆیـان بشـکێننەوەو بـە لاڕێیـدا بەرن.

ئەو سەردەمە دژی ڕژیم بـوون بـەس بـوو بـۆ بەشـداری لـە ناڕەزایـەتیو خۆنیشاندانەکانداو کەس نەیئـەزانی ئـەویدیکـە چـی ئـەوێ؟ هـەر ئەمــەیش وایکردبوو سنوور لە نێوان ناڕازییەکاندا نەهێڵـێو هــەر کــەس بەشــداری لــە خۆنیشاندانەکاندا بکات لای خەڵک بەڕێز بێت. ئەمەیش هەلێکی گونجـاو بـوو بۆ ئەو لۆمپەنانەی کــە تــا دوێنــێ لای خەڵــدا بــە چــاوێکی ســووکەوە ســەیر ئەکران.

وەک چـۆن دەســەلاتی پەهلــەوی بــە کەڵــک وەرگـرتنی ئاشـکراو نهـێنی لــە لۆمپەنەکان تــوانی پرۆســەی دیموکراســیخــوازی لــە ئێرانــدا بــۆ ســاڵانێکی دووروودرێژ دوابخا، کۆمــاری ئیســلامیش هــەمان ئــەزموونی پەیــڕەو کــردو ئەکات بەڵام بە شێوەیەکی زیرەکانەترو نەک بەو زەقییەی پەهلەوی. بــەوەی لە پێشەوە باسکرا زۆربەی لۆمپەنەکان لە ڕژیمی پاشایەتیدا پێگەی حکـومی خۆیان هەبوو یان بە جۆرێک لە ساوپەنای ڕژیمدا درێژەیان بە خوێڕیگــەری خۆیان ئەدا، بەڵام بوویشیان کە دوور بوون لە دەسەڵاتو لەگەڵ تێکچــوونی ڕژیمدا هەلیان بۆ ڕەخسا کە ئــەوانیش بخزێنــە نــاو دەســەڵاتی تــازەوە. لــە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ بنیاتنانەوەی ئۆرگانە دەوڵەتیەکانو بەتایبەت دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی؛ لانیکەم بۆ پڕکردنەوەی ئامــاری ٢٠ میلیۆن کەسی ئەرتەشی موستەزعەفین [ئەو ئەرتەشەی کە خومەینی کاتێـک

که هەموو ئێران کـەمتر لـە دوو ئەوەنـدە بـوو، رایگەیانـدو بـوو بـە بنـەمای سـەرەکی دامەزراندنو گەشەی سپای پاسداران] پێویستی بەو جۆرە کەسانە بوو. بەم شێوەیە لە کۆمیتـەکانی ئیـنقلاب، وەزارەتی ئیتلاعـات، دادسـتانی، سپای پاسدارانو هتددا تاقمێکی زۆر لۆمپەن وەرگیران.

بۆ نمونە لە شاری تاراندا ئەم لۆمپەنە بەناوبانگانە بەکرێگیران:

مەمەد لاشخۆر: جێگری کۆمیتەی ئینقلابی مەنتەقەی ١٢ی تاران

مەهدی سیا: بەرپرسی هەمان کۆمیتە

ئەحمەدوەند: سەرەتا ئەندامی کۆمیتەی ئینقلابو دواتـر بەرپرسـی زینـدانی گەوهەردەشت

حاج داود: بەرپرسی زیندانو سەرۆکی سەندیکای ئاسنفرۆشان

برایانی خۆشگۆشت: بـوون بـە بـازجو لای لاجـوەردیو ئیسـتەیش وێـڕای ئـەوەی لـە دادسـتانیو ئیتلاعاتـدا بەرپرسـایەتی گرینگیـان هەیـە بـە لـە خانووبەرەو شوقەسازیدا ناوێکی بالاّیان هەیە لە ئاستی تاراندا

طیب حاجی رەزایی(دۆستو دواتر رەقیبی شەعبان بیٚموخ)، حسین اللـەکرم، حاجی بەخشی، دێهنمەکیو دەیان لۆمپەنی دیکـە: گروپـەکانی فشـارو هێـزە لیباسشەخسیەکانیان پیٚڕێکخراو لـە ئۆرگانـە جیاوازەکانـدا بـۆ سـەرکوتو داپلۆسین لە ناو رژیمی کوماری ئیسلامیدا ئەوپەڕی دەسەلاّتیان پێدراوە.

لۆمپەنیزم لە هەموو بوارەکانـدا یـەک لـەو دیـاردە دزێـوو ناشـیرینانەن کـە کۆماری ئیسلامی پەرەی پێئـەداتو چـەترێکی ئەمنیـەتی سـاز کـردووە بـۆ چـــالاکی دزان، ســـەرمایەدارە هەلپەرســـتەکان، تونـــدڕەوە ئایینیـــەکان، زڕقەڵـــەمەکان، موخەدەراتچیـــەکان، قاچاخچیـــانی ئـــافرەتو ســـێکس، باجگرەکانو هتد.

ئیستەیش هاوکات لەگەڵ قەیرانی ئابووریو پەرەسەندنی بێکاریـدا رژیم لـە رێگەی تەلەفزیۆنو سینەماوە تێئەکۆشیٚ فەرهەنگی لۆمپەنی زیاتر لە جـاران پـەرە پـیٚبـداتو لـە کـاتی پێویستیشـدا هـەر لـەو لۆمپەنانـە بـۆ سـەرکوتی جولانەوە جەماوەریو سینفییەکان کەڵک وەرئەگرێت. تەنانەت ئـەوەبوو لـە

سـەرکوتی ئـەو ڕەوتـە دیموکراسـیخوازانەی کـە بـە «بزوتنـەوەی سـەوز» ناسـراوە ڕژیم هەنـدێ لۆمپـەنی بیـانی لـە دەرەوەی ئێرانـەوە هێنـا بـۆ سەرکوتی جوڵانەوەکەی شاری تاران.

## کوردستانو بەکارهێنانی لۆمپەنەکان

لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێرانداو هێرشکردنی خێـرای بـۆ کوردستان هێزە جوانو کاراکانی نێو گۆڕەپان بەرەو ئوپۆزۆسیۆن چوونو لـە ئاکامـدا گۆڕەپـان بـە چۆڵـی مایـەوە بـۆ لۆمپەنـەکان. دەسـەڵاتیش بـۆ بەکردەکردنی ئامانجە دژیگەلییەکانی زۆر پێویستی بە بەرەیەکی زۆڵەکورد بوو، بۆ ئەم مەبەستەیش لۆمپەنەکان گونجاوترین پتانسیەلی نـاو کۆمەڵـگای کوردی بوون.

ڕژیم لـە سـەرەتاوە بـۆ بـەرەنگاری هێـزی پێشـمەرگە [ڕاسـتەوخۆ لـە مەیدانـەکانی شـەڕداو ناڕاسـتەوخۆ بـە شـێوەی ڕاورووتکـردن، چەتـەییو ئازاردانی خەڵک بە ناوی پێشمەرگەوە بۆ ناشیرین کردنی سیمای حیزبەکان لە نـاو جـەماوەردا] لۆمپەنـەکانی لـە نـاو سـازمان پیشـمرگانو سـپاو.. دا ڕێکخست. دواتریش بە مەبەستی کۆنترۆڵـی زێـدەتری کۆمەڵـگاو بزوتنـەوە کۆمەڵایەتیـەکانی کوردسـتان، بڵاوکردنـەوەی موخـەدەراتو چـاوەدێری هـاتوچۆو کەسـابەتی سـنوورەکان لـە قاڵـبی: ١ـ مـوخبیری بـۆ دەزگـا ئەمنیەکانی اطلاعات، حفاظت اطلاعات، اطلاعات مردمـی، منکـرات، بسیـجو.. ٢ـ ڕاپۆرتـدانو جاسوسـی بـۆ حراسـتو گزینشـی زانسـتگاو ئیـدارە دەوڵەتیەکان؛ دیسان هەر لە لۆمپەنەکان کەڵکی وەرگرتووەو ئەگرێت.

دوای هاتنەسەرکاری ئەحمەدینژادیش لـە ساڵـی ١٣٨٤دا، سـپای پاسـداران مەودای چالاکیو دەسەڵاتی زیاتری لە ئێرانا پەیداکردو ئەگەرچی تا ئـەوکات بە کردەوە دەوڵەتی نهێنی بوو، ئەمجارە هەر لە کابینـەوە بگـرە تـا دەگاتـە بەرپرسیاریەتیەکانی بەشە بچووکەکانی ئیدارە دەوڵەتیەکان کەوتـە دەسـت

سپاییەکان. بەرەبەرە کۆنترۆڵی رەهەندە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسەت، ئابووری‌و هتدی گرتەدەست. هاوکات حیزبە کوردیەکانیش هەندێک گۆڕانکاری‌و جموجوڵی نیزامیان تێکەوت‌و ناوبەناو پێشمەرگە ئەهاتەوە ناوچەو عەمەلیاتییان ئەنجام ئەدا. هەر لەو راستایەدا گەلاڵەی بنیاتنانەوەی سازمان پیشمرگان خرایەوە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە* بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوا ناوو رێکخراوێک پێشینەیەکی پۆزۆتیڤی لە ناو خەڵکدا نەبوو ئەو گەلاڵەیە پەسەند نەکراو وەک بەدیلێک بۆ **پێشمەرگە موسوڵمانە کوردەکان!** دوو پلانیان دارشت. ۱) وەرگرتنی ئەندامی تازە (بسیج تمام وقت) بۆ سپا کە تا ئیستە لە دوو دەورەداو سەرجەم ۸۰۰۰ کەسیان تەنیا لە پارێزگای سنەدا وەرگرتوە. خەڵک بە ئەم نەوعە جاشانە ئەڵێن: **جاشی سیغەیی!** لەبەر ئەوەی کە گرێبەستی یەکساڵەیان لەگەڵ ئەبەستن‌و ئەگەر شەڕوشۆڕ لە ناوچەدا نەبێ بۆیان تازە ناکەنەوە** ۲) پێکهێنانی باندی لۆمپەن_جاش کە بریتییە لە بەکرێگرتنی لۆمپەن‌و خوێڕییەکان لە ناو رایەڵە رێکخستنە نهێنی‌و مافیاییەکانی سپادا بە بێ ئەوەی کە بە ئاشکرا هێماو ناونیشانی سپایان پێوە دیار بێت.

---

* ئەم گەلاڵە بە شێوەی نهێنی نێردرا بۆ شارە کوردەکان تا سپاو جاشەکان تاوتوێی بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە مەریوانا لەگەڵ ئەم کۆنە جاشانەدا راوێژ کرا: حاجی ئەحمەد بەگی گوێزەکوێرە، حەمە سلێمان، سابیر بارنامە، حەمەعەلی بەگی حەیدەری کە ئەمانیش ئاوا کارێکیان پێ باش نەبوو.

** جیا لەمەیش: ۱- بۆیان نیە درێژە بە خوێندن بدەن چ لە خوێندنگاکانی سپاو چ لە دەرەوەی سپادا ۲- بە هیچ شێوەیەک کاری ئیدارییان پێ ناسپێردرێت‌و تەنیا هێزێکی نیزامین‌و بەس ۳- نابێ جلوبەرگی فۆرم لەبەر بکەن‌و ئەشێ هەمیشە کەواوپانتۆڵی کەتافی خاکی رەنگ(پێشمەرگانە) بپۆشن ٤- لە دەرەجەو پلەوپایە نیزامیە ئاساییەکانی سپایش بێبەشن.

# مەریوان ناوچەیەکی هەستیار

بە درێژایی مێژوو مەریوان لە رووی رووناکبیریو سیاسییەوە لە ریزی پێشەوەی کوردایەتیدا بووە. شاری قەڵاو ١٢ سوارە، وەک زێدی سەرهەڵدانی زانایانو شاعیرانی گەورەی نەتەوەکەمان: مەولەوی، بێسارانی، مەلاوبەکر، ناری، قانیعو هتدە؛ لە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر، مەلا مستەفای بارزانیو کۆماری کوردستاندا یارمەتیو بەشداری بەرچاوی نیزامیو تەشکیلاتی رۆڵەکانی ئەم دەڤەرە حاشاهەڵنەگر بووە، هەروەها پێکهاتنی رێکخراوە سیاسییەکانی: شیرین بەهارە، یەکیەتی جوتیاران، هێرشی گەلو.. بەڵگەی سەلماندنی ئەم راستییەن کە مەریوان هەردەم شارێکی پێشەنگو زیندوو بووە.

ناوچەی مەریوان* زیاتر لە ١٢٠ کیلۆمەتر مەرزی لەگەڵ کوردستانی عیراقدا هەیە، ئەمەو سەوزاییو چیپڕی چیاو دارستانەکانیشی بووە بە هۆی دانەبڕانی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگە لەم دەڤەرەدا، هەر بۆیە حکومەتەکانی ئێران بە چاوێکی ئەمنیەتییەوە سەیریان کردووە. لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا بە زۆر هۆکاری مێژوویی، ژیۆپۆلۆتیکی، فەرهەنگی لە شارستانی سنووری مەریواندا زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان رەوتی جاشگیری کاری لەسەرکرا.

* مەبەست: شارستانەکانی مەریوانو سەولاوا

یەکەمین کەسێک لە پێناو کۆماری ئیسلامیدا لە مەریوان کوژراوە عەبە حەبیبە. عەبدوڵای تەڕتوسی(١٣٥٨-١٣٢٩) یەکێک بوو لە لۆمپەنە دیارو ناسراوەکانی مەریوان کە وەک خوێڕی، شەواڵپیس‌و دەست‌وپێوەندی ساواک ناسرابوو لە سەروبەندی تێکچوونی رژیمی پاشایەتیداو دامەزرانی رژیمی ئاخوندی زۆر بە خێرایی تێکەڵ بە سپای پاسداران بوو. چەند رۆژێک دوای دانانی مقەڕی هاوبەشی سپای پاسداران‌و تاقمی موفتی‌زادە، دوای ئەوەی تەقالای دڵسۆزان‌و پیاوچاکانی شار بۆ پەشیمان‌کردنەوەی ئەو تاقمە لەو هەڵە مێژووییەیان بێ‌ئاکام مایەوەو رۆژی ١٣٥٨/٤/٢٣ لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە گەمارۆ دران‌و دوای ئەوەی خۆیان بەدەستەوە نەداو تەقەیان کرد؛ ناوبراو لەگەڵ ٧ کەسی دیکە لەو تازە جاشانە کوژران. مێژووی بە ناو شەهیدانی کۆماری ئیسلامی لە مەریواندا بە عەبە حەبیبەوە دەستپێدەکات‌و کراوە بە سەرچەشن‌و هێمای بەرەنگاری لەگەڵ کوفر لە ناوچەی مەریواندا. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ناو ئەو ٨ کەسەدا کەسانی سەر بە بنەماڵەی دەستڕۆیشتووو خۆشناویش هەبوون کەچی هەر عەبە حەبیبی خوێڕی زیاتر ئیهتیمامی پێ‌ئەدرێت‌و تەنیا ئەوە کە شەقامێکی سەرەکی کراوە بە ناویەوە. لەوکاتەوە تاکوو ئێستا هەوڵی سپاو ئۆرگانە ئەمنیەتیەکانی دیکەی رژێم بۆ راکێشانی پیاوخراپ‌و لۆمپەنەکان بۆ ناو ریزەکانیان بێ‌پسانەوە بەردەوامەو تۆفەی ئەڵە نیزام، رەفێقی حەمە میرزای دەرەوەزان، جەلال بارنامە ، عەبە مزەی جانەوەرە، کەیکاوس دەڵەمەرزی، خەلیفە عەلی سەردۆش، مەسعودی خولەتورکەی هانەشێخان‌و.. باقی «سرداران رشید سپاه اسلام» هەر لە ناو لۆمپەنیزمەوە هەڵقوڵین‌و لە سپادا پەڕوباڵیان دەرکرد.

سپای پاسداران لە پەرچەکردارێکدا لە بەرانبەر رووداوەکەی ٢٣ی تیر، هەروەها کۆچی بەکۆمەڵی خەڵک‌و چۆڵکردنی شار بە نیشانەی ناڕەزایی دەربڕین لە سەرەتای هێرش‌کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ

داگیرکردنی کوردستان، چەندین حەماسەو قارەمانێتی نواندنی هێزی پێشمەرگە لەو شەڕانەدا کە لە ناوچەی مەریوان روویان ئەدا؛ لە پرۆسەی نەگریسی «عملیات روانی ضد شورشگری»دا مەریوانی بە «قومی دووهەم» ناوزەد ئەکرد. ئاوا ناوێکیش لە ترس‌و حسابێکی جیاوازی رژیمەوە سەرچاوە ئەگرێ کە نیسبەت بە مەریوان هەیبوو.

وێڕای ئەمانە کۆمەڵێک شتی‌تر بوونە هۆی زەق بوونەوەی مەریوان لە بەرچاو دەسەڵاتدا لەوانە: نزمترین ئاستی بەشداری خەڵکی ئەم دەڤەرە لە هەڵبژاردنەکانا بەڕادەیەک کە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی سەرەک کۆماری ئەحمەدی‌نژادا تەنها ١٢ لە سەدی خەڵکی مەریوان بەشدارییان کردو بوون بە خاوەنی کەمترین رێژەی بەشداربوون لە هەموو ئێراندا، ئەو ساڵە دووهەمین شار تاران بوو بە رێژەی ١٨ لە سەدا. بە پێچەوانەیشەوە لەو هەڵبژاردنانەدا کە ئوپوزوسیون داوای بەشداری لە خەڵک کردبوو واتە مەجلیسی شەشەم‌و شۆرای یەکەم، پرۆسەی هەڵبژاردن لە مەریواندا گەرموگوڕییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی*، گرتنی رێورەسمی هەر ساڵەی یادی هەڵەبجەو نەورۆزەکان بەتایبەت نەورۆزی بەشکۆی ١٣٧٨ کە بووە هۆی ئەوەی ناوی مەیدان‌و بلواری رفسنجانی بگۆڕدرێ بە نەورۆز، داگرتنی پەیکەری فەهمیدە لە ناوەڕاستی شاردا بە بیانووی جەژنی چەسپاندنی فیدڕاڵیەتی کوردستانی عیراقەوە؛ حسەین فەهمیدەیەک کە کراوە بە هێمای

* بە رادەیەک کە موسوی نوێنەری وەلی‌فەقیهـ لە سنە لە کاردانەوەیەکدا سەبارەت بە کەش‌و هەوای یەکێک لە هەڵبژاردنەکانی مەریوان وتبووی: یکی از تشکلهای تازه روئیده در یکی از شهرهای استان که کار انتخابات را دنبال می‌کند بیانیه‌ای صادر کرده و در آن مواضع و اهدافی را مطرح نموده که من تصور می‌کنم اگر قاسملو زنده می‌شد و مرامنامه‌ای می‌نوشت مطمئنا چیزی از این بیانیه کم و یا زیاد نمی‌کرد. در این بیانیه کلیه خدمات نظام در طول سالهای گذشته زیر سوال رفته و ایده‌هایی که برای آینده کردستان مطرح کرده‌اند بدتر از مواضعی است که گروهکها در گذشته مطرح می‌کردند(جمهوری اسلامی ٨٧/١١/١٠).

خۆڕاگری لە شەڕی عیراقداو خومەینی بەم شێوەیە باسی ئەکات: «رهبر من آن طفل ١٣ ساله ایست کە..» بەشداری یەکگرتووانەی مانگرتنە سەرانسەرییەکانی کوردستانو بەتایبەت «چلەی شوانە»، چالاکییە فەرهەنگییەکان کە رۆژنامەگەریو NGO جۆراوجۆرە فەرهەنگی، هونەری، زانستی، ژینگەپارێزی، خوێندکاری، مافی ژنانو منالان لە خۆ ئەگرێ.

بەوەی لە سەرەوە باسکرا مەریوان بەتایبەت پاش دەیەی ٧٠ جێگەی بایەخو کورد وتەنی: مووی لووتی رژیمی ئیسلامی بوو بۆیە بەدوای کەسێکدا بوو کە هەم شارەزای ناوچەکەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی بێتو هەم بتوانێ پیلانە دژەمرۆڤانەکانیشی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی مەریوان بۆ بەکردەوە بکات. لە ناو پیاوەکانی رژیم لە مەریواندا وێدەچێ هیوای تاب بە هۆی ئەو خۆشخزمەتیو بێرەحمیو دڕندەخوویییەوە کە تا ئەوکات گوێ لە هاوجاشەکانی دیکەی خۆی بردبووەوە زیاتر لە هەر کەس سەرنجی سپاو ئیتلاعاتی راکێشابێ بۆ ئەوەی نەخشەو پلانەکانی رژیم نەتەنیا لە مەریوان بەڵکوو لە شارەکانی دەوروبەریشدا بەڕێوەببات.

وەک پێشتر باسکرا سپا لەجیاتی سازمان پیشمرگان رایەڵە مافیاییەکانی دانا کە بۆ ناوچەی مەریوان دوو دانەیان تەرخانکرد: یەکیان **هیوا تاب**و ئەوەی دیکە پاسداری خانەنشین **ئەمین خیوز** ناسراو بە حاجی ئەمین ئەسپەرێزی (بکوژەکەی شەهیدان: فەرماندەی حدکا: ئەسعەد موقەدەسیو کادری سیاسی: نادر وەزیری لە شاهۆ) بەڕێوەی ئەباتو لە دەڤەری سەوڵاواو هەوراماندا چالاکی ئەکەن.

ئامانجی ئەم رایەڵە مافیاییانە بریتین لە:

١- ناسینەوەو تیرۆری ناحەزانی رژیم
٢- چاودێریو کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆو کەسابەتی سنوور
٣- بڵاوکردنەوەی موخەدەراتو پەرەوپێدانی بەدڕەوشتیو ئایدز

٤- ناشــيرين كــردنی رواڵــەتی مــەریوان بــە: ئــازاردانی میــوان، گەشــتیارو موســافیرە دەرەکیــەکان هــەروەها ئاژاوەنانــەوە، بشێوی کۆمەڵایەتی، شەڕوشۆڕی سەرشەقامو عەشیرەیی
٥- نائەمن کردنی ناوچەکە بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ ئـەوەی: هـەم خەڵکانێکی زۆرتـر بـبن بـە جـاشو هـەم بیـانوویش بـە دەسـت رژیمەوە بێت بۆ زیاتر میلیتاریزە کردنی ئەم دەڤەرە
٦- قۆرخ کردنو گرتنەدەستی هەندێک کاسبی بـۆ سـپای پاسـداران وەک: چەکوچۆڵ، مەشروبو ئاسەوارە دێرینەکان

سپا بۆ ئەو لۆمپەنانەی کە تێکەڵ بـە رایەڵـە مافیاییـەکانی ئـەبن وێـڕای ئیزنی چەک هەڵگرنو هەندێک ئیمتیازو پارە، چەترێکی ئەمنیەتیشیان بـۆ ســاز ئــەکات بــۆ: دزی، تــالان، بــاجســێنیو مامەڵــەی موخــەدەرات، مەشروبو.. هەر بۆیەش تا کاتی گـیرانی هیـوا باندەکـەی رۆژ بـە رۆژ گەورەو گەورەتر ئەبووەوەو ئەتوانین بڵـێین جـۆرە پێشـبڕکێیەکیش لـە ناو خوێڕیو لۆمپەنەکاندا بـۆ نزیکتربوونـەوە لـە جـەنابی حـاجی (ئـەو ناوەی کە ئەندامانی ئەو باندە وەک نازناو بە هیوایان ئەوت) پەیدابوو.

# هیوای تاب‌و بانده‌كه‌ی

**هیوا كێیه‌؟**

جاش هیوا تاب، كوڕی عه‌بدولاَّبه‌گ، خه‌ڵكی گوندی وله‌ژێر له‌ ٥ كیلۆمه‌تری باشووری شاری مه‌ریوان، له‌دایكبووی ١٣٤٨، خوێنده‌واری: دیپلۆم پله‌ی نیزامی: سه‌رهه‌نگ ته‌واو، دوایین پۆستی سازمانی: فه‌رمانده‌ی ئیتلاعاتی سپا*ی مه‌ریوان؛ ناوبراو هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای لاوێتییه‌وه‌ چه‌كی خیانه‌تی كرده‌ شان‌و ساڵی ١٣٦٣ له‌ سپای پاسداراندا ده‌ستی به‌ خزمه‌ت به‌ رژیم كردو له‌ رۆژی ئه‌ندامێتییه‌وه‌ له‌ سپادا ئه‌ركگه‌لێكی جۆراوجۆری پێدراوه‌ وه‌ك: ئیمدادگه‌ری بۆ كاروباری ده‌رمانی، په‌یك واته‌ نامه‌گه‌یاندن، سیخوڕی‌و كۆكردنه‌وه‌ی هه‌واڵ له‌ ناوشاردا، پاش ماوه‌یه‌ك له‌ پایه‌گای گوندی «سیاناو»و پاشان پایه‌گای گونده‌كه‌ی خۆی واته‌ »وله‌ژێر» سازمان درا. دواتریش كرا به‌ به‌رپرسی پایه‌گای سپا له‌ وله‌ژێر پاشان بوو به‌ جێگرو دوای ماوه‌یه‌كی كورت فه‌رمانده‌ی ئیتلاعاتی «میحوه‌ری چه‌مران» له‌ گوندی

---

* «سازمان اطلاعات سپاه» ئۆرگانی هه‌واڵگری سپایه‌و پێشتر له‌ وه‌زاره‌تی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامی واواك(دامه‌زران١٣٦٣) دامه‌زراوه‌و هه‌موو ئه‌ركه‌كانی ئه‌م وه‌زاره‌ته‌ی به‌ر له‌ دامه‌زراندن له‌ ئه‌ستۆ بووه‌. واواك میراتگری ساواكی شا(١٣٥٧-١٣٣٤)یه‌ به‌ڵام ترسێنه‌رترو داپڵۆسێنه‌رتر له‌و. له‌ هه‌موو ئیداره‌و ئۆرگانه‌ ده‌وڵه‌تیه‌كاندا به‌ ناوی حفاظت، حراست یا گزینش‌ه‌وه‌ بنكه‌ی هه‌یه‌ هه‌روه‌ها له‌ نیروی ئینتیزامیشدا، كه‌ ناوی معاونت اطلاعات نیروی انتظامی‌یه‌. جیاوازی نێوان ئیتلاعاتی نیرو ئینتیزامی، حیفازه‌ت، حه‌راسه‌ت‌و گوزینشه‌كان له‌گه‌ڵ ئیتلاعاتی سپادا ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئیتلاعاتی سپا سه‌ربه‌خۆو ته‌نانه‌ت ناته‌بایه‌ له‌گه‌ڵیشیاندا به‌ڵام ئه‌وان به‌شێكن له‌ واواكو كادره‌كانیشی له‌ لایه‌ن واواكه‌وه‌ دیاری ئه‌كرێن.

سیاناودا کە بریتیبوو لەم دەڤەرانە: «کـانی مانگـا ـدەرگاشـێخان، بیەکـەرە، سـەردۆش، نێو ولەژێر» دواتر گوازرایەوە بـۆ ئیتلاعـاتی سـپای مـەریـوان. ماوەیەکیش بە هۆی ئەوەی کە دزی لێوەدەرکەوت لە سەر کار لابـرا. بـەڵام کە گەڕاندیانەوە سـەر کـار؛ کردیـان بـە بەرپرسـی لوجسـتیکی تیپـی دووی شەهید کازمیی سپای مەریوان(!!) لـەم دواییانـەیش دا پۆسـتی فـەرمانـدەی ئیتلاعاتی هەمان تیپو بەرپرسـێتی بـەشـی عـەمـەلیـاتی سـپای پاسـدارانی مەریوان لە سەر سـنوورو تـەنانـەت بـۆ دەرەوەی سـنوورەکانیشـی پێـدرا. ئەمەش واتە دەسەڵاتێکی بێسنوور بۆ کونترۆڵکردنی ناوچەکـەو بـەتایبـەتی هاتوچۆی سنوورەکانی مەریوان.

چڵکاوخۆریو ئەڵقەلەگوێیی ئەو تا رادەیەک زەقو بەرچاو بوو کـە نیسـبەت بە جاشە هاوشانەکانی خۆی زیاترو زووتر پلەو پایـەی نیزامـی چووەسـەر، تەنانەت دەنگۆی ئەوەیش هەیە کە خامنەیـی رێبـەری کۆمـاری ئیسـلامی لـە نامەیەکدا ئاوای بۆ نووسـیبێ: «..حـال نـور چشـم مـن در کردسـتان چطـور است؟» (کەمال هووشـەنگی کوڕی حەمەوبەگی دەرەوەران بـەنـاو شـەهیدی زیندوو، پاسداری خانەنشینو ژنبرای هیوا تاب دەقـی نامـەکـەی لای هیـوادا دیوەو ئەم قسەیە لە زاری ئەوەوە دزەی کردۆتە دەرەوە)

هیوا تاب هەر لە سەرەتای جاشێتییەوە تا دەگاتە ئەم سێچوار ساڵەی دوایی کە دەسەڵاتێکی رەهای لە سیستمی ئیداری کۆماری ئیسلامیدا پەیدا کردبـوو، جینایەتو تاوانگەلێکی بێئەژماری ئەنجام داوە کە لە ژێر پـەردەی مانـەوەی دەسەڵاتی رژیمدا زۆرێکیان بۆ خەڵکی کوردستان هێشـتا شـاردراوەیەو بـۆ ئێمەیش سەرەڕای لێوردبوونەوەیەکی درێژخایەن هێشتا هەر وێنەیەکی لێڵو ناکاملمان لێی هەیە. هیوا تاب ئەو بەکرێگیراوە دڕندەخووە بوو کە بە هەموو چەشنێکو لە هەموو رێگایەکـەوە کـە بیتوانیبـا زیـانی بـە خـەڵـکی ناوچـەی مـــەریـــوان ئەگەیانـــد؛ بـــە گـــرتـدانی کـــەســـانێکی زۆر، هەڕەشـــەکردنو ئەزیـەتکـردنی بنەماڵـەی پێشـمەرگە، بـاجسـەنـدنو تـاڵانکردنی دارایـی کاسبکارانی مەرز، ئەشکەنجەکردنو لێدانی خەڵک لە گرتووخانەکانی سپادا،

بێسەروشوێن کردن‌و کوشتنی دەیان کەسی شۆڕشگێڕو تەنانەت کاسبکارو خەڵکی سڤیل‌و بێتاوانی وایش کە هەر فڕی بە سەر سیاسەتەوە نەبووە، ئەو بیرەوەرییانەن کە خەڵکی ئەم دەڤەرە لە هیوایان هەیە. بەڵام ئەوەی کە وایکرد ناوی هیوا ئاوەها بە زۆری بکەوێتە سەر زمانەکان؛ پێکهێنانی رایەڵەیەکی سیخوڕی_مافیایی بوو لە راستای سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسدارانداو وەک پێشتر باسی لێوەکرا بەدیلێک بۆ سازمان پیشمرگان. ئەندامانی ئەو باندەی کە هیوا تاب پێکی‌هێناو سەرپەرشتی ئەکرد بریتی‌بوون لە: موخەدەراتچی، خوێڕی سەر شەقام، چەقۆکێش‌و قاوەخانەیی، بادیگاردی دەوڵەمەنەکان، مەشروب فرۆش، شۆفیرە زیرەکەکانی مەرز، بازاڕییە موخبیرەکان‌و.. ئەم لۆمپەنانە بەرە بەرە چەکدارو پەروەردە کران تا ببنە گانگستەر بۆ سیستماتیک کردنی تاوان‌و جینایەتەکانی هیوا تاب. بە زەحمەت کەس بتوانێ سنوورێک بۆ کردەوە دژە ئەخلاقی، نامرۆڤانەو چەپەڵەکانی هیواو باندەکەی دابنێت. بەربڵاوی‌و فرە رەهەندی چوارچێوەی کاری ئەو مافیایە بە چەشنێکە کە قسەکردن لەسەری پڕاوپڕی ئەو پەندەیە کە ئەڵێ: «پیسی تا چیلکەی تێخەی، بۆ ئەداتەوە».

### باندی بەدڕەوشتیی‌و موخەدەرات

کۆنە جاشێک گێڕایەوە کە هیوا کەسێکی ماستاوچی بووەو هەردەم خۆی لە فەرماندەکان نزیک ئەخستەوە: لە سەردەمی حاجی فەرهاد(دزی قورئانەکەی نگڵ)دا هیواو بنەماڵەی زاهیدە کەچەڵ، یەک: باری خەڵکیان بە گرت ئەداو دواتر سێ‌قۆڵی بە شەریکی ئەیانفرۆشتەوە. دوو: تریاکی حاجی فەرهادو میوانەکانیان دابین ئەکردو لە بەرانبەردا ئازاد بوون لە مامەڵەی موخەدەراتدا. تا کاتی گیرانی هیوا هاوکاسەیی ئەم سێ کەسە بەردەوام بوو حاج فرهاد کە ئەهاتەوە بۆ مەریوان تەنیا ماڵی ئەم دوو کەسە ئەچوو، کوشتنی عەبە قەتحەوانیش لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو مۆمیایی یا

خەزێنەیەدا بوو تا حاج فرهاد کـە نزیکـی بنەماڵـەی رەفسـەنجانیو یـەک لـە مافیای عەتیقەو ئاسەوارە دێرینەکانە بیتوێنێتەوە.
هەروەها کە زۆربەی سەرکەوتنە ئیدارییەکانی هیـواو بەرزبوونـەوەی پلـەو پایەی بە بۆنەی ماستاوچێتییەوە بوو نەک لێهاتوویی‌و بڕینی یاسـایی قۆنـاغ بە قۆناغی دەرەجەکانی سپا. هەتا بەرپرسانی سپا زیاتر بێئەخلاق بوونایە ، هیوا فرەتر لێیان نزیک ئەبوو، بە رادەیەک کە هاوجاشەکانی ئەو سەردەمەی (واتە پێش لە بوونی بە بەرپرسی ئیتلاعاتی سپا) لایان وایە فەرماندە یەک لە دوای یەکەکانی سپای مەریوان نەقش‌و رۆڵی پیاوی دووهەمیان ئەدی لە نـاو ماڵ‌و خێزانی هیوادا.
کۆنە جاشێکی‌تر گێڕایەوە: لەو ئەوەڵانۆ کە هیوا هاتبوە نـاو سـپا هـەتیوێکی لوسـکەلەی خـرپنی موولێنـەهاتوو بـوو. لەبـەر ئـەوەی کـە ئـەو قسـەیە بـە شوێنیەوە بوو کە «کو..»یە ئێمەومانان[جاشە ماقوولەکان!] هەر تەحوێڵـمان نەئەگرت، تا دە جاریش سڵاوی لێم کردووە جوابیم نەیاوەتۆ..
بڕەوپێدانی بەدڕەوشتی‌و ئایدز بە هێنـان‌و کرێـدانی ئـافرەتی لـەشـفرۆش‌و نــەخــۆش لــە شــارە گــەورەکــانی ئێرانــەوە بــۆ مــەریــوان یــەکێکی‌تــر لــە دەستەگوڵەکانی ئەو خۆفرۆشە بوو.
دەرەجەدارێکی ئاگاهی ئـەم راسـتییەی درکانـدبوو: کـە رۆژێـک تـەعمیرکار ش.ف بە شڵەژاوی هات بۆ ئیدارەو لە بەر ئەوەی ئاشنای رەئیس بوو گورج ئێمەیان راسپارد کە لەگەڵیا بۆ هەر کوێ وتی بچین وەستا لە ناو رێگادا ئـەم شتەی بۆ گێڕاینەوە: دوێ ئێوارە تەلەفونێکم بـۆ کـرا کـە گوایـە ...ی ماڵـێک خـراپ بـووە بـۆ چـاککردنی چـووم بـۆ ئـەو ئادرەسـەی پێیـان دام. بـەس ئافرەتێکی فارس لەو ماڵەدا بوو. منیش دوای پشکنین لە ...ی ماڵـەکەدا هـیچ عەیبێکم نەدۆزیەوە. ئافرەتەکە چووە دیوێک‌و بانگی کردم‌و وتی: بێ بۆ ئێرە لەوانەیە گرفتەکە لێرەدا بێت. کـە چوومـە ژوورەوە بینـیم ئافرەتەکـە خـۆی رووت کردوەتەوەو جێگە راخراوو داوای سیکسی لێکردم.. ئـەم بەیانیـە کـە چووم بۆ دووکان دیم پاکەتێک لە درزی درگـاوە خراوەتـە ژوور. CDیـەکی

تێدایەو نامەیەکیش کە لێی نووسراوە ئەگەر پێنج ملوێن تمەنمان پێ نـەدەیت ئەم CDیە بلاو ئەکەینەوە ئیتر چوومـۆ بـۆ مالـۆو تماشـای CDیەکـەم کـرد بریتیە لە چوونە ژوورەوەم بۆ ناو ژوورەکـەی دوێکـە تـا ئـاخری کارەکـەو چەند جارێکیش روخسارم زووم کراوە. کە گەیشتینە ئادرەسـەکە ئـەو مالـە چۆڵ بوو. لە دراوسێکانمان پرسـی وتیـان چەنـد رۆژێکـە شـۆڕشو حەمیـد داباشیو ماجید فەتاحیو ئەو تاقمە سەردانی ئەم ماڵە ئەکەن. هەر ئەو رۆژە شۆڕشمان دەسگیر کردو لە ژێر شکەنجەدا پێهـات کـە لـەو خـانوەدا ش.ف ۱۹هەمین کەسە کە بانگهێشتمان کردوەتە ئەوێ ئەو ۱۸کـەیان بـەو شـێوەیە باجمان لێی سەندووەو لە ترسـی ئابـڕوویان هیچیـان نـەوتوە. بـەر لـەوەی لێکۆلـینەوەکەمان تـەواو ببـێ ئیتلاعـاتی سـپا شـۆڕشو پەروەندەکـەی لـێ سەندینو نەیهێشت بینێرین بۆ دادگا.

ئەسعەد هەجمنەیی ئەو لۆمپەن_جاشەی ئەنـدامی باندەکـەی هیـوا کـە دوای ئەوەی بە پەیوەندی هیوا لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا ئەزانیو هـەڕەشـە ئـەنێرێتـە سەریان، هیوا ئەیکوژێتو دواتریش ژنەکەی لە ئەندامێکیتری ئەو باندە مارە ئەبڕێت تا دیسانەوە لە بەردەستیدا بێت. ئەسعەد شێخەکوێرەییش بەرپرسی خانـە بهداشـتی دەری سـیخوڕی سـپا بـە هـەمان شـێوە بـوو بـە قوربـانی بێئەخلاقی هیوا تاب.

بێهــروز.ب کــوڕی یــەکێک لــە کۆنــە نوێنــەرانی مــەجلیسو یــەک لــە گانگستەرەکانی ئەو باندە کە لە ساوپەنای سپادا ئەفیونی ناوچەی ژاوەرۆی تەئمین ئەکرد کاتێک بـۆی دەرکـەوت هیـوا لەگـەڵ ژنەکەیدایـەو بەوەشـەوە نەوەستاوە هەندێک کەڵەگای تریشی لەخۆی ئالاندووە بۆ هـاتوچۆی مالـیان؛ لە هیواو باندەکەی بە تەواوی دابڕا.

م.ب هاولاتییەکی دیکەیە کە ماوەی ۲ ساڵێک بوو کەوتبوە بـەرچاوی هیـواو لەو ماوەیەدا چەند جارێک گرتی. جارێکیان زیندان کـراو تەنانـەت دادگـایش دووساڵو نیو زیندان، ۸۰۰ هەزارتمەن جەریمەو ۸۰ زەربـە شـەلاق حـوکمی دا. کە داوای تجدید نظری کردو کاتێکیش بە زەمانەت ئـازاد کرابـوو دیسـان

لای پادگانی تیپی٢ی کازمیدا(ئەو پادگانەی هیوا کاری تێدائـەکرد) گرتیـەوەو بەو بیانووەوە کە بۆ وێنەگرتن هاتوەتە ئەوێ، دوو شەووڕۆژ لەوێ لێیانـدا. لـەو ماوەیـەدا تاوناتاوێـک بـە تەلـەفۆن هەڕەشـەی لێئـەکردو هەڵـیئەکوتایە ناومالّیان. ئەم هاولاتییە کاتێک لەملاولا بیستیەوە کە هیوا سۆسەی ژنەکـەی ئەکاتو هەر بەو هۆیەوە ئازاری ئەدات، چونکـوو خـۆی وتـەنی: نـە شـەڕی هیوای پێئەکراو نە ئەیشیەویست سـەر لـە خـۆیو منداڵـەکەی بشـێوێنێ؛ بـە ماڵو خێزانەوە هەڵهات بۆ ئەودیو.
ح.چاڵیسووری هاوجاشی هیوا دوای ماوەیێک نزیکایەتیو هاتوچۆی گـەرم، کە زانی هیوا بە هۆی ژنەکەیەوە ئامشۆی ئەکات لێی دابڕا. بەلام پێیـی وایـە بە هۆی دەستوپێوەندەکانیەوە تا ئیستە ٤ جار هیوا هەوڵی داوە کە تیرۆری بکـات، بۆیـە ئـەویش یـەک لـەو کەسـانەی نـاو سـپایە کـە دوای گـیرانی شکایەتنامەیان لە دژی پڕکردۆتەوە.
حەمید.د ئەو لۆمپەنەی کە لە سەر دزینی ماشینو گیرانی بـە مەشـروبەوەو هەڵهاتنی لە ڕێگەی دادگـادا، کێشـەیەکی فـرەو فـراوانی بـۆ پێشـهاتبووو بـە دوایەوە بوونو دواتر هیوا داوای هاوکاری لێکردو بوو بـە گانگسـتەری؛ لای کۆنە جاشێکدا ئاوا دەردەدڵی بە دەست داوێنپیسی هیواوە کردبوو: تا ئیستە دەیان جار هاتوەتە ناو ماڵـەکەمو بـە بەرچاومـەوە خـەریکی ژنەکـەم بـووە بەلام لە ترسی گیانی خۆم نەموێراوە فزە بکەم.
ئەمانە تەنیا مشـتێ لـە نمونـەی خـەرواری بـێئەخلاقیـەکانی ئـەو جـەللادە فاسیدەن. قوربانیەکانو ئاستی داوێنپیسیو دەستدرێژی سیکسی ئەو جاشە بە تـەواوی نـەزانراوە بـەلام بـە نیسـبەت خـەڵکی سڤـیلەوەو بەتایبـەت بـۆ ژنەکانی ئەندامانی باندەکەی خـۆی هـیچ هێڵـێکی کۆمەلایـەتیو سـنووریکی ئەخلاقی نەدەپاراستو تەنانەت هاوسەرانی پیاوەکانی خۆی بەکارئەهێنا بـۆ ڕاوکردنو لە تۆڕ خستنی ئافرەتی دیکە تا کەڵکی سێکسیان لێوەربگرێت.
جیا لەمانـە هیـوا تـاب هـەم خـۆی تووشـبووی موخـەدەرات بـوو؛ هـەمیش بازرگانی پێوەدەکردو وەک ئامرازێکیش بۆ ڕاکێشانی تووشـبووان بـۆ نـاو

باندەکـەی‌و ئەنجامـدانی کـاری تیرۆریسـتی‌و بڵاوکردنـەوەی موخـەدەرات کەڵکی لێوەردەگرتن. هەروەها لە ژێر سای ئـەودا بازرگانـانی موخـەدەرات ئاســوودەتر لــە جــاران کاســبی خۆیــان ئــەکردو خەڵــکیان لــەو بــەڵا ماڵوێرانکەرەوە ئەتلاند.

هەندێک لە لۆمپەنەکانی دەست‌وپێوەندی هیوای تاب بە ماشینی جۆراوجـۆر لە مەریوان‌و تەنانەت لە سەر سنوورەوە مەشروب‌و چەکیان ئەبرد بۆ شارە گەورەکانی ئێران‌و لەو سـەرەوە لەگـەڵ خۆیـان موخـەدەراتیـان ئـەهێناوە. جاروباریش کە ئەنـدامانی ئـەو بانـدە لـە لایـەن دەزگاکـانی‌تـری رژیمـەوە ئەگیران هیوا بە هاوکاری ئیتلاعـاتی سـپا لـە قەڵـەمی ئـەدان‌و خێـرا ئـازادی ئەکردن‌و نەیئەهێشت گرفتیان بۆ ساز ببێ.

وێڕای کەڵک وەرگرتن لە قاچاخەڕێکـان، کاروانـەکانی هیـوا جاروبـار بـەم شێوەیەش بەڕێئەکران: تیمێک وەک پێشڕەو ئەچووە ناو بازدیدەکانی نیرو ئینتیزامی‌و بەڵگەی مەئموریتی ئیتلاعاتی سپایان نیشان ئەدان‌و بازدیدەکەیان بە ئینتیزامی چۆڵ‌ئەکرد تا کاروانەکـەی خۆیـان بـڕوات پاشـان بازیدەکـەیان جێ‌ئەهێشـت‌و ئـەچوون بـۆ بازدیـدێکی دیکـەی نـاو ڕێگـە تـا پەڕاندنـەوەی بارەکەو گەیاندنی بە شوێنی مەبەست.

## قاچاخ، تالان، کوشتوبڕ

هیوای تاب لە ڕێگەی باندەکەیەوە بە شێوازێکی یەکجار سیستماتیک زنجیرە کردەوەییێکی دژەمرۆیی‌و تیرۆریستی ئـەنجـام دەدا بـە مەبەسـتی ناشـیرین کردنی رواڵەتی مەریوان‌و چاندنی ترس‌و بێ‌متمانەیی لە ناو دانیشتوانیدا لـە ڕێگەی ئاژاوەنانەوەو شەڕوشۆڕی سەرشەقام‌و برەوپێدانی عەشیرەگەری‌و تایفەچێتی: لە سەردانەکەی خامنەیی بـۆ کوردسـتاندا ئـەوە بـوو بـە تونـدی هێرشی کردە سەر تاقمی سەلەفی‌و وەهابی، ئەمـەیش لـە عـورفی کۆمـاری

ئیسلامیدا واتە جەوازو دەستوور بۆ پەلاماردانو کۆکردنەوەیان. ماوەیەکی کەم دوای چوونەوەی خامنەیی چەندین کەس سەر بە رەوتە جیاجیاکانی ئیسلامی سیاسی گیرانو راپێچی بەندیخانەکان کران. باندەکەی هیوایش بە کەڵکوەرگرتن لەم هەلە چەند سەلەفییەکیان لە مەریوان کوشتو لە سنەیشدا دوو مەلای بەناوبانگی نزیک لە تەریقەتی نەقشبەندیان تیرۆرکرد تا وابگەیەنن ئەو کارە سەلەفییەکان کردوویانەو بیانوویەک بێت بۆ زەبرو زەنگی زۆرتر لە سەر ئیسلامی سیاسیو لە ناو خەڵکیشدا ئەو دووبەرەکیە لەمێژینەی نێوان تەسەوفو ئوسووڵیەکان زەقتر ببێتەوەو قسەی ئەوەیش لە ئارادایە کە چەندین کەسی دیکە سەر بە هەر دوو لا لە لیستی تیرۆری هیوادا بوون بەڵام فریانەکەوتو خۆی گیرا.

بەگرتدانو دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە سەر سنووری پێنجوێن یان بە گشتی لە ناوچەی مەریواندا و بەرێکردنیان بۆ بنکەکانی سپاو ئیدارەی ئیتلاعات بە بیانووی بێبنەمای هاوکاریو ئەندامەتی لە حیزبە کوردستانییە دژبەرەکانی رێژیم؛ یەکێکیتر لەو کردارانەی هیوای تاب بوو کە بۆ سەلماندنی زۆڵەکوردبوونو خۆشخزمەتی بێگانە دەینواند.

زیاتر لە دە ساڵ لەوەوپێش لە مەسەلەی قەتڵی سیروان سەلامی کوڕی شێخمەحموود مامۆستای قوتابخانەدا کە بە دەستی باسیتی کوڕی زاهیدی مەلا قازییو موختار شاسواری کوڕی ئەحمەد کوژرا، ئەمجەد سعادتی کوڕی مەلاسەعیدی مزگەوتی دارولئیحسان بە پێشنیاری هیوا تاب قەتڵەکەی گرتبوە ئەستۆی خۆی. ئەو داماوە زۆر دواتر زانی کە بنەماڵەی زاهیدی مەلا قازیو خێڵی شاسواری پارەیان بە هیوا داوە کە کوڕەکانیان لەو فەرتەنە دەرباز بنو ئەمجەد لە سەرەتاوە ٢٠٠هەزار تمەنی لە هیوا وەرگرتبووو بەهیوابوو کە ئەگەر ئەو قەتڵە بە گەردن بگرێ، تەنیا چەند رۆژێک لە زیندانا بمێنێتەوەو هیوا تاب بیهێنێتەدەرو تەنانەت لە سپایشا دایمەزرێنێ، هەر بۆیە باسیتو موختار هەروەها پەیمان رەحیمی کوڕی رەزا کەچەڵی سەرومال

ڕانندەی ئەو پەیكانەی سیروانی تیاكوژرا هەر یەكەو ٨مانگ زیندان كرانو پاشان تەبرەئە بوون لە حاڵێكدا ئەمجەد حوكمی «قصاص»ی بۆ دەرچوو.

حاجیساڵحی بەیەڵە بۆ ئەوەی كە كوڕەكەی (سەلاح كەریمیان دۆستو هاوگومانلێكراوی بەخەلاڵ) دەرباز بكاتو چیتر ڕژیم دوای نەكەوێت ٥٠ ملوێن تمەن باج بە هیوا ئەدات، ماوەیەكی كەم دوای ئەوەی هیوا پارەكە وەرئەگرێو بەڵێن ئەدات بە حاجی ساڵح كە كاری كوڕەكەیی چاك كردووەو ئەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ مەریوان؛ لە ڕێگەی ئەندامێكی باندەكەیەوە لە سنوور قەرارێك لەگەڵ سەلاح دائەنێتو ئەچێ بۆ كوشتنیو لە ئاكامدا ژنبرایەكی سەلاحو هاولاتیەكی پێنجوێنی بەرئەكەونو ئەكوژرێن بەلام سەلاح دەرباز ئەبێت*

یان ئەم دواییانە كە كاتێك ئەو باندە سۆسەی هەندێك پارە (٤٠ ملوێن تمەن) لای قاچاخچی مەشروب بەختیار مورادی خەڵكی جوجەسازی ئەكەن لە ڕێگەی حەمید داباشیەوە كە دۆستی بەختیارە بە فڕوفێڵ ئیستەیشنە ئامبولانسیەكەی حەمیدی پێئەدەنو وائەگەیەنن كە گوایە حەمید لە ناوڕێگا ماوەتەوەو ماشینێكی خراپ بووەو بچێ بۆ بوكسیلكردنی. دەستبەجێ لە گەڕەكی ترمینالدا دەستڕێژی لێئەكەن. لەم تەقەیەدا بە شێوەیەكی چاوەڕواننەكراوو سەرەڕای برینی قووڵی، بەختیار زیندوو ئەمێنێتەوە بەلام پارەو كەلوپەلەكەی ئەدزن. قسەی ئەوەیش لە ئارادا هەیە كە داوای هاوكاریان لە ناوبراو كردوەو بەلام ئەو ملی پیانەكردووە بۆیە هەم تالانیان كردوەو هەم هەوڵیانداوە بیكوژن.

كۆنترۆڵكردنی هاتوچۆو كەسابەتی سنوور، قۆرخكردنو گرتنەدەستی قاچاخو كەسابەتی هاوردەی چەكو مەشروب، هەروەها تالانی ئاسەوارە دێرینەكانی ناوچە بۆ خۆیانو سپای پاسداران؛ یەكێكیتر لە ئامانجەكانی

---

* هەر بەم بۆنەیەوە حاجی ساڵح یەك لەو كەسانە بوو كە دوای گیرانی هیوا شكاتی لێكردو لە ناو خەڵكیشدا زەمیئەكرد، ماڵی ئەحا نەجاڕیش كە بۆ پاراستنی سەرمایەكەیان نزیكیان لەگەڵ هیوادا هەبوو، دوو جار بە خۆیانو بادیگاردەكانیانەوە هەڵیانكوتایە سەریو شەڕیان پێفرۆشت.

ئەوباندە بوو. ئەوان بە هێرش کردنەسەر کاسبکارانی ناوچەکە، باجسەندن لێیان، تالانکردنی کەلوپەل، سوتاندنی ماشینەکانیان‌و تەنانەت هەندێ‌جار کوشتنیشیان پوڵو پارەیەکی زۆریان پێکەوەنا، خودی هیوا ئیستە خاوەنی دەیان دوکان‌و ماڵو ماشینە، کە زۆربەیان وابەدەستی سیخوڕەکانی خۆیەوەو سەرمایەکەی بۆ وەگەڕئەخەن. ئەیشوترێ لە دەمودەستی گیرانیدا حسابە بانکیەکەی خۆی نزیک بە ٦ ملیارد تمەن‌و هی ژنەکەیشی ٣ ملیاردی تێدابوو کە بە حوکمی دادگا دەستیان بەسەرداگیراوە.

## کلکی پێنجوێن‌و باشوور

کۆماری ئیسلامی بە بیانووی پاراستنی ئەمنی دەرەکییەوە چەندین تۆڕو رایەڵەی تیرۆریستی-سیخوڕی لە هەرێمی کوردستاندا پێکهێناوە. رژیم بە کەڵک ورگرتن لە: ١) تاقمێک لەو ئاوارە باشووریانەی دوای راپەڕینی ١٩٩١ بە هۆی مانەوەیان لەم دیو یان هاتوچۆی بەردەوامی عاتیفی-بازرگانییان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بوون بە جاشی ئێران ٢) ئیسلامی سیاسی باشوور بەتایبەت تاقمی ئەنساری سەر بە قاعیدە؛ لە رێگەی داموو دەزگا رەسمیەکانی: قەرارگا رەمەزان، کونسولگەری، حسەینیەو کاناڵە بەناو بازرگانیەکانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا ئەو رایەڵانە رێکدەخاتو سەرپەرشتیان ئەکات. ئەم تۆڕانەی کۆماری ئیسلامی رۆڵێکی گرینگیان بینیوە لە: شەڕەکانی ناوخۆی سەرجەم هێزە کوردیەکانی باشووردا، تیرۆری نزیک بە ٣٠٠ ئەندامی حیزبەکانی رۆژهەڵاتو بڵاوکردنەوەی موخەدەرات لە کوردستانی عیراقدا. هەروەها شوێن‌پێی ئەو رایەڵە سیخوڕی‌و ئیرهابیانەی کۆماری ئیسلامی لە چەندین رووداوی تەقینەوە لە کوردستان‌و عیراقدا دیارو ئاشکرایە، جیا لەمانەیش دوو ئامانجی دیکەی ئەمنی دەرەکی کۆماری ئیسلامی واتە: چاودێریکردنی جموجووڵی ئوپوزوسیۆنە کوردیەکان‌و کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە هێزەکانی

ئەمریکاو پاسەوانانی سنوور(مارێنز) هەر بە هۆی ئەو رایەڵانەوە مسۆگەر ئەبێ.

هاوسنووری مەریوان لەگەڵ هەرێمی کوردستان(دەڤەری پێنجوێن)دا وێڕای دەستکەوتە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی بۆ خەڵکی هەر دوو لا، بووەتە دەروازەیەکی سەرەکیش بۆ تەشەنەکردنی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا.

لە درێژەی سیاسەتەکانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا، کلکی هیوا تابیش درێژ بووەوەو گەیشتە ئەودیوو تۆڕێکی سیخوڕی لە ناوچەی پێنجوێندا بۆ چاودێریو کۆنترۆڵکردنی سنوورو لە کاتی پێویستیشدا بۆ: ئامادەکاریو ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستانو لە هەمبەر ئۆپۆزۆسیونی کوردی ئێراندا، پێکهێنا.

لەو گانگستەرانەی هیوا تاب کە لە ناوچەی پێنجوێندا چالاکیان ئەنجام داوە ئەکرێ ئاماژە بکەین بە ئەم کەسانەی خوارەوە:

- کەریمی حسەین چۆلەکە یان کەریمی ئەمین ئازەر خەڵکی گۆخڵان (لە ناوچەی شلێر) تاوانبارە بە کوشتنی هەر دوو پێشمەرگەکەی یەکیەتی شۆڕشگێڕانو مەجی کاکەوڵای نێ. ناوبراو لەم دواییانەدا لە نزیک گوندی کاوملەی سەقز کوژرا.

- حەمەی حسەین بەگ خەڵکی گوندی سیاگوێزی پێنجوێنەو لە زۆربەی کارە تیرۆریستیەکانی ناوچەی پێنجوێندا دەستی بووە وەک کوشتنی ١٠ پاسەوانی سەر سنوور لە کانیخانو سیاگوێز. ئەم تیرۆریستە لە بانە کوژرا.

- کەسێکی دیکەی ئەندامی باندەکەی هیوا لە ناوچەی پێنجوێندا کە پسپۆڕی تەقەمەنیو بە دەستی راستی هیوا ئەژمێردرا بە ناو حسەینی رەسوڵزادە بۆمبێکی مین رێژکراوی لە کاتی چاندندا پیا تەقیەوەو کوشتی.

- پیاوکوژێکی دیکەی هیوا تاب لەودیو بە ناوی محەمەد مەحموود کەرەم خەڵکی عێزەتاوای پێنجوێنەو لە رێکخستن‌و ئەنجامدانی کارە سیخوڕی‌و تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی‌و تاقمی ئەنساردا رۆڵێکی بەرچاو ئەبینێ. باندەکەی هیوا وێڕای مامەڵەی مەشروب، چەکو موخەدەرات ناوبەناویش لەگەڵ کەسانێکی بە روخسارو لەهجەدا خەڵکی ئەودیو ئەبینران. زۆر جار بە مینی‌بووس لە قاچاخەڕێی مەریوان_کرماشاندا لە کاتی خراپ‌بوونی ماشینەکە یان فێنک کردنەوەیدا خەڵکی ئاسایی ئەم تاقمە کەسانەیان دیوە کە هەموویان گەنج‌و ریشن بوون‌و نوێژخوێندنیشیان لە هی ئیسلامییە رادیکاڵەکان چووە. بۆیە گومانی ئەوەیان لە سەرە بۆ راهێنانی نیزامی بە مەبەستی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی برابێتن بۆ پادگانەکانی سپا لە دەرەوەی مەریوان.

## کارکردن لەگەڵ میتی تورکی

سنووری گەنەکارییەکانی هیوا تاب لە مەریوان‌و سپا تێدەپەڕی‌و گەیشتە رادەی هاوکاری لەگەڵ دەزگای ئەمنیەتی میتی تورکیە بۆ کوشتن‌و بەدەستەوەدانی گەریلاکانی پەکەکەو پژاک. ئەم پەیوەندییەش لە رێگەی بەرپرسانی سپای ئورمیەوە سازکرا کە دوای گیرانی هیوا سەرهەنگێکی سپای ئورمیەش بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ باندەکەی هیوادا دەسبەسەرکرا. ناوبراو بە مەبەستی زیاتر نائەمن نیشاندانی ناوچەکە؛ هەر لە لەشفرۆش‌و موعتادی شارە گەورەکانی ئێرانەوە بگرە تا ئەو تاجرو بازرگانە غەیرەکوردانەی کە بۆ مامەڵە هاتبوون بۆ مەریوان‌و تەنانەت هاوڵاتیانی ئەو دیو کە بێ‌مۆڵەت سنووریان بەزاندبووو گیرابوون یان بە هەر چەشنێک کەوتبوونە داوی باندەکەیەوە؛ جل‌وبەرگی پژاکی لەبەرئەکردن‌و وێنەو فیلمی لێ‌هەڵگرتون‌و سەرەنجام بە نرخی PKK یی کوشتونی‌و پارەو خەڵاتی دووبلەی لە واواکو میت وەرگرتوە. لە ماڵی یەکێک لە دەست‌وپێوەندەکانی

ئـەو بانـدە لـە سـنەدا دەیـان دەسـت جـل‌وبـەرگی تـازە دووراوی پـڕاک دەستی‌بەسەرداگیرا کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوون. ئیستا ناوبەناو دوای ئیعترافەکانی ئەندامانی گیراوی ئـەو بانـدە، دادگـا بنەماڵـەی چەنـدین کـەس بێسەروشوێنکراوی ئاگادار کردۆتەوە کە کەسەکەیان لە لایـەن هیـوا تابـەوە کوژراوە، بەڵام ناونیشان‌و هەژماری ئـەم قوربانییانـە هێشـتا بـە ڕێکـوێیکی نەزانراوە. بۆ نموونە ئەو پرایدە نوقرەییە کە سـێ کەسـی تێـدابووو لـە بـەر ئاوایی کاڵـدا دایانـە بـەر دەسـتڕێـژو خێرانـا ماشـینەکەیان بـە جەرسـەقیل گواستەوە بۆ پادگانی تیپی دووی سـپا لـە ناوشـار، هـەر نـەزانرا کێـی تێـدا بووەو جەنازەیان چی بەسەرداهاتووە. یـان پەیکانەکـەی بـەر بێلـوو کـە بـە چوار کەسەوە بە هەمان چارەنووس چوو. یان ئەو دوو تەرمەی کە شەوێک لە خانەباخێکی بـەر ئـاوایی سەڵەسـیدا هـەر خۆیـان دایاننـابووو بـۆ سـبەی هاتبوون بردبوویان. ئەوترێ لە مەیدان تیرەکەی پایەگای بەیەڵەو لە بـاخێکی نێـوان کەڵـکەجان‌و ولەژێریشـدا گـۆڕی بەکۆمەڵـیان هـەبووە کـە دوای دانپێدانانی ئەو باندە لە زینداندا تا ئیستە چەند جارێک دادسەرای نیزامی سنە سەردانی ئەو گۆڕانەیان کردووە بۆ دەرهێنانی جەنازە.

### قوربانییە ناسراوەکان

ڕۆژی ١٣٨٨/٥/٨ ئەو سێ هاوڵاتیە ڕۆژنامەنووس_وەرزشوانە ئەمریکیە واتە: سارا شرۆد، جاشوا فاتـال‌و شـێن بـائێر کـە بـۆ کـەژوانی هاتبونـە کوردستانی عیراق لە لایەن هیواوە رادەستی وەزارەتی ئیتلاعات‌و دواتر زیندانی ئەوین کران. ئەگەرچی ئێران ئەڵێت ئەم سێ کەسـەی بـە تـاوانی سنووربەزاندن‌و سـیخوڕییەوە لـە خـاکی خۆیـدا دەستبەسـەر کـردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی گۆڤاری Nation ی ئەمریکی ئاشکرای کرد کە ئەوان لـە چیایـەکی ناوچـەی پێنجـوێن_مـەریوان‌و لـە نـاو خـاکی کوردسـتانی عیراق‌و نزیک بە سنوور لە لایەن هێزەکانی ئێرانـەوە تەقـەیان لێکـراوەو

پاشــان گــیراون. لــه زاری ســه‌ربازو کادره‌کــانی پاســگای دزلێشــه‌وه درکێندراوه که ئه‌م که‌سانه له کانی‌خه‌یاراندا به‌ڵام له رووکاری ئـه‌ودیودا گیراون‌و شه‌وی یه‌که‌م له‌و پاسگایه بوون‌و بۆ سـبه‌ینێ تـه‌حویلی هیـوای تاب دراون.

ئه‌وه‌ی که بۆ خه‌ڵکی ناوچه‌ی مه‌ریوان سه‌لماوه‌و هیچ گومانێکی تێدا نیه: خودی هیواو بـاوکی واتـه ئـه‌وڵاخانی ولـه‌ژێر کـه لـه زه‌مـانی شایشـدا ساواکی بووه ده‌ستیان سووره به خوێنی ئه‌م که‌سانه:

- شــه‌هیدان: مــه‌لا ئه‌ســعه‌دی تازیـک خه‌ڵـکی ولـه‌ژێر رونـاکبیری شۆڕشگێڕو یه‌ک له چالاکانی کۆمه‌ڵـه، حـاجی حه‌سـه‌نی قـادری یه‌نگیجـــه‌یی ناســـراو بـــه حه‌ســـه‌نه خۆشـــێ که‌ســـایه‌تی نیشـــتمانپه‌روه‌ر. بنه‌ماڵـــه‌ی هیـــوا تـــاب تاوانبـــاری ســـه‌ره‌کی به‌گرتدان هه‌تا ئیعدام(١٣٦١/٩/٢٧)ی ئه‌م دوو که‌سه‌ن.
- شه‌هید محه‌مه‌د فه‌تحی ناسراو به حه‌مه‌ی عه‌بـه مریـه‌م ئه‌نـدامی ئـه‌وکاتی شـۆرای ئـاوایی ولـه‌ژێرو هه‌ڵسـوڕاوی کۆمه‌ڵـه ساڵـی ١٣٦٦ که راسته‌وخۆ له لایه‌ن هیوا تابه‌وه شه‌هید کراوه. ئه‌گه‌ری ئه‌وه هه‌یه که هیوا وه‌ک تۆڵه سه‌ندنه‌وه‌یه‌کی شه‌خسی له کۆمه‌ڵه ئه‌م که‌سه‌ی کوشتبێ چونکوو ساڵـێک به‌رلـه‌وه‌تر حه‌مـه‌ی بـرای هیوا له لایه‌ن کۆمه‌ڵه‌وه به نرخی پاسدار کـوژرا، بـه‌ڵام وێـده‌چێ که حه‌مـه‌ی تـاب بـه شـێوه‌ی نهـێنی له‌گـه‌ڵ حیـزبی دیموکراتـدا بووبێ. زۆر که‌س پێییان‌وایه وه‌کوو ئه‌ندامی حدکا له نـاو سـپادا کاری باشی ئه‌نجام داوه‌و وێڕای یارمه‌تیدانی لوجستیکی‌و ده‌واو ده‌رمان چه‌ندین پێشمه‌رگه‌یشی له مه‌رگ رزگار کردووه
- پێشمه‌رگه‌ی شه‌هید ئه‌حمه‌د نادری ناسراو به ئه‌حمه‌دی کـه‌ریمـه قالـه‌ی ســه‌ردۆش کــه لــه حــه‌فتاکانا بــه ده‌سیســه‌ی هیـوا خـۆی ته‌حویلی سپا دایه‌وه‌و به‌ڵـێنی پێـدرابوو کـه دوای چه‌نـد رۆژێـک

ئازاد ئەکرێت ئەوان هێندە دەسخەڕۆی هیوا ببوون کە تەنانەت بزنێک بۆ هیوا سەرئەبڕنو سەیرانێکی بۆ رێئەخەن، بەڵام خێرانا ئیعدامیان کرد.

هەروەها شیمانە ئەکرێت هیوا تاب پەیوەندی بە بێسەروشوێن بوونو ئیعدامی چەندین کەسی دیکەیشەوە لە شەستەکانو حەفتاکاندا بووبێ بەڵام بە هۆی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە سەر کورسی دەسەڵاتدا چەندو چۆنی پەیوەندی ناوبراو بە مەرگو نەمانی ئەو کەسانەوە هێشتا بە باشی نەزانراوە. لە ناو ئەو تاقمە بێئەژمارەدا بە نیسبەت ئەم کەسانەی خوارەوە زۆرترین گومان لە سەر هیوا تاب هەیە:

- شەهید مەنسوور ئەحمەدی ناسراو بە مەنسووری حەمەڕەزابەگی نێ زیندانی سیاسی بۆ ماوەی ١٤ مانگ، ئیعدام: بەهاری ١٣٧١
- شەهید مەلا محەمەدی جەوانڕودی کەسایەتی سیاسی خەڵکی دەرەتفێ گیران: ١٣٧١/١١/١٨ دانەوەی تەرمەکەی: ١٣٧٢/١/٢٢
- پێشمەرگەی بێسەروشوێن حسەین پەروازە ناسراو بە مەلاحسەینی نێ دەستگیر بوون لە دەرگیرییەکدا لە ئاوایی نێ: ١٣٧٢/٣/١٣ دانەوەی کەلوپەلیو نیشاندانی گۆڕێک لە سنەدا بە بنەماڵەکەی: ١٣٧٤/٣/٢٠
- پێشمەرگەی بێسەروشوێن موختار نوری ناسراو بە موختاری حەمەلیرە گیران: ١٣٧٤/٧/١٦

زۆربەی تاوانەکانی ئەم لیستەی خوارەوە لە رەشەکوژییەکانی باندە تیرۆریستیەکەی هیوایەو هەندێکیشیان راستەوخۆ عەمەلیاتی سپا بووە بەڵام بە دەستووری هیوا. بەڵام هەموو قوربانیەکانی ئەو جەلادە خۆفرۆشە هێشتا بە تەواوی نەزانراوەو بە دڵنیاییەوە بێجگە لەمانە

کەسانی دیکەیش هەن. [ئەم زانیاریانە یان پێشتر بۆ زۆربەی خەڵک سەلمێندراو بوون یان لەم ماوەیەدا لە گرتووخانەکانەوە تەشەنەی کردوە]

- کوشتنی یاخی هەڵهاتوو مەجید ئەسمایی خەڵکی نێ ناسراو بە مەجی ئەولا ١٣٨٤/٥/١٢ لە ڕێگەی مەریوان-سەقزدا کاتێک کە پێشڕەوی بارە مەشروبێک بوو لە سەرشیوەوە بۆ سەقز*.

- شەهید کردنی حسەین ئازەرکیش و محەمەدسابیر ستاری ئەندامانی یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان شەوی ١٣٨٥/٤/٧ لە کاتی خەودا بە دەمانچەی بێدەنگ لە ناو شارۆچکەی پێنجوێندا.

- شەهید کردنی گریلای پژاک لەتیفە سلامەت خەڵکی ورمێ ناسراو بە زیلان پەپولە لە دەرگیرییەک لە نێوان کاڵو سەرنژماردا لە ڕۆژی ١٣٨٥/٤/١٠ لەو دەرگیریەدا دوو جاشی سیغەییش تیاچوون.

- کوشتنی کاسبکاری هەڵهاتوو بەختیار دەستووم کوڕی حەسەنە گەرزەی بەیەڵە ناسراو بە بەخە لاڵ بە تۆمەتی تەقەکردن لە پاسگای ئینتیزامی تێژتێژو سەولاوا**. ناوبراو نیوەڕۆی ١٣٨٦/١/٢٠ لە بەر دادگای مەریواندا تەقەی لێکراو وریا

---

* بنەماڵەی ناوبراو کە تا رادەیەک لە ناو حکومەتدا دەستڕۆیشتوون کوشتنەکەیان خستە پێی نیروی ئینتیزامی کە ئەوانیش هەمان شەو لە کاسبکاران تەقەیان کردبوو، سەرەنجام ٣٦ ملوێن تمەن دیەیان وەرگرت.

** هەر بەم بیانووەوە هاوڕێیەکی بەختیار بە ناوی لوقمان ئەحمەدی خەڵکی کۆلیژ ئیستە لە زیندانایە.

محەمەدیان کوڕی عوسمانی ڕەحمانە گەرزە ئامۆزای بەختیار کە بە ڕێکەوت لە ناو ماشینەکەیدا بوو دەستبەجێ گیانی لەدەستدا* بەختیاریش چەند ڕۆژ دواتر لە نەخۆشخانەی سنەدا گیانی سپارد.

- کوشتنی ئەبوبەکر دێهوەند کوڕی عارف(خایەمی مزگەوتی گوزەرەکە)و کەمال مەحمودی ناسراو بە کەمالی خولە خەیاڵ خەڵکی وەیسە شەوی ١٣٨٦/٥/٢٧ ئەم کەسانە لە سەقزەوە بەو ماشینە ئیستەیشنە نامە ئەوراقەی کە هەر ئەو ڕۆژە سەندبوویان لە گەڕانەوەیاندا بۆ مەریوان لە بەر پادگانەوە پژۆیەکی ڕەش دوایان ئەکەوێ‌و لە مەیدانی جهاددا لە بەردەمیانا ئەوێسێ‌و ئەیانداتە بەر دەستڕێژ. لەم ڕووداوەدا ئەبوبەکرو کەمال دەسبەجێ گیانیان لە دەست ئەدەن‌و سەرنشینی سێهەمی ماشینەکە** بە بێ برینێکی ئەوتۆ سەلامەت مایەوە. دواتریش هەندێ تەقەمەنی‌و بلاقۆکی پژاک ئەخەنە ناو ماشینەکەو ناویان نان پەکەکە. کاتێ کە ڕۆژ ئەبێتەوە هیواو جاش پاسدار عوسمان جەهانی کە ئەویش پیاوکوژێکی دیکەی ڕژیمە لە مەریوان، ئەچن بۆ بیمارستان‌و بە کەس‌وکاریان ئەڵێن: ئێمە کوشتومان‌و نابێ لە هیچ شوێنێک باسیان بکەن. ئەوان نەوەستانی ماشینەکەیان لە وڵامی ئیستی پژۆکەدا بە دەلیلی ئەو کارەیان دائەنێن‌و ئەڵێن کە نەوەستان زیاتر لێیان مەشکوک بووین، بۆیە تەقەمان لێکردن(لە پێشا هەوایی‌و پاشان تایەی ماشینەکەو..)

* دواتر بنەماڵەی وریا محەمەدیان دوای هاتوچوویەکی زۆرو ئەم ئیدارەو ئەو ئیدارە کردن بڕی ٣٦ ملیۆن تمەنیان بۆ دیەی کوڕەکەیان وەرگرت.

** ناسر مەحمودی ئاوای ئەگێڕێتەوە: ئەو پژۆ بە درێژایی ئەو ماوەیەی دوایان کەوتبوو داوای لێنەکردوون بوەستن‌و بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکو بە بێ تەقەی هەوایی‌و بەڵکوو قەسەنکوشت داونیەتە بەر دەستڕێژ بە چەشنێکیش کە هەموو فیشەکەکان بۆ ژوور کەمەر تەقێندرابوون.

- شەهید کردنی گریلای پژاک ئەیوب فەخری خەڵکی ورمێ ناسراو بە چالاک جوانڕۆ لە کەمینێکدا لە بەر ئاوایی تووتمەر ڕۆژی ١٣٨٦/٦/١٠ ئەم شەهیدە بە بکوژی پاسدارەکانی پاسگای چنارە ناسێندراو بەوپەڕی سوکایەتییەوە تەرمەکەیان بردە ناو ئاوایی‌و فیلمییان لێهەڵگرت.

- کوشتنی ئیبراهیم ئازەرپندار ناسراو بە سامان. ناوبراو کە هاوڵاتیەکی بۆکانیەو بۆ سەردانی برا شیرینیپەزەکەی هاتبوە مەریوان لە ماڵی براکەی واتە کەیوان قەناد لە شاری سەوڵاوایا ئەبێ کە ڕۆژی ١٣٨٦/٦/٢٣ سەعات ١٢:٤٥ی نیوەڕۆ لە کاتی نانخواردندا، ماجد فەتاحی لە دەستوپێوەندەکانی هیوای تاب، کە لەگەڵ سامانا ناسراویان ئەبێ تەلەفونی بۆ ئەکاو ئەڵێ: ماشینەکەم لە نزیک ماڵی براکەت خراپ بووەو پێویستم بە یارمەتی هەیە. سامانیش بە مەبەستی یارمەتیدانی ماجدو ئەو کەسەی وا لەگەڵ ماجدا بووە بە ناوی کەمال دیهوان، لە ماڵ دێتتە دەرو بە براکەی ئێژێ: ئێستا دەگەڕێمەوەو زۆرم پێناچێ. بەڵام سامان ئیتر نەگەڕایەوەو تا دوو ساڵ لە چارەنووسی هیچ هەواڵێک نەبوو. لەم دواییانەدا دادسەرای نیزامی ڕژیم لە شاری سنەوە بە بنەماڵەی ناوبراوی ڕاگەیاند کە کوڕەکەیان بە دەستی باندەکەی هیوا تاب کوژراوەو ئەتوانن بۆ شکات سەردانی سنە بکەن.

- کوشتنی برای پێشمەرگەیەک گوایە لەبەر ئەوەی نەبوو بە سیخوڕی هیوا بە ناوی محمد باسامی کوڕی عەلی خەڵکی لاوێسان ناسراو بە حەمەی ئەلە ١٣٨٦/٧/٦ لە بەر ئاوایی

بەیەڵەدا، شایانی باسە سپا لە سەرەتاوە تەرمەکەی نەدایەوە بە بنەماڵەی‌و خۆیان ناشتیان دوای ماوەیەک چەند جاشێکی خزمیان تەرمەکەیان هاوردەوە.

- کوشتنی قاچاخچیانی ئەسڵەحەو مەشروب: عەبە قەتحە (عەبدوڵای بەهاری خەڵکی بەردەڕەشە)و ساڵح کەرەمی کوڕی سەعی خەڵکی شێخەکوێرە ناسراو بە حەمەساڵە نەنەیی‌و هاوڕێیەکیان کە زاوای عەبە قەتحەو خەڵکی جوانرۆ بوو رۆژی ١٣٨٦/٩/٢٤ لە بەر ئاوایی گومارەلەنگدا. ئەم کوشتنە* بە دەسیسەی موسلیمی زاهیدە کەچەڵ بووە کە وەک شەریک رەخنەی کردبووە ناویان‌و گوایە بۆ مامەڵەی مۆمیاییەک لە دەوروبەری سەقزدا ئەچوون. موسلیم وەک پێشڕەو بە پەیکانێکەوە ئەکەوێتە پێش پاترۆڵەکەی عەبە قەتحەوەو ئەیانبات بۆ ناو کەمینی هیوا تاب. تەرمەکانی ئەم سێ کەسەیش نەدرایەوە بە بنەماڵەکانیان‌و سپا لە مەیدان‌تیرەکەی بەر ئاوایی بەیەڵەدا ناشتنی.

- کوشتنی سەلەفییەک بە ناوی تەیوب کیشوەردوست کوڕی خولە هەڵپەڕکێ خەڵکی پیرسەفاو ژنبراکەی: ئەنوەر ئەشکاوەند کوڕی عەبەی سۆفی عەلی خەیات خەڵکی نێ ئێوارەی ١٣٨٦/١٢/٢٦ لە بەر ماڵی خولە هەڵپەڕکێ لە گەڕەکی چوارباخدا. ئیتلاعات لە رێگەی تەلەفزوێنی پرێسەوە(PRESS TV) دوو زیندانی بە

* بە پێی گێڕانەوەی عەبدوڵای مەردۆخی کوڕی مەلا ئەحمەدی قەڵاجێ خەڵکی درگاشێخان ناسراو بە عەبە ئایشێ کە هاوڕێیان بووەو لەو تەقەیەدا ئەپێکرێ بەڵام خۆی دەرباز ئەکات‌و ناکەوێتە دەستی سپا. هەندێ کەسیش لایان وایە ئەم عەبەیە ئەوانی بە کوشت داوە. شایانی باسە دواتر ناوبراویش بە هەندێک دۆلارەوە لە سنە گیرا.

ناوەکـانی بـەختیار میعمـاریو هــەژێر ئیبراهیمــی هــەردووکیان خەڵکی مەریوان بە بکوژەکانی ئەم دوو کەسـە لـەقاوداو لـە نـاو ماڵی خولە هەڵپەڕکێدا فیلمی دانپێدانایانی بڵاوکردەوەو وایگەیاند کە حکومەتی ئینگلیس لە ڕێگەی کۆمەڵەوە ئەم کەسانەی بـۆ ئـەم کوشتنە ڕەوانە کردووە!

- کوشتنی <u>گەلاوێژ پێنجوێنی</u> کە ئـافرەتێکی کۆڵـبەر بـووو دۆلاری تاقمێکی بازاڕی لە مەریوانەوە بۆ مەرز یـان پێچەوانــە ئـازوگوێز ئەکرد. هیوا کە بــەم شــتە ئــەزانێتو شــوێنپێــی هەڵــئەگرێو بــە ٨٠٠٠٠ دۆلارەوە ئــەیگرێتو ئــەیبات بــۆ نزیــک ئــاوایی ســێف ژووروو دوای ئەوەی جلوبــەرگی پێشــمەرگەی پــێلەبەرئــەکات چەند وێنەیەکی لێئەگرێتو هەر لەوێ ئەیکوژێو ناوی نا گریلای پژاک.

- کوشتنی <u>سەلاحی شێخ محەمــەوی کێلــوو</u> لـوکسفـرۆش خەڵـکی پێنجوێن ناوبراو لە مەرزی باشماخا خەریکی کەسابەت بووەو بە هۆی خزمانی خێزانیو مامەڵەوە سەردانی مەریوانی ئەکردو لـە دوایین سەردانیدا بۆ مەریوان بێسەروشـوێن ئـەبێو ماوەیــەکی زۆر هیچ کــەس هەواڵــێکی لێــی نابێــت. تــا ڕۆژێکیــان دادســەرای نیزامی رژیم لە سنە بە تەلەفون داوا لە بنەماڵــەی نـاوبراو ئەکــەن کە بە وێنەو ناونیشانی تەواوی کوڕەکەیانــەوە ســەردانی ئــەوێ بکەن. پاشان پێیان ڕاگەیاندن کە سەلاح بە دەستی باندەکەی هیوا تاب کوژراوەو ئەتوانن شکاتی لێبکەن.

- کوشتنی <u>ئەسـعەد سلـێمانی</u> کـوڕی حەســەنبــەگی شـێخەکوێرە بێهداشتیاری ئاوایی دەری لە ناو ماڵەکەی خۆیـداو بـە بـەرچاوی

خێزانەکەیانــەوە لــە ڕۆژی ١٣٨٧/٣/٨ نــاوبراو خــۆی یــەکێک لــە دەســـتوپێوەنــدەکانی هیــوا تــاب بــووەو وێــدەچێ لــە پێنــاو بەردەوامبوونی پێوەندی هیواو ژنەکەیەوە کوژرابێت، ئەگــەرچی سپا وای بڵاوکردەوە کە پژاک کوشتوویەتی.

- شەهید کردنی سێ پێشمەرگەی کۆمەڵــە ـ باڵــی عــەبــە دلێــر بــە ناوەکانی: شوعەیب بەهرامی خەڵکی ســەوڵاوا، جــەمیــل بــامزەڕ ناسراو بە جەمیل خەیات خەڵکی قەتەون‌و ئاسۆ میرزایی ناســراو بە هــەڵــۆ١٣٨٧/٣/١٠ بــە دەسیســەو لــە ماڵــی موســلیمی زاهیــدە کەچەڵدا کە وەک دۆستو هاوتەشکیلاتی کۆنی جــەمیــل خــەیات، دوای گــەڕانــەوەیــان لــە جــەولــەیــەکــی دەوروبــەری ســەوڵاوادا چووبوونە ماڵی ناوبراو(!) جا ڕۆشــن نیــە بــۆ تــەســلیم بوونــەوە بــووە یــان بــۆ ســەردانێکی دۆســتانە؟ بــەڵام موســلیم لــە پێشــا دەرمانخواردیان ئەکات‌و دواتر تاقمەکەی هیــوا دێنێتــە ســەریان. ڕەوتی یەکگرتنــەوەی کۆمەڵـــە ئـــەم تـــیرۆرەی بـــە پیلانێکـــی دوژمنکارانە باسکرد.

- کوشتنی چوار کەس لە بەر بێلوودا ئێــوارەی ١٣٨٧/٥/١٠ کــە لــە ناو ماشینێکی پەیکاندا ئەبن. هۆی کوشتن‌و شوناسیان بە تەواوی دەرنەکەوتــووە بــەڵام ڕەنگــە یــەکێکیــان یــونس بادســار کــوڕی عەبدولی حاجی حەمەومینی شەڕگە موخەدەراتچی(کە ئــەگــەری موخبیر بوونیشی لەسەرە؛)بێت‌و ئەوانی دیکە سێ گەریلای پژاک بووبن کە بە هۆی ڕەخنەی یۆنس لە ناو تەشکیلاتیاندا بەتەمابون لە سنوورەوە ئاودیویان بکات‌و بەڵام هێنابێتنی بــۆ نــاو بۆســەی ســـپا. دەســـبەجێ‌و دوای تەقەکـــە ماشـــینەکە بـــە جەرســـەقیل

ئەگوێزنەوە بۆ ناو حەوشی سپا، تەرمی هیچ کامیان نەدرایەوە بە بنەماڵەیان‌و ناونران پژاک.

- کوشتنی ئەندامێکی باندەکەی خۆی بە ناوی ئەسعەد وەیسی کوڕی فەرەج وەیسە خەڵکی هەجمنە دوای ئەوەی ناوبراو بە پەیوەندی هیوا لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا ئەزانێ‌و هەڕەشە ئەنێرێتە سەریان، هاوینی١٣٨٧ ئەکوژرێت. ئەڵبەت بۆچوونێکی لاوازیش هەیە کە بە هۆی پەیوەندی ناوبراوەوە بە تیرۆری سێ پێشمەرگەکەی کۆمەڵە، لە تۆڵەی ئەو شەهیدانەدا کوژرابێتەوە!

- کوشتنی ئومێد سالحی کوڕی عەلی پیزێ خەڵکی ڕەشەدێ ناسراو بە ئومێدە چاوکەوە لە سەولاوادا. ڕۆژی ١٣٨٧/٨/١٤ ناوبراو لە ناو شلەخەجێیەکی بێ‌پلاکدا ئەبێ کە تەقەی لێئەکەن‌و ئەیکوژن. دواتر هەندێک بلاڤۆکی پژاک ئەخەنە ناو ماشینەکەو ئەمیش ناونرا پژاک.

- کوشتنی دوو ئەندامی دیکەی باندەکەی خۆی لە تەسویەی ناوخۆییدا: ١-سەیوان دەهیش کوڕی فەریق فەرمانبەری خانەنشینی «بیمارستان» خەڵکی وەیسە ٢- ئەمین فەتاحی کوڕی ڕەحمانە شێتی ولەژێر ناسراو بە ئەمینە کەرە بە شێوەیەکی گومانــاوی‌و گوایە بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەکەیانەوە! شەوی ١٩لە سەر ٢٠ی سەرماوەزی١٣٨٧ تیاچوون. ئەوترێت کە هیوا وایزانیوە ئەم دوو کەسە نفوزی کۆمەڵە بوون(!؟) کەسێک تەرمەکەیانی نەدی‌و بەرلەوەی کە تەنانەت بنەماڵەکانیان بچنە سەریان شاردنیانەوە. لە وێنەیەکدا کە بە مۆبایل لە ئەمین گیراوە سوور دیارە کە سەری فیشەک

لێیداوەو مێشکی پژاندووە، مەرگی تەسادوف ئەبێ لەو وێنەیە زۆر شپرزتر بێت!

- کوشتنی لوقمانی عەلیە کوردەی کارێزو کەسێکیتر بە ناوی زانا ستار مەحموود خەڵکی پێنجوێن شەوی ٢٣لە سەر٢٤ی سەرماوەزی ١٣٨٧ لە سنووری کونەورچی قولقولە. لوقمان ژنبرای کاسبکاری هەڵهاتوو سەلاحی حاجی سالحی بەیەڵە، دۆستو هاوگومانلێکراوی بەخە لاڵەو تاقمەکەی هیوا تاب بۆ کوشتنی سەلاح بەیەڵەیی چووبوونو هیوای عەبدولە چالە وەک موخبیری سپا چاوپێکەوتنێکی بە بیانووی مامەڵەی مەشروبەوە لەگەڵ سەلاحدا سازکردبوو بەڵام لە تەقەکەدا سەلاح هەڵهاتو لوقمانو زانا پێوە بوون. تەرمی ئەم دوانەیش نەدرایەوە بە کەسوکاریانو ناونران پژاک.

- کوشتنی سەرهەنگی پاسدار حاجی لەتیف راستی خەڵکی دەرەوەران لەگەڵ پاسدارێکی دیکە بە ناوی ئەحمەد کەریمی خەڵکی چەشمیەر ١٣٨٨/٢/٢٩ لە رێگەی سیاناودا لەبەر هەندێ کێشەی کاری کە لەگەڵ لەتیفدا بوویان، هیوا سڵی لە خزمایەتیو هاوکاربوون نەکردو لە سەر رێگەی خۆی لایبرد، دواتر رایانگەیاند کەوتبوونە ناو کەمینی پژاکەوە. بە پێی گێڕانەوەی لۆمپەن_جاش دلێری حەمە سلێمان لەگەڵیانا ئەبێ کە لەو رووداوە دەرباز ئەبێو هیچی لێنایەت، تاقمەکەی هیوا ئەو کەمینەیان سازدابوو.

- کوشتنی خزمە سەلەفییەکانی مەلامستەفا ئیمام جمعەی شاری مەریوان؛ کوڕە گەورەی: سەعدی شێرزادی، ئامۆزای: هادی

شیرزادی کوڕی حەسەن کیکنیو کەسێکیتریش بە ناوی کەریم کۆنەپۆشی کوڕی شێخ ڕەزای بابەوە ئێوارەی ڕۆژی ١٣٨٨/٤/١٤ حەوتوویەک دوای ئەم ڕووداوە مەلامسەفا لە نوێژی جمعەدا ڕایگەیاند کە دەزگای زانیاری یەکیەتی نیشتمانی بە هاوکاری کۆمەڵەوەو لە ڕێگەی زانیار مورادی کوڕە ١٩ساڵانەکەی ئیقباڵی حسەینە لەیلێی هەجمنە ناسراو بە ئیقباڵ تیئین تی کەسایەتی ناسراوی کۆمەڵە-باڵی عەبە دلێر ئەم کوشتنەی ئەنجام داوەو بەو تۆمەتەیشەوە زانیار لەگەڵ لوقمان مورادی کوڕی عوسمانی حاجی لفتەی کەکڵیاوا تەمەن ٢٠ ساڵ گیراونو لە زیندانی سنەدان. لەم دواییانەدا کاناڵی پرێس دانپێدانانەکانی ئەم دوو کەسەی لە ناوماڵی ئیمام جمعەدا بڵاوکردەوە.

- کوشتنی کاسبکار کەمال خەڵکی دیواندەرە ناسراو بە کەماڵە کەچەڵ و هاوڕێیەکی دیکەی لە بەر ئاوایی نەچێدا. ئەم دوو کەسە لە پەیکانێکدا ئەبن کە ئەیاندەنە بەر دەستڕێژو دواتر بە جەڕسەقیل ماشینەکەیش ئەبەن بۆ سپاو جەنازەکەیشیان نەدرایەوەو ناو نران پژاک.

- کوشتنی هەر دوو مەلاکەی ڕەمەزانی ١٣٨٨ لە شاری سنە واتە مەلا بورهانی عالی (٨٨/٦/٢٢) ئیمام جمعەی شارەکی بەهارانو مەلا محەمەدی شێخولئیسلام (٨٨/٦/٢٧) نوێنەری مەجلیسی خوبرەگان. دوو هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەگەری ئەوەی کە باندەکەی هیوا ئەم کوشتنانەی ئەنجام دابێت بریتین لە: دوابەدوای کوژرانی ئەو دوو مەلایە هیوا دەسگیر کراو تا ئیستەیشی لەگەڵ بێ، ڕژیم هیچ زانیارییەکی بڕواپێکراوی

سەبارەت بەو رووداوە بە خەڵکو تەنانەت بنەماڵەی قوربانییەکانیش رانەگەیاندوە. لەم دواییانەدا چەندین مەلا بانگهێشت کران بۆ سنەو لە کۆبوونەوەیەکدا وەک مەسەلەکەی مەلامسەفاو خولەهەڵپەڕکێ کەسێک بە ناوی کاوە ئەمینی خەڵکی سنە گوایە سەر بە تاقمی قاعیدە بە بکوژی ئەم دوو مەلایە ناسێندرا!

## دوای گیرانی

لە مەڕ چۆنیەتی گیرانی هیوا تابەوە چەند خوێندنەوەی جیاواز هەن بەڵام وێدەچێت ئەمەیان دروستتر بێت بۆیە لێرەدا خوێندنەوەکانی دیکە باس ناکەین: لە سەردانەکەی بەهاری ١٣٨٨ی خامنەیی‌دا بۆ مەریوان بە وتەی جاشێک زیاتر لە ٢٠٠٠ شکاتنامەی خەڵک لە هیوا ئەگەیەندرێتە دەستی، ئەمەو پێشتریش بە بۆنەی جیاجیاوە وەک: قەتڵ، باجگیری، هەڕەشەو ... خەڵکانێکی جیاجیا لە دادگای مەریوان‌و دادسەرای نیزامی سنەدا شکاتێکی زۆریان لە هیوا کردبوو. کۆی ئەو شکاتانە رژیم مەجبور ئەکات لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی ئەو شکاتانە، تێکەڵ لە وەزارەتی ئیتلاعات‌و ئیتلاعاتی سپا بە سەرپەرشتی «حفاظت بیت رهبری» لە تارانەوە دابمەزرێ. سەرەنجام لێکۆڵینەوەکانی ئەو لیژنەیە بوو بە هۆی گیرانی هیوا لە١٣٨٨/٧/٢٦دا.

ئیرهاب‌و کوشت‌وبڕی هیوا بە رادەیەک زەق ببوەوە کە دوای گیرانی لە بەیانیەکەی سپای پاسداراندا (واتە امنیت١ کە بە ناوی فیداییانی ئیسلامی مەریوانەوە بڵاوکرایەوە)* هەر لە سەرەتاوەو بە راشکاوانە ئەڵێ: «سرچشمە و منبع اصلی تمامی ناأمنی هاى منطقە اعم از قتل، جنایت،

* دەقی بەیاننامەکە لە لاپەڕەی ٨٣ی ئەم پەڕتووکەدایە

ترور، تهدید و إرعاب و فساد از گروه خبیث هیوا تاب و ارازل اوباش معروف او نشات می گرفت» ئەگەرچی لەوێدا چاو لە راستییەکان ئەنوقێنن‌و بە بێئەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە کێ ئەو دەسەڵاتە رەهاو کونفەیەکونەی بە هیوا بەخشیوە؟ وەک سوکایەتی پێکردنێک‌و بۆ ئەوەی چڵکاوخۆرو نۆکەرەکانی دیکەیان چاوترسێن کردبێت کە سەرەڕۆیانە(!؟) کار نەکەن‌و هەمیشە گوێڕایەڵ‌و ملکەچی ئەربابەکانیان بن، باس لەوە ئەکەن: «..به اثبات رسید مسئولیت امنیتی برای افراد بومی خطرناک و احتمال فریب آنان توسط ضد انقلاب زیاد است.» لەو بەیانیەدا هیواو باندەکەی بە بەکرێگیراوی گوروهەکە مولحیدو دژەشۆڕشەکان لە قەڵەم دراون کە لە لایەن بێگانەکانەوە بۆ دوورخستنەوەو رەشبینی خەڵک لە نیزام هیدایەت کراون.

هەروەها خودی رژیم لە رێگەی دادگا، دادسەرای نیزامی سنە، ئیتلاعات‌و سپاوە داوای لە هەندێک لە بنەماڵەکانی قوربانیان کرد کە شکات بکەن لە هیواو ئەوانیش (ئەو ئۆرگانانە) پشتگیرییان لێدەکەن.

لەو کاتەوە کە جاشی بەناوبانگ هیوای ئەولاخان گیراوە، مەریوان ئارامەو ئیتر بە دەگمەن تەقەی تفەنگ‌و هەواڵی کوشت‌وبڕی تێدا ئەبیسترێ‌و کورد وتەنی: ئەڵێی ئاشەو ئاوی کەوتوە، بەلام ئارامی‌و هێمنییەکی پڕ لە وەهم‌و پرسیار..

ئەوەی کە بیرو زەینی خەڵکی مەریوانی بە خۆیەوە خەریک کردووە ئەم پرسەیە کە ئایا هیوا سەری مارەکەیەو ئەگەر پان بکرێتەوە ئایا سەرتاپا لاشەو کلکی ئەو مارە(واتە باندەکەی) بێ‌رۆح ئەکەوێ‌و ئەفەوتێ یان ئەمە سڕبوونێکی کاتیەو هەر کاتێک رژیم بیهەوێ ئەبێتەوە بە حەفیا پێنج سەرەکەی:

**تیرۆر، سیخوڕی، قاچاخ، ئەفیون، فەساد!؟**

ئـەوەتـا ماوەیـەکی زۆر لـە گـیرانی هیـوا تـابو هـەنـدێک لـە دەسـتو پێوەندەکانی تێپەڕ بووەو ڕەوتی ئەو پەروەندە بۆ خەڵک نادیارە. چەندە لەوانەیە کە بیکوژن یان حـوکمێکی تونـد وەربگـرێ، هـەمـان هێنـدەیـش ئەگەری ئەوە هەیە کە یـان بـە دەسـەڵاتێکـی زیـاترەوە بگـەڕێتـەوە بـۆ مەریوان یان لە شوێنێکی دیکەداو بە شێوازێکی‌تر بۆ داپڵۆسینی خـەڵـکو هێزە ئازادیخوازەکان بـەکـاری‌بهێننـەوە. نـەخوازەڵا مێـژووی کۆمـاری ئیسلامیش پڕپڕە لەو چەشنە کردارە ناتەباو دژ بە هەموو یاسـاو ڕێسـاو عورفە باوو نێونەتەوەییەکان:

سەعید ئیمـامی/ ئیسـلامی جیگـری وەخـتی وەزیـری ئیتلاعـات هـەر لـە مەسەلەیەکی هاوشێوەدا(قەتڵە زنجیرەییەکانی دەیەی ٧٠) کرایـە بـەرانی قوربانی بۆ پاکانەو مـەشـروعیەتـدان بـە وەزارەتی ئیتلاعـات، ڕژیم بـە کوشتن(یان بە وتەی خۆیان: خۆکوشتن)ی سەعید پێی وابوو ئاو ئەکـرێ بە سەر ئاگرەکەداو پردەکانی گەڕانەوە بەو کەیسەدا ئـەڕوخـێن. جـاری وایش هەیە بۆ شوێن‌گومکێ‌کردن کەسەکان ئەگوێزنەوە بۆ شوێنی دیکـە یا خود شوناسیان ئەگۆڕن بۆ نمونە: حاج فەرهاد کە نـاوی ڕاسـتەقینـەی فەرهاد ئازەر ئەرجومەنـدو خـەڵـکی سـەبـزەوارە فـەرماندەی وەخـتی عەمەلیاتی سپای کوردستان کە دەفتەری ئەسڵی لە مەریواندا بـوو، پـاش ئەوەی کە دەرکەوت لـە پشـت پـەردەی دزیـنی قورئانـە مێژووییـەکـەی نگڵەوەیە لـە سالّـی ١٣٧١دا، لـە جێـی سـزادانی* پلـەیـەکـی بـەرزتریـان پێبەخشی‌و نێردرا بۆ فەرماندەیی سپای مەنتەقەی غەرب لە ورمێ، پاشان نیرو ئینتزامی‌و لەوێ ناونرا: فەرهاد ئەرجومەنـدی، لـە کـەیسـی دادگـای کوی دانشگادا (سەرکوتەکـەی زانکـۆی تـاران لـە پوشـپەڕی١٣٧٨) ئـەو وەکوو جێگری فەرماندەی ئینتزامـی تـارانی گـەورە تاوانبـاری پلـە دوو

* ئەو جاشە کوردانەی ئەگەرچی بە فێڵو هەڕەشە بەشداری ئەو دزییە بـوون بـە زینـدان، تەبعیـدو تەنانەت دەرکردنیان لە سپادا تەمێ‌کران.

بوو، كە دیسان بۆ شوێنگومكێ گواستیانەوە بەشێكی دیكەو ئیستە لە بەرپرسانی بازرەسی ناجایە.

## دەستگیركراوەكان

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو تۆڕەدا لە لۆمپەنو پاسدارەوە تا ئەفسەری خانەنشینی سپا لە شارەكانی مەریوان، سەقز، بانە، سنەو كرماشان، ورمێو تاراندا كەسانێك دەستگیر كراون. كەسانێكی هاوپلەی سازمانی هیواو تەنانەت لەویش بەرزتر لە ناو گیراوەكاندا بەدی ئەكرێن.

لە سەروبەندی گیرانی هیوادا هەندێك ئاڵوگۆڕ لە ناو سپای ناوچەكەدا بەدیهاتو وەك جۆرە تەسویە حەسابێك یان بۆ شوێنگومكێ كردن جەمال هوشەنگی ژنبرای هیوای تابو بەرپرسی سپای بەردەرەشەو سرتیپ پاسدار اللەنور نوراللهی لە گەورە بەرپرسانی سپای ئوستانو جاشێكی دیكە بە ناو تاهیری لە پادگانی ئیمام عەلی گرێزەی سنە خێرانا خانەنشین كران. لە كاتێكدا هەر سێكیان بە پێی یاسا دەبوو چەندین ساڵی دیكە لە سەر كار بنو فرەیان مابوو بۆ كاتی خانەنشین بوونیان. وێدەچێ ئەم كەسانە هاوكاسەی هیوا تاب بووبنو لە بەر ئەوەی مەسەلەكە فرە قووڵ نەبێتەوەو لەوە زیاتر ئابڕووی سپای تێدا نەچێت، بە خانەنشینكردنیان بەریان بە لێكۆڵینەوەی زیاتر لەو مەسەلەیەدا گرتبێ.

**لە مەریوان:**

سرهنگ پاسدار شكراله ابراهیمی فرمانده تیپ٢ شهید كازمی

جاش پاسدار عەلی قادری خەڵكی زونج، جێگری هیوا لە ئیتلاعات سپای مەریوانا

جاش پاسدار بیهروز ساعیدپەنا خەڵكی كامیاران


جاشی سیغەیی حەسەن رەحیمی كوڕی حسەینی عەودە هەنار خەڵكی جانەوەرە ناوبراو ماوەی ٧ مانگ شۆفیری هیوا بووە.

لۆمپەن-جاش عادڵ فەتاحی کوڕی ئەسەد خەڵکی لەنگەرێز ناوبراو لەو باندا ئەرکی ئازوگوێزی جەنازەی ئەو کەسانە بووە کە هیوا کوشتوونیو ویستوویەتی کەس لێیان ئاگادار نەبێت.
لۆمپەن-جاش شۆڕش خوشنەواز کوڕی ساڵح داباشی ناسراو بە شۆڕش داباشی خەڵکی نێ. ناوبراو لەو یەکەمین کەسانەی ناو باندەکەی هیوایە کە دەستبەسەر کراو قسەی ئەوەیش هەیە کە گرتنەکانی دیکە لە دانپێدانانی ئەمەوە دەستی پێیکردوە، گیرانەکەی بەم شێوەیە بوو: تیمێکی موخبیری حفاظت اطلاعات نیرو انتظامی بە سەردەستەیی ئەیوب دیهقانی کوڕی ئەمینی حەمەی عەزیزبەگی کیکن چەند بارێکی مەشروب بە گرت ئەدەنو لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی چوارباخ دایئەنێن تا دواتر بە شەریکی لەگەڵ حفاظت اطلاعاتا بیفرۆشن. ئەو کاتەی شۆڕش سۆسەی ئەو بارە ئەکاتو بە ناو سپاوە هەڵئەکوتێتە سەریان بۆ گرتنی بارەکە، لە ئاکامدا ئەبێ بە شەڕە تفەنگیانو ئیتر رژێم ناچار ئەبێ هەردوولایان بگرێتو کاتێ دەرئەکەوێ هیچکامیان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان نیە مەسەلەکە رەوانەی سنە ئەکەن بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.
لۆمپەن-جاش سەرکەوت روون کوڕی مەجی شەریفبەگی ئاسنەوە کە ئاوارەی ولەژێرن. ئەرکی ناوبراو هاوردەکردنی چەکو تەقەمەنی بووە لە سنوورەوە بۆ هیوا تاب. جارێکیان لەبەر ئەوەی هەندێک کلاشینکۆف کە گوایە گران ئەکەوت بۆیانو ئەیانویست بینێرنەوە بۆ ئەودیو لە رێگەی ولەژێرەوە بەرەو مرانە ئەڕوات کە بە رێکەوت لە ناو رێگادا مەسئول پاسگای ئینتیزامی مرانە سوار ئەکاتو پاش کەمێک تراکتۆرەکەی خراپ ئەبێو کابرای ئەفسەریش لە یارمەتیدانیدا بە ئەسڵەحەکان ئەزانێ. کە ئەگەنە بەرۆ واتە مرانە ئەفسەرەکە بە فێڵو بە بیانووی گواستنەوەی تانکرەوە سەرکەوت ئەباتە ناو پاسگاو خۆیو تراکتۆرەکەی ئەپشکننو دەست ئەگرن بە سەر نامەکەی هیوادا کە تیایا نووسراوە ئەم چەکانە هی سپایەو هێزە نیزامیەکان رێگری نەکەن هەروەها بارەکەیش کە چەند کلاشینکۆفەو لە ژێری گەلابەی تراکتۆرەکەدا جێسازی کراوە. دەستبەجێ سەرکەوت ئەنێرن بۆ مەریوانو خێرانا بۆ سنە. دوای

لێکۆڵینەوە دەرئەکەوێ کە ئەوە چەندەمین جارە کە هیوا بەم شێوەیە چەک ئازوگوێز ئەکاتو ناوبراو بە یەکەمین کەسو سەرەتای بەرەبەرە گیرانو پێچانەوەی دەستوپێوەندەکانی هیوا تاب بە ئەژمار دێت.
لۆمپەن-جاش تایەر روون کوڕی مەجی شەریفبەگ برای سەرکەوت
لۆمپەن-جاش موسلیم رەشیدی ناسراو بە موسلیمی زاهیدە کەچەڵ خەڵکی دگاگا
لۆمپەن-جاش محەمەد تاژ ناسراو بە حەمە گەلە خەڵکی ولەژێر
لۆمپەن-جاش هیوا مەنوچیهری ناسراو بە هیوای عەبدولە چالە خەڵکی کارێز
لۆمپەن-جاش ماجید فەتاحی کوڕی وەستا مەجیدی دارتاش خەڵکی بالک
لۆمپەن-جاش حەمید خوشنەواز کوڕی مەجید داباشی ناسراو بە حەمید داباشی خەڵکی نێ
جاشی خانەنشین کەمال هوشەنگی کوڕی حەمەو بەگی دەرەوەران، برا گەورەی جاش پاسدار جمال هوشنگیو ژنبرای هیوا، ئەم خۆفرۆشە بە کەسی یەکەمی ئەو باندە ناسراوەو بۆ چەندین مانگ پاش گیرانی هیوا خۆی شاردەوەو لەم دواییانەدا گرتیان.

**لە سنە:**
سرتیپ پاسدار مجید مقیمیان خەڵکی کرماشان ناسراو بە حاجی مەجی فەرماندەی لەشکری ٢٢ی سپای ئوستان
جاش پاسدار ئەمین مالکی لە پادگانی ئیمام عەلی لە گرێزەی سنە
جاش پاسدار مزەفەری کە پێشتر لە بەرپرسانی سپای مەریوان بووە
لۆمپەن-جاش مەقسود زەمانی کوڕی میرزا ئاغای دایانە
لۆمپەن-جاش مەوجود زەمانی برای مەقسود
لۆمپەن-جاش ئیقباڵ زەمانی ناسراو بە بەرزان زاوای میرزا ئاغا
کەسێکی دیکەیش بە ناوی حەسەن زەمانی

## وێنەو بەڵگەنامە



ئەبوبەکر دیهوەند



حەمەی ئەلە



وریا محەمەدیان



ئەمین فەتاحی



کەمالی خولە خەیاڵ



مەلا حسەینی نێ



مەلا ئەسعەدی ولەژێر



حەسەنە خۆشێ



مەلا محەمەد جەوانڕودی



زیلان پەپوولە



چالاک جوانڕۆ




هەڵۆ

شوعەیب بارامی

جەمیل خەیات



هادی شیرزادی



سەعدی مەلا مسەفا



کەریم کۆنەپۆشی




ئەحمەد کەریمی



ئەنوەر ئەشکاوەند



تەیوبی خولە هەڵپەڕکێ



لەتیف راستی



مەلامحەمەد شێخولئیسلام



مەلا بورهان عالی

# امنیت ۱

مقوله امنیت چند سالی بود که در راس اخبار و نگرانی شدید مردم شریف مردم مریوان قرار گرفته بود که سرچشمه و منبع اصلی تمامی نا امنی های منطقه اعم از قتل، جنایت ،ترور ، تهدید و ارعاب و فساد از گروه خبیث هیوا تاب و اراذل اوباش معروف او نشأت می گرفت و این ملت صبور و انقلابی مریوان که شهدای زیادی را تقدیم کشور و رهبری کرده اند و ۸ سال زیر حملات شدید بمب و توپخانه دشمن بعث صبورانه پایداری کردند . متأسفانه با اقدامات ضدامنیتی و خلاف قانون و شرع گروه هیوا تاب که از سوی بیگانگان و ضد انقلابیون برای دور نمودن مردم از نظام و ایجاد جو بد بینی و بی اعتمادی مردم به نظام و سپاه هدایت می شدند روبرو بودند و این باند قصد داشت تمامی روزنه های امید به نظام و سپاه را در مردم بخشکاند که با درایت و هوشیاری و پیگیریهای طولانی و صادقانه سربازان گمنام و صادق و خستگی ناپذیر حفاظت اطلاعات سپاه و اداره اطلاعات سرکرده این باند دستگیرو دیگر عوامل فاسد او نیز تحت تعقیب سربازان گمنام حفاظت اطلاعات سپاه و اداره اطلاعات قرارگیرند تا به سزای اعمال خیانتکارانه خود برسند و دستگیری و برخورد با این باند که از سوی بیگانگان هدایت می شدند نشان اقتدار و شجاعت نیروهای مخلص حفاظت اطلاعات بود که در راستای اجرای امنیت کامل کشور و بخصوص امنیت مردم شریف مریوان بود و نیز به اثبات رسید مسئولیت امنیتی برای افراد بومی خطرناک و احتمال فریب آنان توسط ضد انقلاب زیاد است . در این اقدام مثبت واساسی ثابت شد که اگر هر فردی در هر پست و سمتی و از پشتیبانی برخی مسئولین و فرماندهانی که از روی نا آگاهی و عدم شناخت کافی از شگردهای دیکته شده ی و هدایت شده ای هم برخوردار باشد از چشمان تیز بین نیروهای حفاظت اطلاعات بدور نخواهد ماند و بدون ارفاق با شدت تمام با آنها برخورد خواهد شد . و البته این اقدام جواب دندان شکنی به گرهکهای ملحدی بود که باند هیوا تاب و افراد پلیدش را هدایت و از آنان برای رسیدن به مطامع شوم خود برای تبلیغ برعلیه سپاه و نظام مقدس جمهوری اسلامی در رأس اخبار و سیاستهای شوم خود نهایت سوء استفاده را می نمودند نیز بوده . و حال نیز عوامل ضد انقلاب مشغول شایعه پراکنی مبنی بر حمایت فرماندهان ارشد سپاه پاسداران از هیوا تاب و نیز بازگشت دوباره او به قدرت و انتقام گیری از افرادی که از دستگیری او حمایت کرده اند نموده اند که این یاوه گوییهای بی اساس بیش نیست و مردم باور دارند که مسئولان ارشد امنیتی فرماندهان مخلص سپاه فقط در فکر ایجاد آرامش و امنیت و حمایت از مردم نجیب منطقه هستند و اجازه نخواهند داد که فرد فاسد و خبیثی چون هیوا تاب و دیگر خیانتکاران وابسته به او از دستان قدرتمند قانون خلاص شوند .

سپاه پاسداران و اداره اطلاعات به عنوان مردمی ترین نهاد افتخار داشتند رضایت مردم و رضایت پروردگار و ایجاد امنیت را برای مردم منطقه تامین کنند و تلاش شبانه روزی این عزیزان برای

*Intelligence Service Of The East Of Kurdistan*

# Record of mercenary: Hiwa Tab

**Analaytical reading of:**

**Mafia band of intelligence organization of the Sepah of the Marivan**

**2010**